گزنگ ٩٦ — حوزەیران ٢٠١٢

# گزنگ

96 حوزەیران 2012

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک

**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

٠٧٧٠١٣٨٥٦٤٧

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

٠٧٧٠١٣٢٢٥٨٨

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق

ئیمەیلی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

**کەرکوک-رەحیماوا-فلکەی ئیخوان-بەرانبەر قوتابخانەی خانی**

**کوردستان / کەرکوک**

تێبینی:

– نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.

– هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت

# لەم ژمارەیەدا 96

**سەکۆی گزنگ:-**

قسەیەکی تر، **غەمگین بۆڵی**........ل٥

**زمانەوانی:-**

تێڕوانینێك بۆ پڕۆگرامی زمانی ئینگلیزی، **م. نەوزاد حسن قادر**........ل٩

**وتار و لێکۆڵینەوە:-**

پێشەکییەك دەربارەی ئیلیادە-ب/٢، **حەمەکەریم عارف**........ل١٥
ئاوێتەکردنی کات لە دەقی شیعرییدا...، **شێروان حوسێن خۆشناو**........ل٣١
دە خاڵ بۆ نووسینی چیرۆك لە ئاستی بڵاوبوونەوەدا، **و: بابەك سەحرانەوەرد**........ل٤٣
ئاوڕێك لە ئەدەبی منداڵانی کوردمان بدەنەوە، **ڕەزا شوان**........ل٤٧
کوردستان, لانکەی ئایینی میترایی و...، **عەزیز عوسمان**........ل٥٥

**وەرگێڕان:-**

خوێنەری (ناوەکی) لە تیوری وەرگرتندا، **و: عەلی شێخ عومەر**........ل٦٥
گوتار و کەلتوور، **و: د.ڕەحیم سورخی**........ل٦٩
بۆنی باران، **و: نەسیم**........ل٧٧

**چیرۆك:-**

حەوت کورتیلە چیرۆك، **حەمە سەعید زەنگنە**........ل٨٣
نەهامەتی، **موعتەسەم ساڵەیی**........ل٨٧
چەند دەنکە قەزوانێك، **سوارە نەجمەدین**........ل٩٣
کۆلارە و کەشتی، **عەبدوڵڵا سەڕاج**........ل٩٧
دەسەچیلە، **عومەری مەولودی**........ل١٠١
تاقیکردنەوەیەك، **سەڵاح شوان**........ل١٠٥
مردنێك بە دیار داهۆڵەکانەوە، **سیروان کەریم**........ل١١١
مەیخانەی سەگ، **و: ئەحمەد تاقانە**........ل١١٧
گەڕانەوەی لەقلەق، **و/ سالار ئیسماعیل سەمین**........ل١٢٣

**شیعر:-**

خۆرێك لە پاڵ شەوی یەڵدا، **چنوور نامیق**........ل١٢٧
من و خۆم، **حەمە کاکەڕەش**........ل١٢٩
هیچ، **هێمن عوسمان عەبدوڵڵا**........ل١٣٥
سێژوان، **د. وریا عومەر**........ل١٣٩
هەر تۆ..، **عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ**........ل١٤١
زەوی بەردەبێتەوە، **بێستوون مینە**........ل١٤٣
چەپکێ پۆرترێتە شیعر، **هاوژین صلیوە**........ل١٤٥
دەستێکی ساخ، **تەیب قادر**........ل١٤٩
بە پیریش تێر نابم لە عیشقت، **ئەحمەد عارف**........ل١٥٣
ئەی بۆنە هەمیشە تەنیاکە، **رووزار ئەحمەد**........ل١٥٥
زەنگ، **عوبێد ئەحمەد**........ل١٥٧
گاجووت و گاڕان، **و: مستەفا سەید مینە**........ل١٦١

**هونەر:-**

سیمفۆنیای حەوا لەجەستە سستەکانی "نەبەز جۆلا" دا..، **جومعە جەباری**........ل١٦٣
تەنگژەی شـانۆی کوردی، **کارزان عومەر**........ل١٦٩

**دیمانە:**

ئازەر نفیسی، **و: سەمیرە حسێن جاف**........ل١٧٣



قەهار شێخانی، **سەنا جەباری**........ل١٨١
کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **سابان ستار**........ل١٨٧



غەمگین بۆڵی

# قسەیەکی تر

(( تاریکی نەزان چاکترە، لە رووناکی درۆزن ))
رۆسۆ

مرۆڤ دەبێت لە تەواوی کایەکانی ژیانیدا هەڵوێستی هەبێت، مرۆڤی بێ هەڵوێست و ویژدان داتەپیو بۆچی باشە؟، ئەمە درێژ دەبێتەوە بۆ پرۆسەی نووسینیش. کاتێك نووسەرێك خاوەن هەڵوێست نییە نووسینەکانی هەمیشە جێگای سەرنجی خوێنەران نییە و نووسەرێکی بێبایەخیشە، نووسەری بێ هەڵوێست، نووسەرێکی مردووە، بۆیە بەشێك لەم نووسەرانە کاتێك بەناو ساڵەوە دەچن ( تەمەنیان هەڵدەکشێت) خاوەن دیدگای تایبەت بە خۆیان نابن، تەنانەت ئەم نووسەرانە نابنە خاوەن جیهانبینی تایبەت بە خۆیان، نووسەر دەبێت یاخی ببێت، ئاخر یاخیبوون مەرج نییە هەر لەلای کەسی چەوساوەوە بێت بەرامبەر بە کەسی زۆردار، دەشێت لەلای کەسێك دروست ببێت کە وەك بینەرە (تەماشاکار) سەیری ئەو چەوسانەوەیە دەکات، ئەوە جا لە ئەرکی مرۆڤدۆستی و نووسەربوون، لە







لایەنی ئیمانیشەوە دواجار هەر وەها دەکەوێتەوە، ئەوەتە لە ئاینی ئیسلام و لە ئینجیلیشدا ئاماژە بەوە کراوە، کە چیت بۆ خۆت پێ خۆشە، دەبێت وەهاش پێت خۆش بێت بۆ برای دینیت، بە پێچەوانەشەوە. پێویستە لێرەدا ئەوەش بزانرێت، کەوا چەمکی هەڵوێست لە چەمکی یاخیبوون جیا بکرێتەوە، چەمکی یاخیبوونیش لە چەمکی رقلێبوونەوە جیا بکرێنەوە .

نووسەری جواننووس و خودان جاویدانیبوون پێویستی بە هەرا و زەنای دەروێشەکانی دەورووبەری نییە، بەڵکو لەوپەڕی گۆشەگیرییەوە ئەوەی پێی شیاوی نووسینە، دەینووسێت. نووسەر بە یەك دوو پڕوپاگەندەی ڕۆژنامەگەریی، یانیش دوو نووسەری هاوڕێی بە تەمەنی لەدیمانەیەکدا ئاماژە بەناوەکەی بکەن نابێتە نووسەری جاویدانی، یاخود بەدەعوەتکردنی منەتباری بەنووسینێك لەبارەی دەقێکییەوە نابێتە دەنگێکی ڕاستەقینە، ئاخر نووسەری جواننووس گۆشەگیری بێدەنگی پێ شیاوترە، لە هەراو زەنای وەها. نامەوێت هیچ کەسێك ببێتە زوورنا ژەنم، خۆشم نازانم زووڕنا بژەنم، تەنانەت سەر بە هیچ حیزب و لایەن و گرووپ و فیکرەیەکی دیاریکراو نیمە، من سەر بە فیکری خۆمم، سەر بەلایەنی وشەم، هەر هێزی وشەشە بەردەوامیم پێدەدات و وزەی ئەم سەفەرەم زیاد دەکات، ئەگەر ئەدەب لە ڕۆحیەتی دەربڕاوی کۆمەڵگە لە دایك بووبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە وشەش هی ئادەمیزادە. ئیشی من ئەوەیە هەمیشە وشەم زیاتر خۆشتر بوێت، هەڵوێستم هەبێت تەنانەت لە نێوان وشەی گونجاو و وشەی نەگونجاو، لە پڕۆسەی نووسیندا وشە وزەی بەردەوامی زمانی نووسینە، تەواوی نووسینەکانی ئەدەبیاتیش بەرلەوەی لێپرسینەوە بێت، ئەخلاقە، من کارم بەو نووسەرانەوە نییە، کە باسی بێ ئەخلاقی مرۆیی و بەڕەڵایی پرۆسەی سێکسی دەکەن و دواجار ئەخلاق و سێکسییان پێ ناشیرینە، ئەوانە لای من جوانی خۆیان هەیە، قەد گەڕەکم نییە لەو ڕوانگەوە خوێنەر ڕاوبکەم، خوێنەر لای من ئەو بەشە تەواو نەکراوەی ناو نووسینە کە خۆم پێم تەواو نەبووەو نابێت، خوێنەر زۆر لەوە گەورەتر لە ڕێگەی نووسینەکانمەوە کاری بازرگانییان پێوە بکەم، کارم بەوە نییە کێ نووسینەکانم دەخوێنێتەوە؟ لێ هەمیشە حورمەتم بۆ ئەو خوێنەرە هەیە کە دەمخوێنێتەوە، ئەو نووسەرانەی کەوا بەم نووسینەمەوە

پەست بوونە و لەناخە بێ هەڵوێستەکانیانەوە ئەستووربوونە، پێم باشە لێرەوە دەست لە خوێندنەوەی ئەم نووسینەم هەڵبگرێت، بۆ ئەوە نانووسم هیچ کەسێك پەست بکەم، لە بیری هیچ کەسێکی دیاریکراویشدا نییمە، نووسین لە دیدی منەوە بۆ تاکە کەسێك نییە، بەڵکو لە تاکە کەسێکەوەیە بۆ تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە.

نووسەری بێ سێبەرو ڕەخنەگری جوانبین و ڕاستەقینە چۆك دانانێت لەبەردەم هیچ ڕژێم ودەسەلاتێکی سیاسیدا، تەنانەت لە کاتی بارگرژییە سیاسی و کولتووریەکانیشدا پێنووسەکەی ناخاتە پاڵ بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسی خۆیەوە، بەڵکو لەپەنجەرەی ڕای گشتییەوە سەیری هەلومەرجەکان دەکات بۆ ئەوەی بەو پەڕی ڕاستگۆیی و دوور لە سێبەرەکان بنووسێت، هەڵوێستەکانی دەخاتە پێش بەرژەوەندییە تایبەتمەندییەکانییەوە. لەناو بەرژەوەندی گشتی گەل، بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەبینێتەوە، لەپێناوی زیاتر خۆشگوزەرانی ژیانیدا ویژدانی خۆی لەسەر سەکۆی بەرژەوەندی هەراج ناکات، ئاخر نووسەر کە ویژدانی فرۆشت، بەرلە هەمووشت هەڵوێستی دەمرێت ،کە هەڵوێستیشی مرد مرۆڤبوونی خۆی لە بیر دەچێتەوە. بۆیە ئەرکی نووسەر بە تەنیا هەر بریتی نییە لە نووسین ! هەڵوێستیشە. هەڵوێستیش سەرچاوەکەی بریتییە لە جوانترکردنی ژیان، بەهەمان شێوە ئەرکی شاعیر تەنیا نووسینی شیعر نییە، شاعیر بۆ جوانتر کردنی ژیان و ئەو واقیعە تاڵ و ڕەشانەی کەوا لە دەوروبەریدا هەستیان پێدەکات دەنووسێت، کەوایە ناشێت شاعیر لە بەردەم کوژرانی مرۆڤێك بێدەنگ بێت و نەقەی نەیێت، بەشێك لە وانەی کەلەبارەی هەڵوێستی نووسەربوون و ئەرکی پرۆسەی نووسین دەدوێن، لە چەند گۆشەنیگای تایبەت و هەستپێکراو سەیری ئەم ڕەهەندە قووڵە دەکەن، ئاخر لە تەواوی هەڵوێستەکانیش هەڵوێستگەلی تر ئامادەگی هەیە، تەنانەت شێوازگەلی جیاوازیش لەبارەی هەڵوێست وەرگرتن ئامادەیی هەیە، ناشێت شاعیر سێبەر بێت، ئاخر شاعیر سێبەر نییە، شاعیر دەمامکی هیچ دەسەلاتێکی سیاسیی ناخانە سەر دەم وچاوی نووسینی، ئەوە ئەرکی ئەدیبە بە ڕەش بڵێت : ڕەش و بە سپیش بڵێت : سپی ، من بە گومانم لە تێکەڵبوونی ڕەش و سپی، گومانم هەیە لە ڕەنگەکان، زۆر بە گومانم ، ئاخر دەمامکەکانی ئەدیبان شێوازگەلی جیاوازییان هەیە، زۆربەیان لە







دەمامکەکانیان لەنووسیندا پۆشیوە، هەیانە لە ڕوخسارو هەڵسوکەوتی، هەیانە ڕەفتار و کردار، هەیانە لە قسەوگفتو گۆ، دەمامکەکان زۆرن، دەمامکەکان جیاوازن، دەمامکەکان ڕەنگا و ڕەنگن.

جان ئاپدایك لە دیمانەیەکدا ئاماژە بە هەقیقەتی نووسین دەدات و دەڵێت: (( نووسین جیهان بە شێوەیەکی هەقیقەتتر و ڕاستتر دەخاتە بەرچاوم ))، دەپرسم ئایا ئەرکی نووسەر نیشاندانی دیوە شاردراوەکان و ڕاستییەکان نییە بە خەڵك ؟ یاخود شاردنەوەی ڕاستییەکان و سەرلێشواندنی خەڵك؟ ئایا پرۆسەی نووسین بەرپرسیاریەتی و جوانبینی و هەڵوێستی لێ سندرێتەوە، چی تری تێدا دەمێنێتەوە ؟ ئەدیبی بێ دەمامك سەیری شەقامە خوێناوییەکان و ئەو گەمە سیاسییانە ناکات، بەڵکو بۆی دەڕوات و بەشدار دەبێت، ئازادی لەدایك نابێت، ئازادی شتێکی خۆڕسك نییە، ئازادی دەبێت بۆی بچی و هەوڵی جددی و ڕاستەقینەی بۆ بدرێت، کارەساتە هەر کۆمەڵگەیەك چاوەڕێی ئازادی بکات، ئەدیب دەبێت هەوڵی ڕاستە ڕێکردنی ئاراستەکانی ئازادی بدات.

# تێڕوانینێک بۆ پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی قۆناغی بنەڕەتی

م. نەوزاد حسن قادر×

## بەشی یەکەم

ئەو پڕۆگرامەی کە وەزارەتی پەروەردەی حوکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا پەیڕەوی کردووە بریتییە لە پڕۆگرامی Sunrise ) ( ئەوەش دەورێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە لە بەکارهێنان و فێربوون و پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی لە گشت قۆناغەکان دا . ئەو پڕۆگرامە گشت تواناکانی فێربوونی زمان دەگرێتە خۆی و زانیاریەکان بەشێوەی دەنگی و ڕەنگی بە فێرخوازان دەگەیەنێت چونکە بایەخ بەبەکارهێنانی زمان دەدات لەڕێگەی هەموو تواناکانەوە نەك تەنها لەڕێگەی خوێندنەوە و نوسینەوە . پێم وایە کە یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە بووەتە هۆی باشی ئەو پڕۆگرامە بریتییە لەوەی کە پشتی بە ڕێبازی پەیوەندی کردن ( Communicative ) بەستووە . لەڕوانگەی داینامیکی پەیوەندی کردنەوە ، ئەو ڕێبازە بەشێکی زۆری پێداویستی فێرخوازانی زمانی بیانی جێبەجێ کردووە و وەکو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فێربوونی زمانیش سەیر دەکرێت . لەئەنجامی هاتنە ئارای ئەو ڕێبازەوە, شێوازی وانە وتنەوەی زمانیش پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە چونکە ئەو ڕێبازە جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمان دەکاتەوە نەك پێدانی زانیاری لەبارەی زمانەوە ، وە هەروەها







بەهۆی ئاڵوگۆر کردنی زانیاری لەنێوانیاندا, پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان فێرخوازاندا دروست دەبێت .

ئەو ڕێبازە لە سەرەتادا لە وڵاتی کەنەدا بەکارهات, بەڵام ئێستا لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بەکار دێت. دەرئەنجامەکانی ئەو ڕێبازە ئەوە نیشان دەدەن کە فێرخوازان بەباشی زمان پاراو دەبن لە زمانی دووەمدا ئەوەش بەهۆی بەکارهێنانی کرداری زمانەکەوەیە . هەرچەندە بەگشتی ئەو ڕێبازە بایەخ بە توانای زانستی خوێندکاران نادات , بەڵام یاریدەدەرێکی باشە بۆ ئەوەی فێرخوازان بەشدار بوویەکی سەرەکی چالاکیەکانی ناوژوری پۆل بن و لەئەنجامیشدا زمانێکی پاراو فێردەبن .

بەشێوەیەکی گشتی ڕێبازی پەیوەندی کردن وایکردووە کە ئەو پڕۆگرامە ئارەزوو مەند بێت و سەرنجی مامۆستا و فێرخوازان ڕابکێشێت. هەرچەندە ئەو پڕۆگرامە (ٍ ( Sunrise ١ هەندێ گرفتی فێرکاریی تێدا بەرچاو دەکەوێت و ئەوەش کاریگەری لەسەر پڕۆسەکە دروست کردووە . نەخشەی گشتی دابەشبوونی بابەتەکانی ئەو پڕۆگرامە نیشانی دەدات کەوا لە هەژدە بەش پێکهاتووە , هە بەشێکیش لە سێ وانە پێکهاتووە , وەلەکۆتایی هەر سێ بەشێکدا بابەتێکی پێداچوونەوە ) Revision ( هەیە بۆ پێداچونەوەی ئەو بابەتانەی کە لە ماوەی ئەو سێ بەشەدا خوێندراون , وە هەموو پڕۆگرامەکەش بە گشتی شەش پێداچونەوە لە خۆ دەگرێت . ئەگەر سەیری ( Sunrise ١ ) ی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی بکەین , دەبینین کە وا گشت پیتەکانی زمانی ئینگلیزی لە خۆ گرتووە , بەڵام بەشێوەیەکی گونجاو و بەیەکسانی بەسەر بەشەکانی ئەو پڕۆگرامەدا دابەش نەکراون . لە سەرەتای خوێندنی زمانی بیانیدا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان پێویستە فێرخوازەکە بەئەو پیتانە ئاشنا بێت کەلە زمانەکەدا بەرچاو دەکەون چونکە ئەوانە بناغەی ئاشنا بونن بە یەکەکانی ئەلف و بێی زمان . پێویستە ئەلف و بێی گشت زمانێکیش ئاسان بکرێت بۆ ئەوەی فێرخوازان بە ئاسانی فێری بن و حەزیان لە بەکارهێنانی بێت . دابەشنەکردنی پیتەکان بەسەر بەشەکاندا بەڕێك و پێکی لەوەدایە کە لەماوەی خوێندنی بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمی

ئەو پرۆگرامەدا کە دەکاتە نزیکەی نۆ وانە ( Lesson )و پێداچونەوەیەك ( Revision)فێرخوازەکە تەنها , پیتێکی زمانی ئینگلیزی بەر چاو ناکەوێت . بەڵکو لەبری پێشکەش کردنی پیتەکان , فێرخوازەکە هەندێك بابەتی تر دەبینێت وەکو ( Saying hello , simple classroom language , and simple instruction ) . ئەو وشانەش کە لە ماوەی خوێندنی ئەو بابەتانەدا فێری دەبێت بریتیین لە ( hello , play , look , sing , clap , listen , come here , stand up , sit down ) . سەرنجدانی وردی ئەو وشانە دەریدەخات کەوا هەمویان لە ئەنجامی ڕێکخستنێکی فۆنۆلۆجی ئەو دەنگانە هاتونەتە ئارا کە شێوە نوسراوەکانیان بە پیت دەردەبڕدرێت. لێرەدا فێرخوازان پرسیارێکیان لە بیردا گەڵاڵە دەبێت ئەویش ئەوەیە کە بۆچی لە ماوەی خوێندنی سێ بەشی ئەو پرۆگرامەدا هیچ پیتێکی زمانی ئینگلیزیان نەخوێندووە . من پێموایە ئەگەر لە هەریەك لەو سێ بەشەدا تەنها پیتێك خوێندرابایە و زووتر پیتەکان خرابایە بەر دەستیان , ئەوا زیاتر ئاشنای ئەو پیتانە دەبوون , جگە لەوەش فێرخوازان ناچار نەدەکران لە بری یەك پیت , دوو یان سێ پیت لە بەشێکدا بخوێنن .

لە بەشی چوارەمی ( ١ Sunrise) دا , فێرخوازانی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی بۆ یەکەم جار یەکەمین پیتی زمانی ئینگلیزیان بەر چاو دەکەوێت . ئەو پیتانە بە شێوەیەکی جوان و سەرنجراکێش وێنە کراون و بە نموونەوە بۆ فێرخوازانی ئەو قۆناغە ڕوون کراونەتەوە . بۆ نموونە, کاتێك باسی پیتی (a) ی دەکرێت , وشەی ( apple ) وەك نموونە بۆ فێرخوازان هێنراوەتەوە , وێنەی سێوێکی سووری گەورەش کراوە چونکە فێرخوازان بە وێنەوە باشتر لە مانای وشەکە تێدەگەن . لەبەشی چوارەمەوە تاکو بەشی نۆیەم خوێندنی پیتەکان بەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە کە لەو شەش بەشەدا تەنها شەش پیت واتا (a ... f) خراونەتە ڕوو . بەڵام لە بەشی دەیەم و یازدەیەمدا ئەو دابەشکردنە گۆرانکاری لە ناکاوی بەسەردا دێت و لە هەریەکە لەو دوو بەشەدا دوو پیت بۆ فێخوازان دەخرێتە ڕوو واتا لە بەشی دەیەمدا , g) (hو لە بەشی یازدەیەمدا (i , j) دەخوێنرێت . لە لایەکی ترەوە , لە







بەشی دوانزەیەمدا , ئەو دابەشکردنە دووبارە گۆڕانکاری بەسەردا دێتەوە و ژمارەی پیتەکان زیاد دەکات و دەبێتە سێ پیت لە یەك بەشدا واتە (k , l , m) ,لە بەشی سیانزەیەم و چواردەیەمدا دابەشکردنی پیتەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێتەوە و ژمارەی پیتەکان لە هەر بەشێکدا دەبێتە دوو پیت , واتە لە بەشی سیانزەیەمدا (n , o) و لە بەشی چواردەیەمدا ( p , q ) دەخوێندرێت . لە بەشی پانزەیەمدا ئەو برە بۆ چەندەمین جار گۆرانکاری بەسەردا دێت و دەبێتە سێ پیت واتە . ( r , s , t ) جارێکی تر ئەو دابەش کردنە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کەم دەبێتەوە , هەر بەشێك دوو پیت لە خۆی دەگرێت , واتە فێرخواز لە هەریەکە لە بەشی شانزەیەم و حەڤدەیەم و هەژدەیەم دوو پیت دەخوێنێت . ئەگەر هەر کەسێك , جگە لە فێرخوازان , سەیری ئەو دابەشکردنە ناڕێکەی پیتەکانی زمانی ئینگلیزی بکات , بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێت کەوا ئەوە دابەشکردنێکی نا ئاسایی و تێکەڵی پیتەکانە , ئەو شێوازە نا هاوسەگەی خوێندنی پیتەکان جۆرێك لە یاریکردن بە پیتەکانی دەخاتە ڕوو . هەر گۆڕانێکی کتوپڕ لە شێوازی بابەتێك بۆ بابەتێکی تر گۆڕانێك لە سەرنج و بیری فێرخوازەکەدا دەهێنێتە ئارا . لەبەر ئەوە پێموایە ئەگەر لە سەرەتادا پیتەکان بەشێوەیەکی گونجاو و هاوسەنگ بەسەر بەشەکان و وانەکان دابەش کرابان , ئەوا ئەو هەموو گۆڕانکاریانە ودابەشبوونە نایەکسانیە لە ڕێکخستنی پیتەکاندا نەدەبوو.

لە ڕوانگەی خستنە ڕووی نموونەکان و بەکارهێنانی هەندێك وشەوە , ئەو پرۆگرامە ( ١ Sunrise) زۆر وشەی بە وێنە جوان و ڕەنگاوڕەنگەوە ڕوون کردووەتەوە و مانا کردووە , ئەوەش جیهانێکی باشی فێرکاری لای فێرخوازان دروست دەکات . لە پێناو ئاسانکاری زیاتری فێربوون , کاتێك ناوی باڵندەیەك , ئاژەڵێك یان ئامێرێك هاتبێت , ئەوا لە زۆربەی بەشەکاندا وێنەیەکی ڕەنگینی ئەو باڵندەیە , ئاژەڵە یان ئامێرەی کردووە کە ناوی هاتووە . زۆربەی ئەو وشانەی کەوەك نموونە بەکار هاتوون , وشەی سادەو ساکارن و بۆ فێربوون گونجاون , فێرخوازانی ئەو قۆناغەش توانای دەربڕینی ئەو وشانەی هەیە . بەڵام هەندێك لەو وشانە لە بڕگەیەك زیاترن , واتە دوو یان سێ بڕگەن, ئەو وشانە

توانایەکی زیاتریان دەوێت بۆ درکاندنیان . لە ڕاستیدا منداڵ دوای لەدایك بوون بە قۆناغەکانی زمان گرتندا تێدەپەڕێت , دەگاتە قۆناغێك کە پێی دەڵێن (Holophrastic stage).لەو قۆناغەدا منداڵ تەنها توانای ئەوەی هەیە هەر دەستەواژەیەك بە یەك ووشە دەرببڕێت , ئەو ووشانەش کە دەری دەبڕێت سادەن و بەزۆری لەیەك بڕگە پێك هاتوون . لەو پڕۆگرامەشدا ( sunrise ١ )بەهەمان شێوە کاتێك فێرخوازانی دەسپێکی قۆناغی بنەڕەتی زمانی بیانی دەخوێنن , پێویستە ئەو ووشانەیان بخەینە بەر دەست کە سادەن و فێرخوازەکان توانای درکاندنیان هەیە . لێرەدا, فێرخوازان هەندێك ووشە دەخوێنن کە تا ڕاددەیەك درکاندنیان قورسە . بۆ نموونە, ووشەی , ice-cream ( umbrella , yogurt )وەکو نموونە بۆ ئەو پیتانە هێنراونەتەوە ( i , u , y ) .ئەگەر بە وردی سەنجی ئەو ووشانە بدەین, دەبینین کە هەریەکەیان لە دوو یان سێ بڕگە پێك هاتووە . دەکرا لە جیاتی ئەو ووشانە, ووشەی تر وەك نموونە بۆ ئەو پیتانە بەکار بهێنرێت کە ساناتر بێت و فێرخوازەکە توانای درکاندنی بە ئاسانی هەبێت.

لە ڕووی چۆنیەتی بابەتەکانەوە, ئەو پڕۆگرامە ( sunrise ١ ) کۆمەڵێ بابەتی بە پێزی لە خۆ گرتووە, وەکو ( سڵاو کردن , خواحافیزی کردن , پرسیار کردن , خۆناساندن , پیرۆزبایی لێ کردن , .... هتد ) . بە گشتی ئەو بابەتانە هانی فێرخوازان دەدەن کە بەشداری لە وانەکەدا بکەن, ئەو مەشق و چالاکیە جۆراو جۆرانەی کە لەخۆی گرتووە لایەنی فێرکاری زمان بەهێز دەکەن . بەڵام دووبارە بوونەوەی هەندێ بابەت لەو پڕۆگرامە دا بەرچاو دەکەوێت , ئەوەش وا لە فێرخوازان دەکات لە بەشێکی تازەدا هەست بە بابەتێکی تازە نەکەن . گوزەرێك بەناو بابەتەکاندا ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە , کاتێك سەرنجی بەشی یەکەمی ( sunrise ١ ) بدەین , دەبینین کە لە ژێر ناونیشانی ( saying hello)دایە , لەبەشەکانی تردا بابەتێکی ترمان بەر چاو دەکەوێت کە هەمان ناونیشان لە خۆی دەگرێت . لەیەکێك لەوانەکانی بەشی شەشەمدا بابەتێك دەخوێنرێت بە ناونیشانی ( and good bye saying hello ) . بەراورد کردنی ئەو دوو بەبەتە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو بابەتەی لە بەشی یەکەمدا دەخوێنرێت لە بەشی شەشەمدا دووبارە دەبێتەوە , تەنها بابەتێکی تری بۆ زیاد کراوە. لەلایەکی ترەوە, فێرخوازان لە بەشی چوارەمدا بابەتێك دەخوێنن ناونیشانی , (Saying thank you) لە کاتێك دا ئەو فێرخوازانە هەمان بابەت دەخوێنن لە یەکێك لە وانەکانی بەشی یانزەیەمدا بە ناونیشانی (Saying thank you) . ئەگەر وا دابنێین, بابەتی بەشی یەکەم ڕاستەوخۆ لە بابەتی بەشی شەشەم ناچێت, چونکە بەشی شەشەم بابەتێکی تری بۆ زیادکراوە, ئەوا ناتوانین بڵێین بابەتی بەشی چوارەم و بەشی یازدەیەم لێك ناچن چونکە پەیوەندیەکی راستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە و هەردوو بابەتەکان هانی فێرخوازان دەدەن کە هەستی سوپاس گوزاریی دەربڕن کاتێك کەسێك شتێکیان پێشکەش بکات یان کارێکیان بۆ ئەنجام بدات. هەروەك لەپێشدا باسکرا, لە بەشی شەشەمدا فێرخوازان بابەتێك دەخوێنن بە ناونیشانی ( and goodbye Saying hello ),ئەو بابەتە لە بەشی هەژدەیەم دا کە دواین بەشی پڕۆگرامەکەیە دووبارەدەبێتەوە. کاتێك فێرخوازان ئەو بابەتە لە بەشی شەشەمدا دەخوێنن, ئەوا فێری خوداحافیزی کردن دەبن, وا باشە لە بەشێکی تردا بابەتێکی تازە بخوێنن. پێم وایە بەشی هەژدەیەم کە دوا بەشی پڕۆگرامەکەیە شیاو ترە بۆ خوێندنی ئەو بابەتە چونکە دەکرێت فێرخوازان بە خوێندنی بابەتی (goodbye)کۆتایی بە ئەو پڕۆگرامە بهێنن. ئەگەر لەبری ئەو بابەتە هاوشێوانە و دووبارەکراوانە بابەتی تری لەخۆگرتبایە, ئەوا پڕۆگرامەکە دەوڵەدەندتردەبوو و فێرخوازانیش زیاتر لێی سوودمەنددەبوون .

سەرچاوەکان


١-Cook, Guy. (٢٠٠٣) Applied Linguistics. Oxford: Oxford University Press.

٢-Falk, Julia S. (١٩٨٧) Linguistics and Language. New York: John Wiley.

٣-Fromkin,V., Rodman, R. and Hyams, N. (٢٠٠٣) An Introduction to language. (٧th ed) Boston: Thomson and Heinle.



**مامۆستای بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلیجی پەروەردە - زانکۆی ڕا پەڕین**



حەمە کەریم عارف

# پێشەکییەک دەربارەی ئیلیادە

## بەشی دووەم

(٧)

جگــە لــە بەشــەر، بەشــێکی تــەواوی قارەمانــانی هــۆمیرۆس خواوەنــدانن، لــێ مامەڵــەی هــۆمیرۆس لەگــەڵ ئــەم تاقمــە قارەمانەدا جیاوازەو بە رواڵەت ناکۆکییــەك لەم بوارەدا بــەدی دەکرێت. رەنگــە ئەمــە بگەڕێتــــەوە بـــۆ سروشـــتی هەڵوێـــستی گریکــەکان لەمــەڕ خواوەنــدەکانیان. هــەر هــەموو خوداوەنــدە گریکیــەکان شــێوەو جەوهــەری ناســوتییان هەیــە، رەفتــارو هــەڵس و کــەوتیان وەکــو رەفتــاری بەشــەرانە، جیاوازیەکــەیان ئەوەیــە کــە خواوەندان نە پیر دەبن و نە دەمرن، هێزو دەســەڵاتیان لــە بەشــەران زۆر زیــاترە, و (هــۆمیرۆس)ش جــەختی تــەواوی لەســەر ئەمــە کردوەتــەوە.. خواوەنــدان هێــزو دەسەڵاتێکی نا ئاساییان هەیــە، دوورن لــە هەڕەشــەی پــیری و مــردن، خــۆش رادەبوێرن، مشت و مڕیــان دەکەوێتــە نــاو، هەموویان یەك ماڵبات پێك دێنن و بارەگای







ســەرەکیان ئۆلیمبۆســە. هەمیــشە کێشەو گەنگەشەیان لە نێوان دایــە، تەنانــەت زۆر جــار زیوســی گــەورەو ســەروەریان بەزەحمــەت دەتــوانێ کۆنترۆڵیــان بکــات و جڵــەویان بگــرێ. بــۆ نموونــە کــاتێ زیــوس ئەمری پێکردن خۆ لە شەڕی بەینی گریك و تــەروادەییان هــەڵ نــەقورتێنن، هــیرا دەســەڵاتی مێوینــەیی خــۆی دەخاتەگــەڕ، لەگــەڵیا دەخــەوێ و شــەرابی دەداتــێ، مەست دەبێ، هەر لە بیری نــامێنێ لەســەر زەوی شەڕ هەیە... خواوەنــدەکان هەنــدێ جــار لــە هــەموو شــتەکان ئاگــادار نــین، هەنــدێکیان ئاگــاداری وردەکــاری شــەڕی تەروادەو لەشــکری گریــك نــین، بــۆ نموونــە کــاتێ پەڵــە هــەورێکی زێــڕین لــە خواونــد ئــاریس دەئــاڵێ، نــازانێ (ســکالافوس)ی کوڕی لە شەڕگەدا کوژراوە، ئەمە بۆ خــۆی لایەنێکــە لــە لایەنــەکانی لێکــچوونی خواوەنــدان و بەشــەران. کــاتێ خواوەنــدان بەشــەریانە رەفتــار دەکــەن و لایەنــە بەشــەرییەکەی تەبیعــەتیان دەردەکــەوێ هەموو ســەنگ و ویقــارێکی خواوەندانــە لــە دەســت دەدەن و زۆر کۆمیدیانــە دێنــە بەرچاو... بۆ نموونە ئەو رێگەیەی هیرا بــۆ خەڵەتاندنی زیــوس بــەکاری هێنــاو شــەڕی تــەروادەی لــە بــیر بــردەوە بــە راســتی کۆمیدیانەیــەو مایــەی پێکەنینــە... یــان بەشداری خواوەنــدان لــە شــەڕدا... وێــرای نیعمــەتی پــیر نــەبوون و نــەمریان، هەنــدێ جــار رەفتــارو هەڵوێــستیان زۆر لــە هــی بەشــەر بــچووکترە. کــاتێ دیومیــدوس ئاریسی خواوەندی جەنگ لە شەڕا بریــندار دەکات، خواوەندی شەڕ لە تاو ئازار هــاوار دەکات، یان کاتێ ئەفرۆ دێت هەنــدێك جــار هەست بە نــا ئومێدی دەکــات لــە هــۆڕژنی گریــان دەداو پــەنا بــو (دیــونی) دایکــی دەبات، یان لــە یــەکێك دەگــەڕێ دڵخۆشــی بداتەوە، جا رەنگە ئــەم لایەنــە کۆمیدیــەی رەفتــاری خواوەنــدان بگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو ئــەمن و ئەمانــە رەهایــەی هەیانــە، بــۆ دووریــان لــە پــیری و مــردن... بــۆ نموونــە بەشــداری خواوەنــدان لــە شــەڕدا ناکاتــە سەرکێــشی و ریسك، چــونکە پێــشوەختە دەزانن نامرن، با شەڕەکە زۆر ئەســتەمیش بێ، بۆیە لــە هــیچ شتێکدا پەلــەیان نییــە، چونکە بێ خەمن... هەر چەندە هۆمیرۆس بــە رواڵــەت گاڵتــە بــە خواوەنــدانی گریکــی دەکات، بەڵام خواوەندان پایەو دەســەڵاتی خۆیــان هەیــەو ئاکــام و ئــەنجامی هــەموو شــتێك بەنــدە بــە ویــست و ئــارەزووی ئەوانــەوە... هەنــدێ لــە شــارەزایان ئــەم دیاردەیە وەها لێك دەدەنەوە کــە ئیلیــادە و ئۆدیسە بەو حاڵەیانــەوە لــە ســەردەمێکا پەیــدا بــوون کــە گریکــەکان وردە وردە

نۆرێنیان بۆ خواوەندان گۆڕاوە و ویستویانە بایەخ بە کارو بارو ڕەفتارو چارەنووسی بەشەران بدەن. لە ئیلیادەدا خواوەندان ڕاستەوخۆ دەست دەخەنە کاروباری بەشەران... بۆ نموونە لە جەنگی تەروادەدا ئەتیناو هیرا دژی تەروادەییەکان دەوەستن، کەچی ئەفرۆدێت تەرفداریان لێدەکات، هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پاریس خەڵاتی جوانیی، دا بە ئەفرۆدێت و جوتە خواوەندەکەی تری لێ بێبەش کرد.

سەیر دەکەی ئەم سێ خواوەندە، ئەتینا، هیراو ئەفرۆدێت وەکو هەر مێوینەیەکی بەشەری ڕەفتار دەکەن،ئەمەش بە گوێرەی تێگەیشتنی گریکەکان لە قارەمانێتی، دەچێتە خانەی قارەمانێتی زاتییەوە... هەر لەو پێودانگەوە خواوەند ئەرتەمیس، نیوبی دەکوژێت هەر لەبەر ئەوەی بەمناڵەکانیەوە دەنازێ... خواوەند پۆسیدون، ئودیسیوس دەچەوسێنێتەوە چونکە ئۆدیسیوس کوڕەکەی ئەوی کوشتوە... هەروەها دەبینین خواوەندەکان ڕێزو حورمەتی ئەو بەشەرانە زیاتر دەگرن کە بە سرووتی تایبەتی قوربانیان پێشکەش دەکەن و نەزریان بۆ دەکەن... لەم حاڵەتەدا خواوەندان خۆیان بە قەرزاربارى ئەو کەسانە دەزانن و لە تەنگانەدا فریایان دەکەون... بۆ نموونەن کاتێ (خروسیس)ی کاهین دەیەوێ، کیژەکەی، کە ئاگامەمنون بەدیلی بردویەتی، وەریگرێتەوە، پەناوەبەر ئەپۆلۆ دەبات و لێی دەپاڕێتەوەو بیری دەخاتەوە کە چۆن نەزرو قوربانی بۆ کردووە، ئەپۆلۆش غەزەب لە گریکەکان دەگرێ و پەتا لە نێو لەشکرەکەیان بڵاودەکاتەوە. لە ئیلیادەدا تووشی دەیمەنی دیکەی لەو بابەتە دەبینەوە... بە هەر حاڵ هۆمیرۆس هەمیشە بیری لە بەشەر کردۆتەوە، لە گەرمەی مامەڵەی خۆیدا لەگەڵ گروپی خواوەندان، بەشەری هەر لەبیر بووە.

هۆمیرۆس لە نزیکی کۆتایی ئیلیادەدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەڵگیرسانی جەنگی تەروادە لە سۆنگەی ئارەزووە سێکسییەکانی پاریسەوە بوو، ئەوەبوو لە کاتی داوەری لە نێوان هەر سێ یەزدانخانمی نێو براودا، تەماحی جوانی و دڵڕفێنی هیلین، کە ئەفرۆدێت خستیە بەری، گرتی و، داوەرییەکەی بەلای ئەفرۆدێتدا داشکاند.. ئەوە بوو تەروادە لە ئاکامی ئەو هەڵوێستەوە، تووشی شکست و وێرانی بوو.

هەر چەندە خواوەندەکانی هۆمیرۆس یەجگار بە دەسەلاتن، هەر چییەکیان بوێ دەیکەن، دەست لە هەموو کاروبارێکی







بەشەر وەردەدەن، بەڵام وێڕای ئەوەش، هەندێ جار بەشەر، لە ڕێگەی توانا بەشەرییەکانی خۆیەوە، چارەنووسی خۆی دیاری دەکات، بەشەر لەلای هۆمیرۆس کار بۆ شکۆ و سەربەرزی خۆی دەکات و خواوندانیش هەندێ جار ڕێی لێناگرن، بەڵام چ خواوەندان و چ بەشەران بەگوێرەی بەڕەی خۆ پێ ڕادەکێشن. قارەمانی ڕاستەقینە کەسێکە نەچێتە ئاقاری خواوو بەگژا خواوەنداندا نەچێتەوەو هەوڵەدات لە سنووری تەبیعەتی بەشەریانەی خۆی دەربچێت و تەبیعەتی خواوەندانە وەربگرێت.. ئەرکی قارەمانەکانی هۆمیرۆس لە ژیاندا ئەوەیە کە ئەوپەڕی سوود لە بەهرەو توانا بەشەرییەکانی خۆیان وەربگرن... جا وەکو چۆن خواوەندان ڕێگەی تایبەتی خۆ دەگرن و مومارەسەی خوایەتی خۆیان دەکەن، بەشەریش لەسەریانە ڕێچکەو ڕێبازێك بۆ خۆ بدۆزنەوە کە لەگەڵ بنەماو توانا بەشەرییەکانی خۆیاندا بگونجێ جا چونکە تەمەنی بەشەر زۆر کورتە، دەبێ لە خەمی ئەوەدا بێ کاری گەورەی تیائەنجام بدات. ناوێکی زندوو یان نیمچە زیندوو پەیدا بکات و بەجێ بێڵێ، هەر بۆیە دەبینین هیکتۆر و سارپیدۆن داوا لە هێزەکانیان دەکەن ئەوپەڕی توانای خۆ لە شەڕدا بەکار بێنن و گوێ بە مردن نەدەن، و ئازایەتی و بوێری و ورە بەرزی خۆیان بسەلمێنن... قارەمانی هۆمیرۆسی هەمیشە لە مردنەوە نزیکە، بەڵام ئەمە ژیانیان لەبەر چاو ناخات، و بە جۆرێ دەچنە شەڕەوەو بەشداری شەڕ دەکەن لە تۆ وایە هەتا هەتایە دەژین... بەڵکو بە پێچەوانەوە بیرۆکەی مردن، هێندە قارەمان سەر سەخت و درو درندە دەکات تا بەزووترین کات بگاتە ئاواتەکانی، ئەمە لە ڕوانگەی هۆمیرۆسەوە جیاوازی جەوهەری نێوان خواوەندان و بەشەرانە، هەڵبەتە بە گوێرەی ئیلیادە و ئۆدیسە. خواوەندان سەرسەخت و سەختگیر و دڵڕەقن بەڵام بیر لە مردن ناکەنەوە، بەشەران هەمان خەسڵەت وسیفەتیان هەیە بەڵام هەمیشە بیر لە مردن دەکەنەوە.. بەڵام وێڕای ئەمەش بەشەر لەکن هۆمیرۆس باوەڕیان بەدنیای پاش مردن نیە، لە دوای مردن بەشەر تارماییەکی کز ولاوازی بێ ژیان و گیانە. واتە مردن لە خودی خۆیدا تەواو دەبێ، پردی پەڕینەوە بۆ جیهانێکی جیاتر و باشتر نیە.. چونکە ژیانی بەشەر کورتە، قۆناغێك نیە کە بیگەیە نێتە ژیانێکی چاکتر، جا سیحری ژیانی بەشەر لە مەدایە، بۆ یە لە سەرێتی، هیچ دەمێکی ژیانی خۆی بەفیرۆ نەدات و لە ڕێگەی کارو

کردەوەکانیەوە ناوبانگ و شۆرەت و سەرفرازی و شکۆو نەمری بە دەست بێنێ و هەرگیز بە زەبوونی وملکەچی و سەرشۆڕی قاییل نەبێ، و مردنی سەربەرزانەی پێ باشتر بێ لە ژیانی سەر شۆڕی. قارەمانی راستە قینە ئەوەیە روویەرووی مەترسیان بێتەوە و لە ڕای سەربەرزی خۆیدا، ژیانی لا هەرزان بێ و لە مردن نەترسێت.. جا بە شەڕی ناوئیلیادە و ئۆدێسە لە سەرێتی قارەمانانە بژی، قارەمانانە بمرێ، ئەگەر وا نەکات بە قارەمانی راستەقینە نا ژمێردرێت، جا بەم پێودانگە خواوەندان، نەك هەر قارەمان نین، بەڵکو هەرگیزیش نابن بە قارەمان، وەکو چۆن قارەمانانیش هەرگیز ناتوانن رۆژێ لە رۆژان ببنە خواوەندان، ئا ئەمەیە پەیوەندی و جیایی نێوان قارەمانان و خواوەندان لە ئیلیادە و ئۆدیسەدا.

(٨)

هۆمیرۆس، لە هەردوو داستانەکەیدا، لایەنی چاکەو خراپەی جەنگی بەرجەستە کردووە، ئەو لەزەتە روحی و ئۆخژنە دەروونیەی سەرکەوتن لە شەڕا بە بەشەری دەبەخشێت، هونەرمەندانە لە پاڵ هەموو مەینەتی و خەم و کارەساتەکانی شەڕدا وێنەگیراوەو بەرجەستە کراوە، ئەمە زۆر بە زەقی لە وێنەگرتنی هاوسەرەکەی هیکتۆر و ئەندامانی ماڵباتەکەیدا دەردەکەوێت، ئەگەرچی ئەمانە ناتوانن ببن بە شەریکی شکۆو سەرکەوتنەکانی، بەڵام سەلامەتی و مانی خۆیان بە سەلامەتی و مانی ئەوەوە بە ستووە، ئەندرۆماکی ژنی سوور دەزانێ هیکتۆر دەکوژرێ، هیکتۆر باسی ئەمەی لەگەڵدا ناکات چونکە هەردوکیان بە دڵنیاییەوە ئەمە بەسەرچاوەی کڵۆڵی و نەگبەتی مناڵە ساواکەیان دەزانن... هەر چەندە هۆمیرۆس بەر لە رووخان و وێران بوونی تەروادە کۆتایی بە ئیلیادە دێنێ، بەڵام بیرۆکەی روخانی تەروادە و ئاکامە خراپەکانی ئەو رووخانە، وەکو تاپۆیەك، لە سەرانسەری پاژەکانی ئیلیادەدا، بەسەر سەری تەروادەییەکانەوە لە باڵەفرەدایە... لە ئیلیادەدا تەروادە تاقە شار نییە کە بەسەر پاشاکەیدا وێران دەکرێت، بەڵکو پێشتریش، تیبەی زاگەی (ئەندروماك)ش بە دەستی ئەخیل وێران دەکرێ و بابی ئەندروماك و هەر حەوت براکەی دەکوژرێن. هەروەها (پریسیس)ش بە چاوی خۆی کوژرانی مێردەکەی وسیان لە براکانی بە یەك رۆژ، دەبینێ..جا هۆمیرۆس لەم بارەیەوە هونەرمەندانە ئەوەی نیشان داوە کە گەورەترین شکۆو سەربەرزی، لەسەر حسابی نەگبەتی و






ماڵوێرانی خەڵك و خەڵکانی دی دەبێت. ئەوەتا هۆمیرۆس لە ئاخرو ئۆخری ئیلیادەدا، جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکات و بەزمانی (ئەخیل)ەوە دەڵێت دوو گۆزە لە مەڵبەندی (ئولیمبۆس) دا هەیە، یەکێکیان خێری تیایە و ئەویتریان شەڕ، زیوس بەخۆی قرێر دەدات چۆن دابەشی دەکات، کێ خێری بەردەکەوێت و کێ شەڕ! جا باشترین بەش ئەو بەشەیە کە تێکەڵەیەك بێ لە هەردوو گۆزەکە، کە ئەمە زۆر بەکەمی روو دەدات. و ژیانی بەشەر بەزۆری هەر شەڕو شومییە، ئەگەر چی دەوری خۆیشی تێدایە.

راستە هۆمیرۆس لە ئیلیادە و ئۆدیسەدا بایەخی زۆری بە شەڕو دژمنایەتی و کوشتار داوە، لێ ئاشتی و دۆستایەتی و خۆشەویستیشی فەرامۆش نەکردووە... چونکە دنیای هۆمیرۆس، بەر لە هەر شتێك جیهانێکی بەشەرییە، بەشەریش تێکەڵەیەکە لە بوغزو کینەو ڤیان و خۆشەویستی و شەڕ و ئاشتی... رەنگە گەشترین نموونەی دۆستایەتی، دۆستایەتی نێوان ئەخیل و پاترۆکلۆس بێ، کاتێ پاترۆکلۆس دەکوژرێ، ئەخیل یەجگار خەمین و خەمبار دەبێت، بەڵام هەر بە خەمبارییەوە ناوەستێ، بەڵکو زۆر شێتانە تۆڵەی هاورێکەی دەکاتەوە، هەر بەوەش داناسەکنێ کە بکوژی هاورێکەی بکوژێتەوە، بەڵکو هەر کاتێ خەم دایدەگرێ و هاورێکەی بیر دەکەوێتەوە، جەنازەی بکوژەکەی دەخاتە دوای عەرەبانەکەی و بە عاردی دا رایدەکێشێت و بە دەوری قەبرەکەی (پاترۆکلۆس)دا دەیگێڕێ. بە هەر حاڵ ئەوەش چاری خەمی دڵی ناکات، و تەنیا مەرگ فریای دەکەوێت و لە خەمی رەها دەکات و دەحەوێتەوە.

هەروەها هۆمیرۆس، بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ ئاماژە بۆ بنەماکانی دۆستایەتی نێوان دوو کەس دەکات. سەبارەت بە ئەخیل و پاترۆکلۆس دەبینین هەموو هیوا ئاوات و خۆزیاکانیان چوون یەکە، داخوازییەکانیان لە ژیاندا وەکو یەکە. لە یەکدی حاڵی دەبن، متمانەی تەواویان بە یەکترە. ئامادەن لە پێناوی یەکدیدا خۆ بەخت بکەن. ئەوەتا پاترۆکلۆس خۆی لە پێناوی ناوبانگی ئەخیلدا بەخت دەکات. چونکە دووره پەرێزی ئەخیل لە شەڕ دەبێتە مایەی شکستی سوپای گریك، بەڵام ئەو دووره پەرێزییە، جۆرە نارەزاییەك بوو دژی ئەو سوکایەتییەی ئاگامەمنون بە ئەخیلی کردبوو. بۆیە بەشداری پاترۆکلۆس لە شەڕدا، بە چەکی ئەخیل و بە جەنگاوەرانی ئەخیل، سوپای

گریکەکانی کرپییەوەو هەستاندەوە لەلایەکەوەو گیانی ناڕەزایەتی (ئەخیل)یشی رازی کرد... دیارە پەیوەندی نێوان کلاوکوس و سار پیدون)ش لە بەرەی تەروادەییەکاندا نموونەیەکی دیکەی دۆستایەتییە...

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر کەسێك ئەرکی دۆستایەتی ئەنجام نەدات ناشێت بە قارەمانی راستەقینە بزانرێ.. دیارە هۆمیرۆس لە مەسەلەی دۆستایەتیو ڤیاندا، خۆشەویستی نێوان و پیاو و ژنیشی فەرامۆش نەکردوە، ئەو خۆشەتویستییە لە روانگەی هۆمیرۆسەوە دوو جۆرە، خۆشەویستیەکی نا بەجێ و سەرڤەسەرڤەی رەوتەنی. کە لە هەلومەرجێکی ناڕەواو نا شەریفدا چێدەبێت، خۆشەویستییەکی خاڵیسە و پەسند و حەلاڵ و زولاڵی زادەی ڤیان و دڵسۆزی نێوان ژن و مێرد... خۆشەویستی بازاڕی و رەوتەنی، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ماشوق و لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، نموونەی ئەمەش، خۆشەویستی پاریس و هیلینە... هەر چەندە هۆمیرۆس نەهاتووە هیلین وەکو ژنێکی خەتاکارو سووك و بازاڕی نیشان بدات، بەلام وای لێکردووە بۆ بەختی رەشی خۆی دەگری و پەشیمانە لەو ژیانەی کەتێی کەوتووە.

هەروەها(پاریس)ش لە ئیلیادەدا ئەو خۆشەویستە نیە، بەڵکو زۆر جار لە لایەن هیکتۆری برایەوە سەر کۆنە دەکرێت و بەوە تاوانباری دەکات کە دەورێکی پیاوانە لە شەڕەکەدا نابینێ. نموونەی خۆشەویستی پاك و بێگەرد، خۆشەویستی نێوان هیکتۆرو ئەندروماکە.. هەردووکیان تا رادەی پەرستن یەکتریان خۆشدەوێ و رێزو حورمەتی یەکدی دەگرن..

هۆمیرۆس هاتووە لە سروودی شەشەمدا، چەند وشەیەکی کەمی خستۆتە سەرزاری ئەندروماك و رادەی خۆشەویستی و دڵسۆزی ئەندروماکی بۆ هیکتۆر نیشانداوە کە دەڵێت: ئەی هیکتۆر تۆ بۆ من هەموو شتێکی، بابی میهرەبان، دایکی جوان، برای دڵسۆز، و مێردی ئازاو سەنگینی... هیکتۆریش هەر چەندە لە پێناوی تەروادەو خەڵکی تەروادەدا دەخەبتێ، بەلام هەندێ جار ئەوەش دەردەبڕێ کە ئەندروماك بە تەنێ هاوتای هەموو تەروادە و خەڵکی تەروادەیە بۆ ئەو...

بەو جۆرە دەبینین لە دنیای ئیلیادەو ئۆدیسەدا شان بەشانی شەڕو دوژمنایەتی و کوشتار، دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڤیانیش هەیە. خۆشەویستی رەگەزو تۆخمێکی هەرە سەرەکییە لە ژیانی مرۆڤدا... رەفتاری نەرم و نیان دەکات، بارى مەینەتیەکانی لەسەر شان سووك دەکات. لە توندو تیژی دوور دەخاتەوەو پتر بەلای بونیادنانی ژیاندا دەڕوات تا وێرانکردنی. چونکە تەنیا خۆشەویستی ژیان لە دڵی بەشەردا شیرین دەکات.

(٩)

خوێنەر لەم داستانە نەمرەدا تووشی شێوازێك دەبێت رەنگە جیاواز بێ لە هەموو ئەو شێوازە ئەدەبیانەی لە کارێن ئەدەبی دیکەدا تووشی بووە، لە شێوازی ئیلیادەدا دووبارە کردنەوەیەکی زۆر، دەربڕین و دەستەواژەی ناساز، هزرینی سادەو سەرەتایی، هەڵبەتە پڕ بە پێستی ئەقڵیەتی باوی سەردەمی هۆمیرۆس بەدی دەکرێت، هزرێن و ئەقڵیەتێك کە حەقیقەت و خورافات، واقیع و خەیاڵ ئاوێتە دەکات، خواوەند لە شێوەی بەشەردا وێنە دەگرێت ، خواوەندان زەماوەند لەگەڵ بەشەران دەکەن، بەشەران یەزدانخانمان دەخوازن، قارەمانانی داستانەکە هەندێکیان منالی بەشەری و هەندێکیان منالی ئاسمانی و خواییان لێدەکەوێتەوە !...

هەندێ نموونەی ئەم دەستەواژە سەیرو ناسازانە کە لە زۆربەی لاپەڕەکانی ئیلیادەدا دووبارە دەبێتەوە، دەستەواژەی (ئەخیلی لەزگین، یان گورج و خۆشڕۆ، ئەپۆلۆی دوور ئەنگێوە، گریکانی سەراپا چەکدار، هیرای باسك سپی، ئاخیانی چەك برونزین.. زیوسی هەورەوان، پۆسیدونی زەوی هەژێن... هتد)

ئیلیادە، بۆ ماوەی نزیکەی پێنج سەدە، داستانێکی زارەکی بووەو شایەران بەگیتارو گۆرانیەوە گوتویانەتەوەو دەماو دەم هاتووەو لەوەیشومەی رۆژگار پارێزراوە، تا لە سەدەی پێنجەمی پ.ز (پێش زایین) بیزیستراتوس لیژنەیەکی تایبەتی بۆ تۆمار کردنی پێك هێناو لیژنەی ناوبراو دوای گەڕان و پشکنێکی ورد، بە ئەمانەتێکی زۆرەوە تۆماری کردو لە ئاهەنگێکی نیشتمانی گەورەدا، بە دەنگ و ئاوازەوە خوێنرایەوەو ئیدی بوو بەم ئیلیادەیەی کە ئەمڕۆکە بە هەموو زمانە زندووەکانی جیهان هەیەو تا رۆژگاری ئەمڕۆ دەخوێنرێتەوەو ئیلهامبەخشی دەیان و سەدان شاکاری ئەدەبی جیهانیە.

گوتمان قارەمانان و کاراکتەرانی ئیلیادە، تێکەڵەیەکە لە بەشەرو خواوەندان. لە بەشەرەکان: پاریس و هیکتۆر، کوڕانی شای تەروادە... مینیلاوسی دوژمنیان، شای سپارتە، ئاگامەمنونی برای مینیلاوس، کە سەرداری سوپاکەی بوو...

لە خوداوەندەکانیش: زیوس، سەردارو گەورەی خواوەندان، ئەتینا، کیژی

زیوس.. ئەوجا ئەخیل، دیارترین قارەمانی سوپای ئاگامەمنون، و هیلین، هاوسەری شای سپارتە، کە شەڕی تەڕوادە لەسەر ئەو هەڵگیرسا... جا ئێستا و بەر لەوەی بکەوینە خوێندەوەی دەقەکەی هۆمیرۆس با بەسەر چڵی گەشتێکی بلەز بە جیهانی ئەفسانەیی ئەو قارەمانانەدا بکەین و بەسەر کێشییەکانی ئەوان چ لە واری ڤیان و خۆشەویستی و چ لە واری شەڕو کاولکاریدا، ئاشنا ببین.

پوسیدون، خواوەندی دەریا، پەرییەکی دەبێت بە ناوی (تیتیس)، (زیوس)ی سەردارو گەورەی خواوەندان دەیبینێ و دڵبەندی دەبێت.. لێ لە قەدەرو غەیبەوە ئەوە دەزانێ کە ئەم پەرییە کوڕێکی دەبێت زۆر لە بابی خۆی گەورەتر دەبێت.. ئیدی زیوس لەترسی پایەو شوێنەکەی خۆی ناوێرێ توخنی تیتیس بکەوێ!... ئیدی بڕیار دەدات دەستبەرداری بێ و نایخاتە ریزی ماشوقەکانی خۆیەوە... بەڵکو دەیدات بە پاشای شارێکی دراوسێ.. بەڵام شایی و زەماوەندێکی یەجگار گەورە و بەرەونەقی بۆ ساز دەدا، زیوس بە خۆیشی بەشداری ئاهەنگی زەماوەندەکە دەکات، هیرای ژنیشی دەگەڵ خۆدا دەبات، هیرا خواوندی کاری خێرییە (ژن و ژنخوازی)... خواوەندانی دیکەی (ئۆلەمپ)ش بەشداری دەکەن... خواوەندی دەریا، بابی بوکێ، بە ئانقەست یەزدانخانمی فیتنە و دووبەرەکی بۆ زەماوەندی کیژەکەی دەعوەت ناکات، بەڵام ئەو نێرەنگبازە خۆی دەگەیەنێتە زەماوەندەکە، بەڵام لە هەرەمەی ئاهەنگەکەدا، سێوێکی زێڕ هەڵدەداتە ناوەندی ئاهەنگ گێڕان، کە لە سەری نووسراوە: ئەمە دیارییە بۆ جوانترین مێوینەی ناو ئەم زەماوەندە!..

سێ کەس لەسەر سێوەکە لێیان دەبێ بە کێشە: هیرا، خواوەندی کاری خێرێ، ئەتینای کیژی، خواوەندی هۆشمەندی و ژیری، ئەوجا ئەفرۆدێت،خواوەندی ڤیان و خۆشەویستی. هەر یەکێك لەوانە خۆی بە شایستەتر دەزانێ و پێی وایە دەبێ سێوەکە بۆ ئەو بێ!... هەر یەکێك لە یەزدانخانمەکان دەکەونە بەرەیەك و موریدانی خۆیان لێ خڕ دەبێتەوە، زۆری نامێنێ شایی ببێ بەشین و مەیدانی شەڕێ! ئەوە بوو ئامادە بووان پێشنیازیان کرد ئەم شەرعە ببرێتە دەف شوانکارەیەکی قۆزو جوان، ناوی پاریسە، لەو نزیکانە و لەبناری چیای ئیدادا خەریکی لەوەڕاندنی پەزەکانیەتی.

ڕاستە پاریس بە شوانکارەیی دەژیا وشوان بوو، بەڵام کوڕی گەورەترین شاو





شابانۆی ئەو دەورو زەمانە بوو، کوڕی پریام و هیکۆبای شاو شابانۆی تەڕوادە بوو!.. کاتی خۆی کە منداڵ دەبێ، فاڵچییەك پێشبینی ئەوە دەکات کە دەبێتە مایەی وێرانی وڵاتەکەی، ئیدی داك و بابی، لێدەبڕێن لە پێناوی تەڕوادەدا پێ لە جگەرگۆشەکەیان بنەن، لە قەد پاڵی چیای لیموتدا فڕێی دەدەن... بەڵام تەگبیر لەگەڵ تەقدیرا تێك ناکاتەوەو شوانکارەیەکی هەژاری بێنەوا دەیدۆزێتەوەو هەڵیدەگرێتەوە دەیکات بە کوڕی خۆی و بەخێوی دەکات!... پاریس گەورە دەبێ، هێندە قۆزو جوان دەبێ، هەر هەموو پەریانی دەریاو ئافرەتانی شوان، دڵبەندی دەبن.. بەڵام پاریس حەز لە پەرییەك دەکات بە نێوی (ئوینون)، هەردووکیان زۆر بە خۆشی لە بناری چیای ئیدادا ڕادەبوێرن...

ڕۆژێك هەر سێ یەزدانخانم، کە لەسەر سێوەکە کێشەیان بوو، دێنە لای، سێوەکەی دەخەنە بەردەست و داوای لێدەکەن بە عەدالەت شەرعیان بکات و سێوەکە بدات بەو کەسەی شایستەیەتی... ئەوجا یەزدانخانمەکان بێ هیچ شەرم و شکۆیەك کەوتنە هەوڵی ئەوەی تەماحی بخەنە بەرو هەر کەسەو بەلای خۆیدا ڕایکێشێت تا سێوەکە بدات بەو، ئەوە بوو هیرا بەڵێنی دایە کە دەسەڵات و دەوڵەمەندی دەداتێ.. ئەتینا بەڵێنی شۆرەت و ناوبانگی جەنگی دایە... لێ ئەفرۆدێت بەڵێنی دایە کە جوانترین ژنی سەر ڕووی زەوی بکات بە هاوسەری... ئەوە بوو تەماحی ژن گرتی و سێوە زێڕینەکەی (سێوی جوانی)دا بە خواوەندی ڤیانو ئاشقێنی.

لەو سەرو بەندو ڕۆژگارەدا شای سپارتە ژنێکی دەبێ بەناوی (لیدا)، زیوس، سەردارو گەورەی خواوندان تەماحی تێدەکات، ئیلاقەی دەکات،کیژو کوڕێکی ئاسمانی لێدەخاتەوە، کچ و کوڕێکی بەشەریشی لە مێردەکەی خۆی دەبێت... وختێ ئەم چوارە گەورە بوون کیژە بەشەریەکە شوو بە ئاگامەمنون ، پاشای (مسینا) دەکات و دەبێتە مایەی کارەساتێن گەورە بۆ مێردەکەی.. بەڵام کیژە ئاسمانیەکە (خواییەکە) کە(هیلین)ی ناو دەبێت، مینیلاوس، برای ئاگامەمنون دەیخوازێت، و لە هەمان کاتدا دەبێ بە میراتگری عەرشی سپارتە، واتە لە یەك کاتدا هەم دەبێ بە خودانی دەسەڵات و هەم ژنی جوان!

ئیدی پاشای سپارتە کە پیاوێکی پیری دنیادیدە دەبێت، هەست دەکات کە مێردی هیلین، کە جوانترین ژنی سەر ڕووی زەمین

دەبێت، بەهۆی ئەو هەموو جوانییەی ژنەکەیەوە، حەسوودی پێدەبرێت و تووشی گێچەڵ و کێشە دەبێت... بۆیە بەر لەوەی هیلین بدات بەشوو، هەر هەموو ئاشقانی هیلین کۆ دەکاتەوەو پێشنیاز دەکات، کە هەر هەموویان سوێندی گەورە بخۆن و لە قسەی ئەم دەرنەچن، سوێند بخۆن کە ئەگەر هیلین بە نسیبی هەر کەسێکیان بوو، ئەوانی دی بە هیچ جۆرێ شەڕی پێ نەفرۆشن، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەگەر ئاشقێکی حەسودیش رفاندی و هەڵیگرت ئەوا هەمووان بەگوێرەی ئەم سوێندە بچنە هیمدادی و ژنەکەی بۆ وەربگرنەوە!.. وەکو دیارە هەر ئەمەش مایەی هەڵگیرسانی شەڕی تەروادە بوو!.

ئەوە بوو هیلین شووی بە مینیلاوس کرد، کە بوو بە پاشای سپارتە، ئەم ژن ومێردە ساڵانێکیان بە خۆشی رابوارد... رۆژێك مىرێکی گەنج لە میرانی تەروادە دەبێ بە میوانیان... تومەز ئەم میرە (پارس)ە کەی لەمەڕ خۆمان دەبێ، ئەوەی کە سێوەکەی (سێوی جوانی) دابوو بە ئەفرۆدێت، کە بەڵێنی جوانترین ژنی سەر رووی زەمینی دابویە.. ئافرۆدێت، بۆ وەی قسەی خۆی بەرێتە سەر، پێی دەڵێ کە بگەڕێتەوە بۆ کۆشکەکەی بابی لە تەروادە و خۆی پێ بناسێنێ و چەند کەشتییەکی لێوەرگرێ تاسەفەری دەریایی بەرەو یۆنان بکات، کە هیلینی جوانترین ژنی سەر رووی زەوی لەوێندەر نیشتەجێیە..بۆ نەگبەتی، ئەو ژنە جوانەی کە ئافرۆدیت بەڵێنی دابوو، بە مێرد بوو!.. بەڵام خۆ یەزدانخانمێك ناچێت بۆ تەگەرەیەکی ئەوها بچووك خۆی بە درۆ بخاتەوە!.. ئیدی بەو جۆرە میری تۆلاز، پاریس، بە هاندانی خواوەندی ڤیان و ئاشقێنی، لە دەرفەتێکدا کە مینیلاوس لە کۆش و سەراکەی نابێ، حیزفرسەتانە ژنەکەی هیلین بۆ تەروادە دەڕفێنێ‌و رەدووی دەخات!.

هەڵبەتە ئەمە خیانەتێکی نا مەردانە بوو، چونکە خانەخوێیەکەی زۆر بە گەرمی میوانداریيەکی شایستەو بەشکۆی کردبوو، زۆری حورمەت و رێزگرتبوو!.. کاتێ لە سەفەرەکەی دەگەڕێتەوە، بە هەواڵی هەڵاتنی ژنەکەی دەزانێ، خێرا تەتەران بەرێدەکات بۆ لای هەموو کۆنە ئاشقان و خوازبێنیکەرانی هیلین و سوێندەکانیان بیردەخاتەوە کە چۆن دەبێ لەم حاڵەتەدا بەهانایەوە بێن و بەرگری لێبکەن!.. هەموو بەلەز لێی خڕبوونەوە... دەم سپی و ردێن سپی و شیرەتکارانی خێڵ‌و عێلان کۆکرانەوە، تا راو تەگبیری خۆیان لەمەڕ ئاکام و ئاقیبەتی ئەم شەڕە دەربڕن کە





لەو کێشەیە دەکەوێتەوە... ئیدی هەموو بەیەك دەنگ بڕیار دەدەن کە ئاگامەمنون، مێردی خوشکی هیلین، و برای مێردی هیلین، واتە مینیلاوس بکرێ بە سەرداریان، لەو شەڕەدا کە لە رێیانە... بەڵام یەکێك لە ئامادەبووان، کە (ئودیسیوس)ی بەردەبارو ئاقڵ، پاشای هەرێمێکی دراوسێیان دەبێ، پێشنیاز دەکات، کە (ئەخیل)ی قارەمان و نەبەزیش لە بیر نەکرێ‌و بهێنرێتە ریزەوە، ئەخیل کوڕی ئەو پەرییە بوو کە پێشتر باسی زەماوەندەکەیمان کرد.. ئەخیل ئەو کەسە بوو، کە بەپێی قەدەر و چارەنووس لەبابی گەورەتر دەبوو!.. جا ئەخیل لە زۆر ئەفسانانداا ناوی هاتووەو رەنگە گەورەترین کاراکتەری چیرۆکانی خەیاڵی بێ. بەپێی ئەفسانان، کاتێ قەدەر لە زەماوەندی داك و بابیدا ئامادە دەبێت، پێشبینی ئەوەیان بۆ دەکات کە کوڕێکیان دەبێت شەڕی تەروادە دەکات، کوڕانی تەروادەیی بە زەبری رم و شیری ئەو دەکوژرێن، وەکو گەڵای دار لەبەر هێرش و پەلاماری ئەودا هەڵدەوەرن!.. حەسارو قەڵای شاری تەروادە لەبەر هێرشی ئەودا خۆ ناگرن و شار دەگیرێت، بەڵام لە ئەنجامدا لە بن حەسارو دیوارەکانی تەروادەدا دەکوژرێت و گیانی لە دەست دەدات.

ئەم پێشبینییە لە هزرو بیری پەری خانم، تازە بووکدا، (تیتیس) هەر مایەوە. کە ئەخیلی بوو، لە خەمی ئەوەدا بوو چۆن جگەر گۆشەکەی لە قەدەران بپارێزێ و نەمری بۆ مسۆگەر بکات.. کە هەفتەی چوو، بردی بۆ روباری پیرۆزی (ستیکس)، تا لە ئاوی رووباری هەڵکێشێ، چونکە هەر بەدەنێك لەو ئاوەی بەربکەوێ ئیدی نەمر دەبێت و بۆ هەتا هەتایە لە مەرگ دەخەلەسێت!.. لەوێ، لە پشتەوە هەردوو پێی منداڵەکەی گرت و لە ئاوەکەی هەڵکێشا... ئیدی بەدەنی مەناعەی دژی هەر جۆرە فەوتانێك پەیدا کرد... تەنیا پاژنەی پێی نەبێ کە بە دەستی دایکییەوە بوو، و ئاوی رووبارەکە تەڕی نەکرد، واتە ئەگەر مەرگ زەفەری لێ بێنێ، تەنیا لە پاژنەی پێیەوە لێی دێنێ.

کاتێ منداڵە، پارچەڵە بوو، لەسەر دەستی یەکێك لە زەبەلاحەکان مەشقی شەڕو کوشتار دەکاتو مۆخی بە قوەترین شیری درندەی دەرخوارد دەدرێت!.. بەڵام دایکی هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەبێت و هەر چاوەڕوانی هەڵگیرسانی شەڕی تەروادە دەکات، کە رۆژێ لە رۆژان دەقەومێ و سەری کوڕەکەی، ئەخیل دەخوات!.. لە ئەنجامی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە، جلی

ژنانەی لەبەر دەکات و بەگەڵ کارەکەران و کەنیزەکانی دەرباری پاشایەتی دەخات!.. بەڵام ئەم فێڵە بەسەر شا (ئۆدیسیوس)ی بەردەبارو زەین تیژدا تێ ناپەڕێ.. ئەویش خۆی دەکات بە چەرچی و شتەکانی، لە بازنگ و مووچەوانە و گوارە، کە خەنجەرو شمشێرێکیانیش بە فێڵ بەگەڵ دەخات، دەخاتە بەر دەستی کارەکەرو کەنیزەکان... بەڵام ئەخیلی لاو، کە خۆی گۆڕیوەو جلی ژنانی لەبەرە، هەر کە چاوی بەخەنجەرو شمشێرەکە دەکەوێ، رەفتارێکی وەها دەکات، ئەوە دەردەخات کە شارەزای هونەرێن جەنگیە! بەو جۆرە کەشف دەبێ، ئۆدیسیوس لەگەڵ خۆیدا دەیبات تا بەشداری شەڕی تەروادە بکات، تا هیلین، شابانۆی ئەسپارتە وەربگرنەوەو تۆڵە لەوانە بکەنەوە کە رفاندوویانە!.

بەو جۆرە سوپای گریک بەرابەرایەتی ئاگامەمنون سازو تەیار بوو، بە دەریادا بەرەو کەنارێن ئاسیای بچووك — کە شاری تەروادە کەوتووەتە ئەوێندەرەوە— وەرێ بکەوێ و شەوکەتی شاری تەروادە بشکێنێ... بەڵام لەو دەمەدا کە ئەمان دەیانەوێ بکەونە رێ، دەیکات بە گێژەلۆکەو باهۆزێکی ئەوتۆ نەتوانن لەجێی خۆ بجولێن.. گێژەلۆکەو باهۆز هەر نەبڕایەوە، ئیدی ناچار بوون بچنە دەڤ غەیبزان و پێشگۆیان تا تەگبیرێکیان بۆ بکات و رێنوێنیان بکات کە چ بکەن تا خواوەندان رازی بکەن و ئەم غەزەبەیان لەسەر لابچێ!.. کابرای لێزان پێیان رادەگەیەنێ کەهیچ چارێکیان نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کیژە گەورەکەی ئاگامەمنون لەسەر سەکۆی قوربانی، لە پێناوی نیشتماندا بکەنە قوربانی! ئەمە حوکمی قەدەرەو لە ئەرزی نادرێ، بۆیە بابی کڵۆڵ ناچار دەنێرێ بە شوێن ژنەکەیدا کە لەگەڵ کیژەکەیدا بێت بۆ ئەنجوومەنی راوێژکاری، بەبێ ئەوەی پێی بڵێ بۆچی بێت!..

کچ و دایك هاتن... کیژێ دەزگیرانی قارەمانی گەنج، ئەخیل بوو، کاتێ بە فتوای لێزانەکەی زانی بوو، بێهودە هەوڵی دابوو دەزگیرانەکەی لەو چارەنووسە دڵتەزێنە رزگار بکات.. بەڵام خەڵکەکە لێی هاتنە دەم و نزیکترین دۆستانی خۆی بە خیانەتی نیشتمانی تاوانباریان کرد!.. خەریك بوو شەڕێکی دژواریان لە نێواندا بقەومێ.. لێ کیژە فریاکەوت و کێشەکەی یەکلاکردەوەو هاواری لە دایکی کرد: ((دایکە، من بیرم لە کارەکە کردوەتەوە، بڕیاری خۆم داوە، بە دڵ و بەگیان، بە خوایشتی خۆم بەرەو پیری مەرگ دەچم، هەموو ترسێکم لە دڵی خۆدا سڕیوەتەوە!





ترسم لە دڵی خۆدا نەهێشتووەتەوە... خواوەندان ژیانی منیان گەرەکە.. داوای خواوەندان رەت دەکرێتەوە؟!... کەواتە ژیانی من با فیدای نیشتمانەکەم بێ... هەرنەپێش بەرەو گرتنی تەروادە... بەو جۆرە کیژی ئاگامەمنون بەرەو پیری مەرگ دەچێت... ئیدی رەوت و ئاراستەی گێژەلۆکە و باهۆزەکە دەگۆڕێت، هەزار کەشتی، بەسەر نشینانی گریکییەوە، بەناو ئاوی رەشباوی بادە ئاساوە، بەرەو شەڕی تەروادە دەکەونە رێو جەنگە بەناوبانگەکەی تەروادە دەست پێدەکات!.

(١٠)

یەکێك لە لایەنە هەرە جوانو هونەرییەکانی ئیلیادە، بێلایەنی مامەڵەی شاعیرە دەگەڵ بابەتەکەیدا.. بەسەرهەڵدانی ئیلیادە، رەگەزی بێلایەنی نۆڕینی شاعیر بۆ مرۆڤ و ژیانی بەشەر، بە تەواوەتی و بۆ هەمیشە وەکو بنەمایەکی هونەری چەسپی... هەر شیعرێك ئەو رەگەزەی (بێلایەنی شاعیر) تیا نەبێت، لەشیعرییەت دەکەوێتو دەبێ بە ئامرازێکی سواو بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستێکی میناکی: بانگەشە، سەرگەرمی، یان فێرکاری... بەڵام ئەگەر ئەو رەگەزەی تیابێ. توانایەکی وەها پەیدا دەکات کە سنووری رۆژگاران ببڕێ و بگاتە هەموو شوێن و کاتێك و بە زمانی هونەر سەر لەبەری تیرەی بەشەر بدوێنێ و ئۆخژن بە ناخ و روحی ببەخشێت وەکو چۆن ئەمە لە ئیلیادەو ئۆدیسەدا خۆیایە.

بە هەر حاڵ ئیلیادە، لە زمانی ئەسڵی خۆیدا، بە شیعر هۆنراوەتەوە، شیعریش بوونەوەرو ئافەریدەیەکی هونەری گەلەك تایبەتەو رەنگە خەڵکانێکی پسپۆڕو شارەزای واری شیعر هەبن پێیان وابێ کە وەرگێڕانی شیعر، بە شیعر مەحاڵ بێ، یان ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، یەجگار سەخت و ئەستەمە و کوڕم گەرەکە کە زات بکات و خۆی لە قەرەی بدات، جا لە وەرگێڕانی شیعردا، وەرگێڕ چەند زە بەردەست و تەنانەت شاعیریش بێ، وەرگێڕانەکەی چوون دەقە ئەسڵیەکە دەرناچێت، وەکو چۆن جمکانەیەك چەندیش لێکدی بچن، هەر فەرقێکیان هەیە، ئەسڵی دەقیش لەگەڵ وەرگێڕانەکەیدا ئاوایە.

هەڵبەتە ئیلیادە بۆ سەر زۆربەی زمانە زندووەکانی دنیا وەرگێردراوەو تا ئێستاش بەردەوامە، ئەدیب و نووسەرانێکی زۆری گێتی خۆیان تیا تاقیکردۆتەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری وەرگێڕانەکان بە پەخشانە نەك شیعر. رەنگە هۆیەکەی

بگەڕێتەوە بۆ ئەو باری سەرنجەی لەسەرێ را ئاماژەمان بۆ کرد... بە هەرحاڵ وەرگێرانی باشی ئەم جووتە داستانە زۆرن، بەلاَم هیچ وەرگێرانێك کامڵ و لە کەم و کوری بەدەر نییە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا شکۆو جادووی ئیلیادە هەر دیارە.

هەڵبەتە پێتڤیە ئەوەش بگوترێ هۆمێرۆس ئەم شیعرانەی بۆیە هۆنیوەتەوە، بە دەنگو ئاواز و مۆسیقاوە بگێڕدرێتەوە، بۆیە هەندێ دەستەواژەو رستەو پەرەگرافان، بەزەقی و لە زۆر شوێنی جووتە داستانی ئیلیادەو ئۆدیسەدا بەدی دەکرێن، هەروەها هەندێ بۆشایی و دژبێژیش لێرەو لەوێ بەدی دەکرێن، کە هەر هەمووی زادەو بەرەنجامی ئەو واقیعی زارەکیەتەی داستانەکانە، رەنگە خوێنەری تازە ئەوانە بە عەیب و خەوشێك بزانێ کە لە پایەی ئیلیادەو ئۆدیسە کەم بکەنەوە. بەلاَم دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە بەپێوەری ئەمڕۆکە، دەقی شاکارێکی ئەدەبی، بەر لە نزیکەی سی سەدە، نایەتە هەڵسەنگاندن.. بەهەرحاڵ ئیلیادە و ئۆدیسە تا رۆژگاری ئەمڕۆش ئەفسونی خۆیان لەدەست نەداوەو خوێنەرێکی یەجگار فرەیان هەس، ئیلهامبەخشی زۆربەی شاکارە تازەکان و ئەدیبە گەورەکانی جیهانە و سیحری ئەم جووتە داستانە لەوەدایە راستەوخۆ مامەڵە لە تەك تیرەی بەشەرو تەبع و تەبیعەتی بەشەردا دەکەن، بەشەریش لە هەر سەردەم و شوێنێکدا هەر بە شەرە.

جا خوێنەری هێژا، ئەم پێشەکییە هەر چییەك و هەر چۆنێك بێ، ئەلتەرناتیڤی دەقەکە نییە، ناتوانێ هەمان سوودو لەزەتی خوێندنەوەی راستەوخۆی دەقەکەت بداتێ، بۆیە لەوەی پتر لەسەری ناڕۆم، و لە لەزەتی خوێندنەوەی دەقی ئەم داستانە ئەدەبییە نەمرە مەحرومت ناکەم، کە لە ساڵی نۆیەمی گەمارۆی تەرواده لەلایەن ئارگۆسیەکانەوە (گریکەکان) دەست پێدەکات.

تێبینی:

***بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:***


١– هومر، چسپرگریفین، ترجمە: عبدالله کوپری، چاپ اول: ١٣٧٦، مامۆستای ئەدیب جەلال زەنگابادی ئەم سەرچاوەیەی دامێ سوپاسی دەکەم.

٢– هۆمیرۆس، شاعر الالیاد والاودیسا، بقلم الدکتور







عبدالمعطي شعراوی، الهیئە المصریه العامه للتالیف والنشر، ١٩٧١.

٣– ئەلیادە و ئۆدیسە، و: شاکیر فەتاح، بەغدا، ١٩٨٣.

٤– فرهنگ اساطیر یونان و رم، ژوئل اسمیت ترجمە: شهلا برادەران خسروشاهی، ١٣٨٣.

٥– اساطیر یونان، ف. ژیران، ترجمە: دکتر ابو القاسم اسماعیل پور، ١٣٨٢.

٦– قهرمانان یونان باستان، ڤیرا سمیرنوڤا، مترجم: روحی ارباب تهران، ١٣٨٢.

٧– الالیادە: هومیروس، ترجمها عن الاصل الیونانی المقارن: امین سلامە.

٨– ایلیاد، شاهکار، هومر، ترجمە: سعید نفیسی، چاپ سوم: ١٣٨٥.

٩– هومیرۆس، الالیادە، ترجمە حنا عبود، دار الحقائق، ط١، ٢٠٠٧.

١٠– ایلیاد، هومر، ترجمەی میر جلال الدین کزازی، چاپ پینجم ١٣٨٥.

١١– ئەفسانەێن گریکی و رومانی، گریس . هـ. کوپف. و: حەمە کەریم عارف کتێبفرۆشی سۆران، چاپی یەکەم: ٢٠٠٤.

١٢– زارۆکستان، پێنج کتێب لە یەك بەرگدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، خانەی وەرگێران، سلێمانی، و: حەمە کەریم عارف.

# ئاوێتەکردنی کات لە دەقی شیعرییدا بەنمونەی دەقی (لە پرچەکانی (حەوا)وە بۆنی قژەخاوەکانی تۆ دەکەم)ی عومەر عەبدولکەریم×



شێروان حوسێن خۆشناو

ئەفراندنو داهێنان لە نێو دەقی ئەدەبیدا، وابەستەی چەند لایەنێکی سەرەکیین، کە بەڕەگەزەکانی دەق هەژماردەکرێن. لە شیکردنەوەی هەردەقێکدا خوێنەر تیشکی سەرنجەکانی ڕووەوە ڕەگەزێك دەبێت، وەلێ ڕەخنەگر لە دیدو تێڕوانینی جوێ جوێوە شەنو کەوی دەقەکە دەکاتو داهێنانی شاعیر دەخاتە بەر نەشتەرو هەوڵدەدا وردترین ڕەگەزی ئیستاتیکا بۆ خوێنەر ئاشکرا بکا. ئەگەر کاری نووسەری دەق بەرهەمهێنانی خولقاندنی دەق بێت، ئەوا ڕەخنەگر هەولّی دۆزینەوەی نهێنیەکانی سەرکەوتنو داهێنان لە لای دەقنووس دەدات، بۆیە پرۆسەی ڕەخنە بەلایەنێکی تەواوکەر دەق دادەنرێت .

زۆرجار ڕەخنە بەتەواوکەری پرۆسەی دەق دادەنرێت، ئەمەش لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شوناسو بڵاوبوونەوەی ڕەخنە وادەکات کە داهێنان دەربکەوێت، چونکە زۆرجار تا ڕەخنەگران شەنوکەوی دەقێك نەکەن، ئەم دەقە چانسی بڕینی سنوورەکانی نابێتو هەندێ جاریش تەمی لەبیرچوونەوەو تەنانەت مردنیشی لەسەر دەنیشێ، مەگەر تەنیا لەگۆشەیەکی مێژووی ئەدەبدا تۆمار بکرێت. بۆیە زۆرێك براوەکانی خەلاّتی ئەدەبیو تەنانەت خەلاّتی نۆبڵیش قەرزداری ڕەخنەگرانن. چونکە ئەوەندەی خودی دەقەکە نهێنیەکانی سەرکەوتنی لەخۆیدا هەڵگرتووە، دوو ئەوەندەش ڕەخنەگر دەبێتە مایەی ناساندنیو سنوورەکانی بەردەم ناساندنی والاّدەکات .

لەو نێوەندەدا، دوو جۆری ڕەخنە لەگۆڕێدان، ڕەخنەیەك کە لەسەر بنەمای ئەکادیمیو بەپێی چەند پرنسیپێکی ئەدەبی بنیاد دەنرێتو ڕەخنەیەك کە خودی دەقەکە هۆکاری سەرەکی بۆ کێش کردنی ڕەخنەگر بەروەلای خۆی. بەلاّم زۆرجار ڕەخنەیەکی ئاڕاستەکراوی مەبەستداریش لە گۆڕێدایە، کە ڕەخنەگر بۆ ئامانجێکی تایبەتیو دیاریکراوی خۆی کار لەسەر دەقێك دەکات، کە بەڕای ئێمە ئەم ڕەخنەیە بابەتی نابێتو نابێتە بەرهەمهێنی تیۆرێکی ڕەخنەی کە بتوانرێت کارەکانی ئایندەی لەسەر بنیات بنرێت .

کات بەیەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمانو چیرۆك دادەنرێت، بەلاّم وەنەبێ ئەم ڕەگەزە لە شیعردا نەبێ. پشت گوێ بخرێت. گەلێك جاران شاعیر دەتوانێ لە ڕێگەی بەکارهێنانی هونەریانەی کات، تێکەڵکردنی دەمکاتەکان شیعرییەتی دەقەکەی زیاتر بکاتو بەرزو نزمی زیاتر لە نێو دەقەکەیدا دەبینرێت .

لە خوێندنەوەی ئەم دەقە مۆدێرنەی شاعیر عومەر عەبدولکەریمدا هەڵوەستە لەسەر

چەند لایەنێکی جیاجیا دەکەین، کە بەزۆری بنیاتی واتایی دەقەکەو لایەنی دەلالی‌و هەڵێنجانی مەبەستە شاراوەکانی دەقەکە وەخۆدەگرێت.

سەرەتا لە زمانی دەقەکەوە دەستپێدەکەین، کە چەند لایەنێکی جۆێ جوێ دەگرێتەوە، بەشێکی سەرەکی شێوازی شاعیر دەگرێتەوە .

لەهەڵبژاردنی کردارەکاندا شاعیر بەزۆری کاری ڕابردووی بەکارهێناوە، ئەمەش شێوەیەکی گێڕانەوەی بە دەقەکە بەخشیوە، زەمەن بەسەرچووە، لەوانە :

نێرگز تاقە بونەوەرێك بوو .

یان

کام دارستان لەتوانای بوو

یان

چ دەریایەك توانای هەبوو .

لە نێو کردارەکاندا شاعیر بەزۆری کرداری (ڕابردووی بەردەوامی) بەکارهێناوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی کاریگەرییەکانی کردارەکان، بۆ ئێستا، چونکە لە زماندا بەم شێوەیە پێناسەی ئەم چەشنە کردارە کراوە، کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوەو لەکاتی قسەکردندا کاریگەرییان ماوە، بەنموونە :

بۆنی قژەخاوەکانی (حەوا)

کاسی دەکردم .

یان :

شنەی با

کەروێشکەی بەپەڵە گەنمی

دامێنی چیاکە دەکردو

یادی زەمەنی ڕەنگینی

جوانترین  پرچی ژنی خەلیقەی

دەکردەوە

لە سەرلەبەری دەقەکەدا چەندین کرداری تر لە هەمان‌و دەمدا بەکارهێناوە، لەوانە :

سەمای دەکرد، مەست دەبوو، تەسلیم دەبوو، دەشکاند، نەیدەهێشت، کزکزدەکرد، خەوی دەکەوت.......

ڕەهەندێکی تری بەکارهێنانی ئەم چەشنە کردارە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە شاعیر دەیەوێت، لەم ڕێگەیەوە زەمەنەکان پێکەوە ببستێتەوەو ئاوێتەیان بکات، چونکە سروشتی ئەم جۆرە کارە لەوەدایە کە زەمەنی ئێستاو ڕابردوو بەیەکەوە





گرێبدات‌و کاریگەرییەکانی ڕابردوو لە سەر پەڕەی ئەمڕۆ بنەخشێنێ. بۆ شاعیر لە ئاوێتەکردنی کات زۆر سەرکەوتوو بووە. تەنانەت لە داڕشتی فۆرمی ئەم چەشنەی کرداری ڕابردوودا، هەردوو جۆری مۆرفیمی کاتی بەردەوامی /دە–/ و /– ئە/ بەکارهێناوە، کەهەردووکیان ئەلۆمۆرفی یەکترین، ئەمەش شارەزایی شاعیر پیشان دەدات لە وردەکاری زمان، وەکو :

سەری خۆی ئەنایەوەو

یان

ئەیقرتاندو هیندەی تر

قژی ڕەشی خۆی پێ ئەڕازاندەوە

لەبەرامبەر ئەوەشدا فۆرمی /دە–/ زۆر بەکارهێناوە، وەکو :

ئەو دەیبینی‌و دەشیزانی

بەو نزایە

زەمەنێك دێ

ئەتك‌و تیرۆر

لەمنداڵدانی ژناندا

لەبار دەچێت

لەڕووی بونیادی زمانەوە شاعیر هەندێ کرداری هەڵبژاردووە، کە لەڕووی ڕۆنانەوە لێکدراون‌و بەمەش هاوسەنگیکی زمانیی لەدەقەکەدا بەدی دەکرێت، چونکە ئەم جۆرە کردارانە لەزمانی کوردیدا ڕێگە بەوە دەدەن، کە کەرەستەی تر بێتە نێوانیان‌و پارچەکانیان لەیەکتری دابڕێن، بەمەش واتاکەیان پلەپلە دەگەیەنرێت، بەنموونە :

کەروێشکەی بە پەڵە گەنمی

دامێنی چیاکە دەکرد

یان :

چاوەکانی تەسلیم بەخەوێکی قووڵ

دەبوو

یان:

ئەو پێشبینی خەونی عەشقە

نەزۆکەکانی

)نالی)یەکانی دەکرد

بەپێی ئەوەی ڕایەی کە لە تیۆرەکەی بوزیماندا هاتووە، کە دەڵێت لە هەر دەقێکدا ژمارەی کردارەکان زۆر بوو ئەوا شیعریەتی دەقەکە زیاتر دەبێت. ئەمەش بۆ سروشتی ئەو بەشەئاخاوتنە دەگەڕێتەوە کە چەند چەمکێکی تێدا تواوەوتەوە لەوانە کات، کەس، ئەرێی‌و نەرێنی. بۆیەش بەرزو نزمی

زۆر لە دەقەکەدا دروست دەکات. پەیوەست بە خوێنەریشەوە زیاتر بیری خوێنەر بەرەو نێو دەقەکە کێش دەکات. شاعیر لەم دەقەیدا زۆرجار هەندێ کاری بەدوای یەکدا هێناوە کە ئەمەش شیعریەتی دەقەکەی زیاتر کردووە دەقەکەی لە جوولەی ئاسۆیی پاراستووە. وەکو :

خودایە :
لەهەوەسو لەزەتی
ئادەمیەکان بمانپارێزە
ئەو دەیزانی
بەونزایە
مێژوویەك لەئەلبومی عەشق
لەسوتان ڕزگاری ئەبێ
ئەو دەیبینیو دەشیزانی
بەو نزایە
زەمەنێك دی

هاتنی ئەو کردارانە لەو کۆپلەیەدا بەرزونزمی زۆری بەدەقەکە بەخشیوە، ئاراستەی جوولەی دەق لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە. بەڵام هاتنی چەند ئاوڵناوێك بەدوای یەکتریدا جوولەی ئاسۆی لەدەقدا دروست دەکات، هێندەی کردار ناتوانێت شیعریەتی دەق زێتر بکات، وەلێ زۆرجار شاعیر بەهەڵبژاردن‌و لادان دەتوانێت جوانکارییەك دروست بکات، وەکو :

توێژێك خاکو خۆڵی
هەڵقرچاوی بەرهەتاوی

لایەنێکی سەرەکی لەبونیادی زمان، دووبارەکردنەوەیە، شاعیر بۆ دروستکردنی ئیقاعی ناوەوی شیعر هەندێ دەنگ دووبارەدەکاتەوە، کە دەشی دەنگێك یان برگەیەك دووبارەبکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە، وەکو :

ئێوارەیەك سەری (حەوا)
لەبان باڵی (ئادەم) دابوو

لێرەدا هەردوو دەنگی (ب ، ا) دووبارەبوونەتەوە، بەئاڵوگۆڕی شوێنیشانەوە، بەمەش مۆسیقایەکی تایبەتی بە دێڕەکە بەخشیوە، پێدەچێ شاعیر هەر لەبەر ئەوەش وشەی (بان)ی لەجیاتی هاوواتاکەی بەکارهێنابێ کە (سەر)ە. هەروەها دەڵێت :

بۆیە سێبەری بۆ بەژنی باڵای جوانی
(حەوا)
خولقاند .





بەکارهێنانی چەند وشەو ڕستەیەکی هاوواتا دووبارەبوونەوەیەکی واتایی زۆر جوانی بە دەقەکە بەخشیوە، کە هاوواتا ڕێگایەکی تایبەتی دەربڕینی تاکە واتایەکە، وادەکات کە فۆرمی وشەکان دووبارە نەبێتەوە بەڵام هەمان واتا بگەیەنن، ئەمەش بۆ جەختکردنەوە لەڕووی واتاییەوە، بەکاردێت، سەرباری ئەوەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی شاعیر پیشان دەدات، وەکو وشەی (پرچو قژ) کە هاوواتان، شاعیر دەڵێ :

لە پرچەکانی (حەوا)وە بۆنی
قژەخاوەکانی تۆ دەکەم

لە دوای یەك شاعیر دوو ڕستەی هاوواتای هێناوە، کەهەمان مەبەست دەدەن، بەڵام لە بەر جەختکردنەوەی واتایی دوو فۆرمی جیاوازی بۆیەك واتا هێناوە، وەکو :

دوعای دەکردو
دەپاڕایەوە.....

هەردوو ڕستەکە یەك مەبەست دەدەن بەدەستەوە. هەروەها بەکارهێنانی هەردوو وشەی (نزا، دوعا) لەهەندێ شوێن (نزا)ی بەکارهێناوە، بەتایبەتی بۆ دروستکردنی مۆسیقای شیعرەکە ڕەچاوی هەڵبژاردنی وشە هاوواتاکانی کردووە، وەکو :

ئەو دەیزانی
بەو نزایە
یان
بەو نزایە
زەمەنێك دێ

لێرەدا لە هەڵبژاردنی وشەی (نزا) ڕەچاوی وشەکانی دەورووبەری کردووە، کە دەنگەکانی لە وشەکانی تەنیشت خۆی دووبارە دەبنەوە، ئەمەش ئاوازێکی تایبەت بە دێڕەکە دەبەخشێت‌و لەپەیوەندییەکی ئاسۆییدا دەبن. بەڵام ئەگەر وشەی (دوعا) بەکاربێت ئەم ئاوازە دروست نابێت .

هەروەها بەکارهێنانی هەردوو وشەی هاوواتای (خەو ، خەون) کە هەردووکیان بۆ یەك مەبەست بەکاردێن، لەزمانی کوردیدا دەکرێت هەردوکیان بۆ (خەون – ڕۆیا) بەکاربێن بەڵام هەردوکیان بۆ (خەو – نوم) بەکارناهێنرێن. شاعیر ئەمەی

دروست بەکارهێناوە. وەکو :

ئەو پێشبینی خەونی عەشقە
نەزۆکەکانی...
یان
لە خەوی دا گوناهەکانی
عەشقی ئەمڕۆی
ئەقرتاند .

هەندێ جار شاعیر لادانی زمانی بەکارهێناوە، بەنموونە لەئاستی وشەسازییدا مۆرفیمەکانی کۆکردنەوەو ناساندنی لەگەڵ هەندێ وشەدا بەکارهێناوە، کە لە زمانی ئاساییدا کۆناکرێنەوە، وەکو، پرچەکان، قژەکان، نالیەکان.....هتد. هەروەها لە ئاستی ڕستەسازیدا، شاعیر چەندین لادانی لە ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە دروستکردووە، بەمەبەستی جەختکردنەوە لەسەر واتای ئەو وشەیەی کە بەلوتکەکراوە، :بەتایبەتی کردار، وەکو

توێژێك خاكو خۆڵی
هەڵقرچاوی بەرهەتاوی
دەبەخشی یە چرنووکە تیژەکانی
ڕەشەبا .

لێرەدا کاری (دەبەخشی) هاتۆتە پێشەوە، یاسای زمانی کوردی بەزاندووە، کە دەبێت کار دەکەوێتە کۆتایی ڕستە .

شاعیر چەند جۆرێکی لە لادانی واتایی بەکارهێناوە، کە خۆی لە بەزاندنی پەیوەندی نێوان ناوو ناولێنراودا دەبینێتەوە، کاتێك ئەو پەیوەندییە دەبەزێنرێت ئەوا ئەم لادانە دروست دەبێت، وەکو بەرجەستەکردن، یان بەزیندەوەر کردن....هتد. شاعیر چەند جۆرێکی لەم لادانانە لەو دەقەدا بەکارهێناوە، بە نموونە :

تیشکی خۆر بۆ ململانێی
شاجوانی لەگەڵ
پرچە زێڕینەکانی ئەودا
بێهوودە
ملی خۆی دەشکاند

لێرەدا لادانەکە لەوەدایە کە شاعیر سیفەتی مرۆڤی بە ڕۆژ بەخشیوە، واتە (بەمرۆڤ کردن)ە. هەروەها سیفەتی مرۆڤ بە (با) و زەوی دەبەخشێ .

هەندێ پەیامی گرنگی مرۆڤایەتی لەپشت ئەو دەقەوەن کە




بەشێوەیەکی زۆرجوانی هونەری دەبڕاون بەتایبەت ئەو پەیامانەی لەسەر زاری حەواوە دەربڕاون، ئەمەش دوو مەبەستمان پێدەڵێن، یەکەمیان پەیامەکان پەیامی سەرلەبەری مرۆڤایەتین، چون حەوا دایکی یەکەمی مرۆڤایەتییە، دووەمیان پەیامێکی فێنیمینیساتانەمان پێدەڵێت، کە ئافرەت بەدرێژایی مێژوو کەرەستەیەك بوو بۆ تێکردنی ئارەزووەکانی پیاو، بێگوێدانە هەستو سۆزی، چ لەواقیعدا بێت، چ بەخەونو خەیاڵ، لەوانە :

خودایە :
باهەر لەچرپەی نیگاکانەوە
ئارەزوو و شەهوەتەکان
سەرفرازبێ .

لەم دوعایەدا ئازارەکانی ژنمان پێدەڵێت، بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی پیاو، گوێنەدان بەهەستەکانیان، سەرباری جوانکارییەکی وشەی لە هێنانی وشەی (چرپەی نیگاکان) چونکە لادان لە پێکەوەهاتنیان دروستکراوە، بەوەی کە چرپە پەیوەستە بەدەنگو لەڕێگە گوێ دەگات، بەڵام نیگا پەیوەستە بەبینینو لەڕێگەی چاوەوە دەگات، ئەم دوو کەناڵە دەتوانن هەستو جوانیو خۆشەویستی بگەیەننە دڵی پیاو. هەروەها دەڵێت :

خودایە :
لەهەوەس لەزەتی
ئادەمەکان بمانپارێزە

لێرەدا ئادەم کراوەتە ڕەمزی هەموو پیاوێك، مێژووی توندوتیژی پیاومان پیشاندەدات، هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە، بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی. حەوا ئەم دوعایانەی بۆ کرد، چونکە پێشبینی چەوساندنەوەی ژنی کردبوو، بۆیە دەڵێت :

ئەو دەیزانی
بەونزایە
مێژوویەك ئەلبومی عەشق
لەسوتان ڕزگاری ئەبێ

لێرەدا، ئامانجی خۆشەویستی لەپێناوی شەهوەتو لە پێناوی عەشقی ڕاستەقینە پیشان دەدات. ژنیش لەو پێناوەدا قوربانی زۆری داوە، زەرەمەندی ئارەزووەکانی پیاو

بووە، هەروەها زیاتر پێشبینی دەكات كە :

زەمەنێك دێ
ئەتكو تیرۆر
لەمنداڵدانی ژناندا
لەباردەچێت

ئەو هیوایەی کە مرۆڤایەتی بەدوور بێت لەم دوو بارە نەگریسە، چونکە هەردوکیان لەلایەن پیاوەوە دەکرێن، بەڵام لەڕاستیدا لەمنداڵدانی ئافرەتەوە دێتە دەرەوە، کە هیوای لەبارچوونیان دەكات، لێرەدا ئەتكو تیرۆر، بەمرۆڤ کراون. هەر لەم چوارچێوەیەدا شاعیر ئاماژە بۆ قەسیدەیەکی نالی دەکات، کە هەجوی سەر مەستوورە خانمی ئەردەڵانی دەکاتو بەڵام لەخەودا دەربڕاوە، کە کارەکەی تۆزێك ئەهوەنترکردۆتەوە، وەك نالی دەفەرموێت :

مەستورە کە حەسناوو ئەدیبە بەحیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بەچ نازێكو عیتابێ
هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وابێ؟
هیی تۆم ئەگەرەم مەسەلە حەل كەی بەجەوابێ

شاعیر دەڵێت :

ئەو پێشبینی خەونە نەزۆكەكانی
) نالی)یەكانی دەكرد .

لە دیدی شاعیرەوە ئەم خەونە خەونێکی پیاوسالارانە، بەلگەی چەوسانەوەی ژنە، بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان تەنانەت لە خەویشدا، ئەمەش لەڕووی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دەکرێت وەکو تیل نیشان لێکبدرێتەوە. حەوا پێشبینی ئەو جۆرە تێروانینانەی پیاوی کردووە، بۆیە ئەم دوعایانەی کردووە. لایەنێکی تری پشت ئەو ئاماژەدانە پێمان دەلێت پیاوان هەموویان تێڕوانینیان بەرامبەر بەژنان لێك نزیكە خوێندەوار بێت یان نەخوێندەوار .

بەڵام ئەمانە هەمووی خواستو هیوان کە ئەستەمە بەدی بێن، هەرچەندە ئەو وای دەبینی كە :

زەمەنێك دێ
مرۆڤ دەبێتە خاوەنی پاکیزەترین
عەشقی نەمر






هەر ئەوەشە كە دەڵێن عیشقی ڕاستەقینە نەمرە، کەواتە ئەو پەیامەی حەوا دەیگەیەنێت، ئەوەیە کە پێویستە عەشق ڕاستەقینە بێت، بۆئەوەی بەنەمری بمێنێتەوە. بەڵام لەدوای ئەمەوە ڕەشبینی دەستپێدەکات، کاتێك ئەمە دەبێتە خواستی دڵۆپە بارانێك، چونکە نەگەیشتووەتە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی. وەك دەڵێت :

ئەمە لاپەڕەیەك خواستی
یەكەم دەنكە بارانی پایزێك بوو .

هەر لەوچوارچێوەیەدا پەیامی سروشتیش دەخاتە پاڵ دەنگی خۆیەوە، کە تەنانەت سروشتیش دەیەوێت عەشق نەمرێتو ئەتكو تیرۆر نەمێنێو توندوتیژی لەسەر ئافرەت هەڵبگیرێتو ئافرەت وەك بەهایەکی مرۆڤایەتی تەماشای بکرێت، نەوەکو هۆکارێك بۆ تێرکردنی ئارەزووی پیاوان .

لە لادانێکی تردا، شاعیر ئالۆگۆڕی بە ئاو و هەوا کردووە، کاری هەریەکەیانی بەوەی دیکە سپاردووە، وەك دەڵێت :

هەربۆیە تامەزرۆم
لەهاوینیشدا باران بێت
تاجەستەم پاراوتربێت
لەبۆنی قژی تۆ

لێرەدا، پاراوبوون، بەهۆی ئاوەوەیە، بەڵام شاعیر بە بۆن پاراودەبێت، کە هەوایە، بەمەش جوانکارییەکی واتایی سەرنجڕاکێش دروست دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی شاعیر زۆر لێزانانە لەگەڵ دیاردە سروشتییەکان مامەلەی کردووە، بەنموونە هۆکاری دروستبوونی سێبەر دەگێڕێتەوە بۆ پاراستنی (حەوا) – کە ڕەمزە بۆ هەموو ئافرەتێك – لەدەست تیشکی ڕۆژ، و ناچاری تیشك، وردەکاریەکی زانستیش هەیە كە هەر ڕۆژە سێبەر دروست دەکات، ئەمەش لەڕووی ڕەوانبێژییەوە جوانی بایس دروست دەکات، هەروەکو دەڵێت :

بەهەموو ئێرەیی تیشکی ڕۆژ
نەیتوانی وێنەی جوانی ئەو
بسوتێنێ
بۆیە سێبەری بۆ بەژنی باڵای جوانی
(حەوا)
خولقاند

ئەمەش یەکەم لاپەڕەی مێژووی
سێبەر بوو .

شاعیر وردەکاریەکی هونەری لەباسێکی سروشتیدا بەرجەستە کردووە، ئەویش باسی نێرگز کەم تەمەنیەتی، کە گوایە (با) لێناگەڕێ تەمەنی لەگەڵ ڕۆژدا بەسەربەرێ، گوڵی نێرگز سەرەتای بەهاران دەڕوێتو ماوەیەکی کورت جوانیو بۆنی خۆی پەخش دەکات، بەڵام هەرزوو دەبێتەوە خاکو خۆڵ، بەڵام شاعیر بۆ هۆکاری (با)ی دەگێڕێتەوە، کە دەیقرتێنێو خۆی پێ جوان دەکات، بۆیە نێرگز کەم تەمەنە، وەك شاعیر دەڵێ :

((نێرگز)) تاقە بوونەوەرێك بوو
سەرنجی ئەوی ڕائەکێشا
لەخۆشەویستی بوو
یان ئیرەیی
بەهاران نەیدەهێشت ئەو گوڵە جوانە
چیرۆکی عەشقی
لەگەڵ ڕۆژدا بەسەربەرێت
ئەیقرتاندو هێندەی تر
قژی ڕەشی خۆی پێ ئەڕازاندەوە
لەوکاتەوە
تەمەن کورتی
بەباڵای ((نێرگز)) دابڕا !

هەرچەندە پێدەچێت شاعیر لێرەدا نێرگزی بە ڕەمز بەکارهێنابێت، ئاماژەکەی تەنیا لای خۆی ڕوون بێت. لە هێنانی هەردوو وشەی (خۆشەویستی)و (ئیرەیی) جوانکارییەکی هونەری دروست کردووە، کە دوو هۆکاری دژ بۆ یەك ئامانج کاریان پێکراوە .

لەم دەقەدا (با) توانایەکی بەهێزی پێدراوە، چونکە هەلگری بۆنی قژی یارە، دەتوانێت چۆك بە دارستانو دەریاو زەوی دابدا، بەسەر هەموویاندا زاڵ دەبێت، بەڵام کاتێك دەگاتە پرچی یار ئارام دەبێتەوەو خەوی لێدەکەوێت، بۆنی پرچەکانی ئەو دەگرێتو بۆ شاعیری دەهێنێت.
وەك شاعیر دەڵێت :

کاتێکیش با بەهەموو هێزیەوە
گوژمی ئەدا
کام دارستان لەتوانای بوو
لەئاستی دا چۆك دانەنێ
چ دەریایەك توانای هەبوو
شەپۆلەکانی نەکاتە بارمتەی
مانەوەی خۆی







زەوی لە عەزرەتا
توێژێك خاکو خۆڵی
هەڵقرچاوی بەرهەتاوی
دەبەخشیی چرنووکە تیژەکانی
ڕەشەباو
سەری خۆی لێ کزکزدەکرد
هەر کە ئەگەیشتە پرچە ڕازاوەکانی
ئەو
بەو گڤە شێتانەوە
سەری خۆی ئەنایەوەو
لەنیو تاڵە ڕەشەکانیدا
مەستانە خەوی لێدەکەوت.

کەواتە پەیوەندی نێوان یارو حەوا، کە ئاماژەیەکە بۆ بوونی ئەو عەلقە نەپچڕاوەی لە نێوان سەرلەبەری مێژوودا هەیە، شاعیر لەڕێگەی (با)وە پەیامەکانی پێدەگات، لەو پێناوەشدا بەسەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ دەبێت، لەلایەکی تر بەهێز ئەم لایەنەی سروشتمان پیشان دەدات. سەرباری ئەوەش لەم پارچەیەدا لادانێکی فەرهەنگی لە دەستەواژی (گڤەی شێتانە)دا هەیە .

دواین شتێك کە پەیمان پێبردبێت، لەم دەقەدا ئاوەژووکردنەوەی کاتە، بەتایبەتی لەناونیشانی شیعرەکەدا، چونکە شاعیر مێژووی حەوای هێناوەتەوە ئێستا، لە پرچی ئەوەوە بۆنی پرچی یارەکەی دەکات، ئەمەش پێمان دەڵێت، کە شاعیر ئاسانتر بۆنی حەوای بۆ دێت لە یارەکەی کە ئەمە محاڵە، بەڵام دووری یارەکە زۆر دوورە، کە لێکچواندنێکی بەراوژووی بۆ دروست کردووە، یان ئەمەش نیشانەی ڕەشبینی شاعیرە. یان تەنیا گەمەیەکی هونەرییە، کە لەڕووی بونیادی واتاییەوە، تەنیا پراگماتیك لێکیدەداتەوە، لادانێکی بەهێزی واتاییە، ئەگەر بگوترایە (لە قژە خاوەکانی تۆوە بۆنی پرچەکانی حەوا دەکەم) کە لادانەکەی ئاسایی تر دەکرد. بەمەش پلەی شیعریەتی کەمتر دەکردەوە .

* دەقی ئەم شیعرە لە پاشکۆی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە .

# دە خاڵ بۆ نووسینی چیرۆک لە ئاستی بڵاوبوونەوەدا

**نووسەر: لێسلی کایل**
**و: بابەک سەحرانەوەرد**

1

هەر چیت دەوێ ، بینووسە.

بۆ خۆتی دیاری بکە چ شتێك بۆ تۆ سەرنج ڕاکێشەرە. سەرنج ڕاکێشترین بابەتەکان لە ژیانی خۆت بدۆزەرەوە و لە روانگەی تایبەتی و جیاوازی خۆت بینووسە. گەورەترین هەڤیازی لە کسپ وکاری چاپ و پەخشی کتێب ئەمەیە کە ئێمە خاوەن چیرۆکین و تەنیا ئێمە دەتوانین بینووسین.لەم هەل و دەرفەتە دەبێ کەڵك وەربگرین.بە وتنی وردەکارییەکان، دیمەنەکانی چیرۆك ڕەنگدەر و کاریگەرتر بروخسێنە.

2

بە خوێنەرەکەت وێنەگەلێکی فەنتازیا و خەیاڵی بەشێوەیەکی تەواو فامکەر نیشان بدە.

ڕووخسار و بیچمی کەسایەتییەکان بۆ خوێنەران دەربخە و نیشانەیەك لە کەسایەتییەکان ئاشکرا کە . ئەوان بە زوویی پەیدای دەکەن. ئەمە دەبێ بە هۆی ئەوەی کە کردەی چیرۆکەکەت





هەستێکی ڕاستەقینە بە خۆییەوە بگرێ و خوێنەر نووقمی دەقەکەت بێت.

3

ڕاست و دروست بوونی چیرۆکەکەت بقەبلێنە .

خوێنەری چیرۆکی تۆ ناتوانێ هەمووشتێ باوەڕ بکا. ئەگەر زانیاری ڕاستەوخۆ ناڕاستەی خوێنەر بکەی، ئەویش دەگەڵ چیرۆکەکەت ، دەبێت بە هاوڕێ و شان بە شانی دێت کە ئەم ڕەوتە بە تایبەتمەندی ( وتنی وردەکارییەکان) بەئاکام دەگات. ناکرێ بە ئاسایی لەم بابەتە تێپەڕێن و نووسەر بە وڵامێکی ساکار ئەم بابە تە چار و بڕ بکات کە ئەم چیرۆکە : «بە ڕاستی ڕوویداوە ؟«

4

بۆی دەچێ کتێبێ کە نووسیووتە یا خەریکی دەینووسی ، تێبشکێ و دارمێ. ئێمەی نووسەر بە زۆری لە ڕەخنەگرتنی هەوەڵین چیرۆکەکەمان کە جەختێکی زۆریشمان بۆ کردووە، تووڕە دەبین. ئەگەر چی هەمیسان دەتوانین تێبکۆشین و هەوەڵین بەرهەمی خۆمان گونجاو و شیاو بخولقێنین. بێجگە لەمەیش دەبێ هەرچی تا ئێستا نووسیومانە بیخەینە بەر چاوی خوێنەر ورەخنەگر. تەنانەت ئەگەر ئەو بەرهەمە بەرهەمێکی بە پێز و هێز نەبێت.

5

نووسین، پرۆسێسێکی هیوابڕ و پڕ لە پەشۆکاوییە.

ئەگەر چی ئەو دەقەت ئەگەر ڕابگردایە و لەسەری کار بکەی بۆ کارە دواییەکانت زۆر پەسەندە و تۆ پرۆفشناڵ تر لە ڕابردووت دەبی. هەر زوو بۆ نووسین قۆڵ هەڵکە.پێش ئەوەی کە ڕووداوەکان لە چیرۆکدا، هاوکێشی ژیانی کەسایەتی سەرەکی(پاڵەوان) تووش ئاڵوگۆڕی بکات.

6

بۆ خوێنەرەکەت بڕێ شت بدرکێنە. پێش ئەوەی کە گۆڕانکارییەکی سەرەکی و گرینگ لە پاڵەوانی چیرۆکەکە ت ڕوویدا.

دیارە ئەمە بە پەلە و تون ترین ڕێگا بۆ گیرۆدەکردنی خوێنەر لە چیرۆکدایە.

بنچینەی چیرۆکەکەت بە جوانی و شیاوی درووس بکە. لەولاوە ئەم ڕەوتە جەوهەری دواکەت لە دەقەکەت بە هێزتر دەکا.

چیرۆك بە گشتی نیازی بە گەڵاڵە داڕشتنی

زۆر لە ئاقاری خۆیدایەتی. تۆ ئەم بابەتە لە کاتێکدا فام دەکەی کە کاریٚ یا چارەدۆزییەك هەیە یا بۆی تەرخان دەکەی کە لە کاردانەوەی کەسایەتییەکان ڕەنگ دەداتەوە .

## 7

هیچ کاتیٚ سێو بۆ خواردنی کەسایەتی دەقەکەت هەڵ مەبژێرە. کاتیٚ کە دەتوانیٚ شتێکی خۆشتر و بەلەزەت تر بخوات .

ڕەوشتێکی دیکە بۆ وتنی چیرۆك باوە: تەواوی وشەگەل ڕەچاو بکە و لە ئەزموونی بدە.

ئەگەر دەتوانی، بۆ نموونە، کەسایەتی چیرۆك بە خواردنی شتێکی نائاسایی نیشان بدە. ئا لەم ڕێکەوتە بە دەق و وێنەگەل، ژیان دەبەخشی .

سەرسووڕ هێنەرە. کەسایەتییەکان هەر شێوازێك لە چیرۆك دەتوانن قەبووڵ بکەن.

## 8

ئێمە چیرۆك بۆ کەسایەتییەکان دەگێڕینەوە.

بیٚ ئەوانە، پێش گەڵاڵە یا سکێچ (١)، تەنیا زنجیرەیەك لە ڕووداوەکان و کارەساتەکانە و ئێمە هەموو ڕۆژ لە ڕۆژنامەکان، گوزارشتیٚ بەم چەشنە دەخوێنین.بەڵام کاتیٚ کە تۆ دەنووسی، کەسایەتییەکانێك وەبیر دەهێنیٚ، کە ساڵانی زۆرە دەژین، هەڵبەت پێش ئەوەی کە لە لاپەڕەی یەکەمی چیرۆك، هەوەڵین وێنەگەلی ئەوان ببینی.

## 9

کێشمەکێش لە واقیعدا گیان و ڕۆح و ڕەگەزی چیرۆکە.

»پرچی پاڵەوانی چیرۆك بە سەر ڕووخساری ڕژاە و لە جێگایەکی بەرزەوە بەردیٚ دەخاتە خوار .«

ئەو کاتەی کە چیرۆکەکە بە باشی وشیاوی دەس پێدەکەی، بەپاڵەوانیٚ یاخود پاڵەوانێکی ژن، دەستپێکێکی نەشیاوت بۆ دەقەکەت هەڵبژاردووە.

کێشمەکێشەکە ڕابگرە. هەروا بە جەوهەری «دواکەوت» درێژە بدە تا ئەو کاتەی کە بە چیرۆکەکەت کۆتایی ئەدەی.

## 10

گوللە لە قاچی خۆت مەدە. وەسوەسە بۆ ناردنی چیرۆك جێی سەرسووڕماوییە.

کاتیٚ نووسەر دەزانیٚ کە دەقەکەی دەتوانیٚ باشتر بکات و ئەم چیرۆکە هێشتا کاری دەبیٚ لە سەر بکریٚ، یا ئەوەی کە





کتێبەکەی بۆ هەڵەچن و بەڕێوبەری پەخشانگاکە دەنێریٚ، ئەوانیش ئەم جۆرە نووسینانەیان بە دڵ نییە و تۆ لەو بار و دۆخە خۆت ئامادە دەکەی، بۆ ئەوەی کە پرسیار بکەی، ببورن، بۆچی چاپ نەبوو؟ و هاوکات تەمی شەرمێك دەموچاوت دادەپۆشێت.

بەڵام ئەگەر لەسەر چیرۆکەکەت کەمیٚ زۆرترخۆت هیلاك(پێداگری) بکەی، بڕیار دەدەم کە دەقی تو شایانی چاپ کردنە.

**تێبینی:**

**١-پێش گەڵاڵە یا سکێچ (Sketch) لە بنەڕەتدا هەڵگری دوو مانای بەربڵاوە. یەکەم بۆ پێش گەڵاڵەی هەر جۆر دەق و بەرهەمیٚ بە کاری دێنن کە پتر مانای (ڕەشنووس) وەبیر دەهێنیٚ کە لە دوا چەند جار بە دواچوونەوە بە سەر دە قدا ئەم زاراوەیە دێتە بیر.**

**بەڵام مانای سەرەکی ئەم زاراوە یە زۆرتر بە بەرهەمیٚ دەگوتریٚ کە هاوتای هەمان مانای سکێچە وسکێچ ئەو پارچە کورتەی دە قێکی پەخشانییە کە بە شێوەیە کی گێڕانەوەیی و وەسفی دێتە ئارا و هەندیٚ جاریش بە کورتیلە چیرۆك زۆر نزیك دەبێتەوە.**

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی ئەدەبی(madhomah)**



ڕەزا شوان / نەرویج

# ئاورێک لە ئەدەبی منداڵانی کوردمان بدەنەوە

ئەمڕۆ هەموو گەلان و وڵاتانی دنیا، بایەخێکی گرنگ بە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی منداڵەکانیان دەدەن و، بۆ ئایندەیەکی گەشتر و شیاوتر ئامادەیان دەکەن.. چونکە منداڵان بەشێك لە ئەمڕۆ و.. هەموو ئایندەشن.

هەر ئەم منداڵانەی ئەمڕۆمانن، ئەم کوردیلە پاك و چاوگەشانەی ئێستان، گەورە دەبن و پێدەگەن، دەبنە ژنان و پیاوان و، ماڵ و خێزان پێکدەهێنن.. جڵەوی هەموو کاروبارێکی کوردستانی شیرینمان دەگرنەدەست..دەبنە رابەر و نوێنەر و باڵیۆزی گەلەکەمان..دەبنە سەرکردە و وەزیر و بەڕێوەبەر و فەرماندە و فەرمانبەر و پەڕلەمانتار و بڕیاردەر و بەرپرس و ...هتد. خەم و چارەنووسی کورد و کوردستانیان دەکەوێتە ئەستۆیان.

ئەگەر باو باپیرانمان، هەستیان بەو راستییە کردووبێت کە: « فێربوون لە منداڵیدا، وەکو نەخشی سەر بەرد وایە ».. ئەو زانست و زانیارییانەش کە ئەمڕۆ شانازییان پێوە دکەین، بەر و بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی ئەوانە.

منداڵانی ئەمڕۆمان، لە منداڵانی دوێنێمان، جیاوازتر و بەختەوەرترن، ژیر و دانا و چاوکراوە و زۆرزانترن.. تەکنۆلۆژیای تازە و داهێنانی بابەتی سەیر و سەمەرە، بە هەزاران بابەتی گەشەکردن و خەیاڵ فراوانکردن و پێشکەوتنیان خستۆتە خزمەتی منداڵانەوە.. منداڵانی ئەمڕۆمان، نەوەی تەلەفزیۆن و سینەمای ڕەنگاوڕەنگ و ئینتەرنێت و پلەی ستێشن و...هتد.بە سەتان کتێبی هەمەجۆرەی وێنەداری رەنگاوڕەنگی بەرگ رازاوەی سەرنج راکێشیان لە بەردەست دایە، چەندین گۆڤاری مانگانەی قەشەنگ و بابەتخۆشیان بۆ دەردەچێت.. لە قوتابخانەکانیشدا مامۆستایانی زانا و دانا و شارەزا و پسپۆر، پەروەردەیان دەکەن و، فێری خوێندنەوە و زانست و زانیاری نوێیان دەکەن.. ئەو پەندە کوردییەمان لە شوێنی خۆی دایە : « جووچکەکەی ئەمساڵ ، جووچکەکە پار فێرە جووکە جووك دەکات»

پێویستە بە ئەو پەڕی توانامانەوە، بوار و هەلومەرجی لەباری زیاتر و زیاتریش بۆ منداڵانی کوردمان بڕەخسێنین.. بە زانست و زنیاری و ڕۆشنبیری پڕچەکیان بکەین.. چونکە ئەمڕۆ، ڕۆشنبیری و زانست و دانایی و بلیمەتی، بوونەتە چەکی ستراتیژی جیهان.. زانست و زانیاری و هۆشیاری، رۆڵێکی گرنگیان لە جەنگی سیاسی و زانستی و کۆمەڵایەتی و، لە جەنگی بە دەستهێنان و لەدەس دان و، بردنەوە و دۆڕاندندا هەیە.. فێربوون و پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی راست و دروستی منداڵانمان لە ئەمڕۆدا.. دەبنە سەرمایە و ژێرخانی گەشەکردن و پێشکەوتن و تازەگەری و داهێنان.

جیهانی منداڵان، جیهانێکی پاك و بێگەردە ، جیهانی راستگۆی و بێ فڕوفێڵە، بێ رق و کینە و بوغزە.. جیهانێکی سادە و ساکاری پر لە خۆشەویستی و رێزە، پڕ لە خەونی وەنەوشەیی و هیوای سەوزە.. منداڵان درۆ و رق و شەر نازانن.. هەموو ئەو شتە ناهەموارانەی کە فێریان دەبن، لە گەورەکانەوە فێریان دەبن.. کورد وتەنی : « گەورە ئاو دەڕێژێ و، منداڵ پێی تێ دەخشێنێ ».. بۆ نموونە باوکێك ، لە بەردەم منداڵەکەیدا مەی بخواتەوە و جگەرە بکێشی و، بە گژی ماڵ و منداڵەکانیدا بچێت و جوێنی ناشیرین بدا، ئەم باوکە بە چ ڕوویەکەوە، بە منداڵەکەی دەڵێت، مەی خواردنەوە و جگەرەکێشان خراپ و زیانبەخشن ، جوین دان ناشیرینە ، شەڕ خراپە ؟

پێویستە منداڵەکامان، لە سەر بنەمای خۆشەویستی و رێزگرتن و پێکەوە ژیان و

سازان و یەکسانی و یەکتری قبوولکردن و تەبایی و خوشك و برایەتی و راستگۆیی و رووحی یارمەتیدان و هاوکاری و چاکەخوازی و ئاشتیخوازی و رەواناسی و نیشتمانپەروەری و بەزەیی و مرۆڤایەتی و...هتد. پەروەردە و ئاراستە بکەین.. نەك وەکو ئەو پەروەردە سەقەت و زیانبەخشەی، کە رژێمەکانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق پەیڕەوییان دەکرد و دەکەن.. کە بە بیری نەژادپەرستی و خۆبەزیاترزانین و تایفەگەری و، دان نەنان بە ناسنامە و کولتوور و مافی یەکسانی گەلانی تر، ئەوان بە رق و کینە و دوژمنایەتی و شەڕخوازی و دڵڕەقی و کوشتن و بڕین، منداڵەکانیان گۆشکردووە و دەکەن.. بەو هزرە بۆگەنانە دڵی منداڵەکانیان کرمیّ و بۆگەن دەکەن.. دەبینین کە چۆن ئەنجامی ئەو پەروەردە سەقەتە و ئاراستە چەوتە، لە ژیانی تاك و بە کۆمەڵی نەتەوەکانی ئەو وڵاتانەدا رەنگیان داوەتەوە.. ئەمڕۆ گەلی کوردمان و ئەو گەلانەش باجی ئەو پەروەردە و ئارستە سەقەتەیە دەیدەنەوە..تاوانی ئەو رژیمانەیە ئەم گەلانەی کردووە بە دوژمنی سەرسەختی یەکتری و، ئارامی و خۆشی و ژیانیان لیّ تاڵ کردوون.

دەبا لە پێناوی بە دەستهێنای ئازادی و مافە رەواکانمان و، لە پێناوی داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان.. لە پێناوی کوردیلەکانی ئەمڕۆمان کە نەوەی داتووی کوردستانن.. هەریکە لە ئێمە ببینە مۆمێکی داگیرساوی گەش و ریّی سەرکەوتن بۆ منداڵەکانمان روونـاك بکەینەوە.. چونکە ئەمانن کە خواست و هیواکانمان دێننەدی.. دەبیّ بە تەوای و راستی و دروستی منداڵەکامان پەروەردە بکەین، کە بڕوایان بە خۆیان هەبێت و دەربەرن و لە ئاستی هێنانەدی ئەرکەکانیان و هێنانەدیی ئەو ئامانجانەدا بن.

نووسین بۆ منداڵان، بە هەموو لقەکانییەوە، هونەرە و پێویستی بە بەهرە و داهێنان هەیە.. نووسەریش هونەرمەندە، هونەرەکەشی پێوەری ئاستی توانای هونەرییەتی.

نووسەری باش و بە توانای منداڵان، پێویستە کۆمەڵێك مەرجی سەرکەوتنی تێدابیّ.. لەوانە : رۆشنبیرێکی دەوڵەمەند بیّ لە بواری زانستی و زانیاری هەمەچەشنە و کۆمەڵایەتی و مرۆڤیەتیدا، شارەزای رێزمانی زمانی گەلەکەی بێت، توانای ئەوەی هەبیّ کە نووسینەکانی بۆ





منداڵان بە زمانێکی سادە و ساکار و بیّ گریّ و گۆڵ دارێژیّ..ئەوەش بزانیّ کە هەر قۆناخێکی منداڵی، وشە و زاراوە و زمانی گونجاوی خۆی هەیە.. نووسەری منداڵان پێویستە لە بواری پەروەردە و دەروونناسی منداڵ و حەز و ئارەزووی منداڵان نابەڵەد نەبیّ.. ئەگەر هۆنراوەنووس بیّ، پێویستە هۆنراوەکانی بۆ منداڵان بە شێوەیەکی ناسك و بە زمانێکی رەوانی پەتی و بیّ گریّ و بیّ گیربوون لەسەر زمان بهۆنێتەوە..کێش و سەروای هۆنراوەکانی لەنگ و لاواز نەبن و منداڵان چێژیان لیّ وەربگرن.. بە ئاسانیش بکرێن بە سروود و گۆرانی..نووسەری سەرکەوتووی منداڵان دەبێت هەوڵی داهێنان و نوێخوازی بدات ، ئەو هۆنراوە ، چیرۆك ، ڕومان ، ئۆپەرێت ، شانۆگەری، پەخشانانەی دەینووسێت، پێویستە لەگەڵ ئەم سەردەمە و ئاست و هزر و خەیاڵی منداڵاندا بگونجێن.

ئەمڕۆ ئەدەبی منداڵان، ئەدەبێکی رێنمای و زانستی رووت و وشك نییە، کە تەنها مەبەست ئەوەبێت کۆمەڵێك ئامۆژگاری بپەستینە مێشکی منداڵانەوە.. ئەدەبی ئەمڕۆ ئەدەبێکی بنیاتنان و پەروەردەیی و ئامادەکردنی منداڵانە بۆ داهاتوویيەکی باشتر و ژیانێکی خۆشتر..لە پاڵیشیدا کۆمەڵێك ئامانج و خواستی تر دێنەدی..ئامانجی گەشەکردنی رۆشنبیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هاودەمبوونی شارستانی و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان و بڕوابەخۆبوون و توانای گوزارشتکردن لە را و هەست و سۆزیان... هتد. هەر نووسینێك کە بۆ منداڵان بنووسرێت، گەر هەست و سۆزی منداڵان نەجۆشێنیّ، چێژی نابێت و زوو کاڵ دەبێتەوە.

ئایا ئەدەبی منداڵانی کوردمان، لە ئاستی پێویستی و خواستەکانی ئەم سەردەمەماندان؟

بێگومان نەخێر، زۆر لە دواوەوەین، بە جدی و پراکتیکی ئاوڕمان لیّ نەداوەتەوە، بە تەواوی رۆڵی گرنگی منداڵانمان، لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەماندا لە بەرچاو نەگرتووە..هێندەی بایەخ بە بنیاتنانی کۆشك و تەلاری رازاوە دەدەین..زۆر کەمتر بایەخ بە پەروەردەکردن و رێنمایی و بنیاتنانی منداڵانی ئەمڕۆی نەوەی داهاتوومان دەدەین.. ئەو هەوڵانەش تا ئێستا بۆ گەشەکردن و پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کوردمان دراوە، بیّ بەرنامە و کەم و لاوازن..توینێتی حەز و ئارەزووەکانی منداڵانی کوردمان ناشکێنن.. من بەراوردی

ئەدەبی منداڵانی کوردمان، لەگەڵ ئەدەبی منداڵانی گەلانی ئازادبووی خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆیان ناکەم.. چونکە تا ئەمڕۆش زۆربەی خاکی کوردستانی پیرۆز و شیرینمان، کۆلۆنییەی چەند دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرست و ستەمکار و خوێنڕێژن و، دان بە ناسنامەی نەتەوەییماندا نانێن و هەوڵی قڕکردن و لە ناوبردنمان دەدەن.. بێگومان لە سایەی ڕژێمەکانی ئەم وڵاتە دڕندە نەژادپەرستانەدا، نەک تەنها ئەدەبی منداڵان، بەڵکو تیغ نراوەتە گەردنی منداڵەکانمان و، سەرجەم ڕۆڵەکانی گەلی ئازادیخوازی کوردمان.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هەرگیز کۆڵمان نەداوە و کۆڵیش نادەین، تا ئەو کاتەی دوابستی کوردستان لە داگیرکەران ڕزگار دەکەین و ئازادی بەدەست دەهێنین..بێوچان بە هەموو شێوەیەک خەبات دەکەین و گیانفیدای سەرسەختی ئەم ڕێباز و هیوا و ئامانجە پیرۆزەین.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، ئەدەبی منداڵانی کوردمانە لە باشووری کوردستاندا. لە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) کەوە، بە تایبەتیش لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) دا ، وا حەوت ساڵ زیاترە.. کورد لە بەشێکی ئەم بەشەی کوردستاندا دەسەڵاتدارە و، بوودجەی دیاریکراوی خۆی هەیە..دەبوایە زۆر بایەخیان بە منداڵانمان و ئەدەبی منداڵان و پەروەردەکرنی منداڵانی کوردمان بدایە، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی هیوای بۆ دەخوازین کە لە داهاتوودا بێنەدی، دەبێت لە شێوازی پەروەردەیەکی نوێ لە منداڵەکانمانەوە دەست پێ بکەین، بە تەنها گۆڕینی سستەم و پرۆگرامەکانی خوێندن و فێرکرن بەس نین، بەڵکو دەبێت منداڵان بە پەروەردەیەکی دروستی سەردەمییانە، بۆ داهاتوو ڕابهێنرێن و ئامادەبکرین..ئەم ئەرکە پێویست و پیرۆز و هەستیارەش، پێویستی بە نەخشەڕێگایەکی پەروەردەیی تۆکمەی داڕێژراو هەیە ، کە دەبێت لە لایەن شارەزا و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونناسی منداڵان و زمانەوانی و نووسەران و مامۆستایان و حکومەتەوە ، بە هاوکاری هەموو لایەک ئامادە بکرێت.. دەکرێش بۆ ئەم مەبەستە سوود لە ئەزموونی گەلانی پێشکەتوو وەربگرین، لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندی کولتوور و داب و نەریتە جوانەکانی گەلەکەمان.

ڕاستە لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵێک کتێبی کوردی ی بابەت هەمەجۆرەی ڕەنگاوڕەنگ بۆ منداڵان چاپکراون، چەند گۆڤارێکی ڕەنگین و





قەشەنگی ئاست باشی مانگانە و وەرزیش بۆ منداڵان دەردەچن .. بەڵام ژمارەیان زۆر کەمن و، ئەوانەشی دەردەکرێن لەبەر کەمی ژمارەی چاپکردنیان یا لەبەر نرخ گرانییان، بە دەستی بەشێکی کەمی منداڵانی کوردمان دەگەن.

لە مانگی ڕابردوودا، سەردانی بەشی منداڵانم کرد، لە کتێبخانەی گشتی شاری کەرکوک و سلێمانی و هەولێر..لە هەرسێ کتێبخانەکەدا، بەشی منداڵانم زۆر بە هەژاری و بێ ناز هاتنە بەرچاو.. بە تایبەتیش بەشی منداڵان لە کتێبخانەی شاری کەرکوکی کوردستانیدا، کە سووچێکی تەسکی کتێبخانەکە، بەشی منداڵانیان لێناوە، ژمارەی کتێبە کوردییەکانی ئەم بەشە بۆ منداڵان، لە ژمارەی پەنجەکانی دەستمان کەمترن، هیچ سیمایەکی سەرنج ڕاکێشیش بۆ منداڵان بەو بەشەوە بەرچاوناکەوێت.. بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی شاری کەرکوک خاتوو ( شادیە بەکر محەمەد) گلەیی لەوە بوو کە کتێبی منداڵانیان بۆ ناکڕن و، وەکو پێویست ئاوڕ لە کتێبخانەکەیان نەدراوەتەوە. بەشی منداڵان لە کتێبخانەی هەولێر و سلێمانی تا ڕادەیەک باشترن.. بە تایبەتیش بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتی سلێمانیدا، کە لە هۆڵێکی گەورەی تایبەتیدایە، ئەگەرچی ژمارەی کتێبەکانیان کەمە، بەڵام زۆر جوان ڕازاندوویانەتەوە، کە جێی دەست و پەنجە و خۆماندووکردنی بەرپرسی ئەم بەشە خاتوو (گوڵستان سەعید محەمەد)ی پێوە دیارە، بەڕێزیشیان ئەوەی وت ، هێشتا بەشەکەیان لە ئاستی تمووحاتی ئەواندا نییە، داواشی لە نووسەران و هەموو خەمخۆرانی منداڵانی کوردمان کرد، لە کوردستان بن یا لە دەرەوە، بە کتێبی هەمەجۆرەی منداڵان، بە کوردی یا هەر زمانێکی بیانی بێت، کتێب و گۆڤاری منداڵان پێشکەش بە بەشەکەیان بکەن.

دەبوایە لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا، بە سەتان کتێبی بابەت هەمەڕەنگەی کوردیمان، بۆ هەموو قۆناخەکانی منداڵی چاپ بکردایە، لەم هەل و مەرجەدا کۆمەڵێکی بە توانا و بەرهەم ڕەنگینی نووسەری منداڵمان (هۆنراوەنووس، چیرۆکنووس، ئۆپەرێت و شانۆنووس، ڕۆماننووس، پەخشاننووس)مان لێ هەڵبکەوتایە و ببوونایەتە پسپۆڕی بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان.. هەندێکیش لە نووسەران، ئەگەر تواناشیان لە بارەی نووسین بۆ منداڵان هەبێت.. ڕەنگە لێکدانەوەیەکی هەڵەیان هەبێت ، گوایە

بواری نووسین بۆ منداڵان، دەرکەوتن و ناوبانگیان پێ نابەخشێت.. بەڵام بۆ نموونە کەڵە نووسەری جێهانی (هانس ئەندەرسن کریستیان)ی دانمارکی ، بە هۆی نووسینەکانی بۆ منداڵان ناوبانگی لە هەموو جیهاندا دەرکرد.. ئەو چیرۆکانەی کە (١٧٦) ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەفسانەکانەوە بۆ منداڵان وەری گرتوون ، بە زۆری کراون بە فیلم و فیلمی کارتون ، گۆڕیویانن بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان و، بوونە بە مایەی ڕێز و شانازی بۆ هانس و بۆ دانمارك.

بۆ ئاوڕدانەوە و برەودان بە ئەدەبی منداڵانی کوردمان، سەرنج و را و پێشنیارەکانم لەم (دە) خاڵەدا چڕدەکەمەوە ، هیوادارم لایەنە پەیوەندی دارەکان ڕەچاویان بکەن:

یەکەم/ بە پارە یارمەتی نووسەری منداڵان بدرێت، بۆ چاپکردنی کتێبەکانیان..چونکە کتێبی منداڵان پێویستی بە وێنە و تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ و دیزایینی قەشەنگی بەرگی یەکەم هەیە، ئەمەش پارەی دەوێت.. دەبێت نرخی فرۆشتنی کتێبەکانیش گران نەبن.

دووەم/ پێویستە حکومەت دەزگایەکی چاپکردنی تایبەتی بۆ کتێب و گۆڤارەکانی منداڵان دابنێت.. وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان، خەمی دامەزراندنی ئەم دەزگایە بخوات.

سێیەم/ چالاکردنی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری منداڵان، کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانە.. چونکە چالاکییەکانیان لە ئاستی پێویستییەکانی منداڵانی کوردستاندا نین.

چوارەم/ دانانی لیژنەیەکی باڵای پسپۆڕ بە ئەدەبی منداڵان، ڕێ بە چاپکردنی ئەو کتێب و گۆڤارانە نەدەن ، کە کاڵوکرچن و هەڵەی زمانەوانیان تێدایە و بیرۆکەکانیان زیانبەخشن.

پێنجەم/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری پارێزگاکانی کوردستان، بە کەرکوك و خانەقین و شوێنە داگیرکراوەکانی تریشمانەوە..بودجەیەك بۆ کڕینی کتێبی منداڵان دابنێن و، ساڵانە کتێبی تازەی منداڵان بکڕن و، بەسەر کتێبخانە گشتییەکانی شار و شاروچکەکان و، کتێبخانەکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا دابەشیان بکەن.

شەشەم/ هاندانی نووسینی منداڵان خۆیان، ساڵانە چەندین منداڵی نووسەری بەهرەمەند لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانەوە، خەڵاتی شایستەیان پێشکەش بکەن.

حەوتەم/ ساڵانە، وەزارەتی ڕۆشنبیری





کوردستان، چەند نووسەر و هونەرمەندێکی بواری ئەدەب و هونەری منداڵان و دەرهێنەری شانۆی منداڵان و ئامادەکەر و پێشکەشکەری بەرنامە و ماوەی منداڵان لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی کوردستان، خەڵاتی شایستەیان پێ ببەخشن.. من بزانم ، تا ئێستا ( خەڵاتی ساڵانەی ئیبراهیم ئەحمەد) پێشکەش بە دوو کەڵەنووسەری بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان کراوە، ئەوانیش مامۆستا ( ع ع شەونم - عەلی عەبدوڵڵا شەونم ) و ( لەتیف هەڵمەت )بە.. دەستخۆشی لە لیژنەی سەرپەرشتی ئەو خەڵاتە دەکەین.

هەشتەم/ بایەخێکی زیاتر بە نووسینی ڕۆمان و شانۆگەری و ئۆپەرێتی منداڵان بدرێت.

نۆیەم/ پێویستە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان، کۆمەڵێك فیلمی تازەی کارتۆن و فیلمی تازەی سینەمایی سوودبەخش بۆ منداڵان، بە کوردی دۆبلاجیان بکەن.

دەیەم/ پێویستە لە لایەن لیژنەیەکی شارەزای زمانەوان و ئەدەبی منداڵان، سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان. ساڵانە کۆمەڵێك کتێبی چاپکراوی کوری بۆمنداڵان، بگۆڕن بۆ زمانەکانی گەلانی تر.. بە پێچەوانەشەوە کۆمەڵێك کتێبی منداڵان لە زمانەکانی گەلانی ترەوە بگۆڕن بۆ زمانی کوردیمان.



نوسین وئامادەکردن وشیکاری:
عەزیز عوسمان

# کوردستان، لانکەی ئایینی میترایی و کاریگەری لەسەر ئایینی مەسیحی

+ئایینی میترایی( میهری، خۆرپەرستی) ئاینێکی کۆنی بە رەسەن ئاریایی( ئێرانی)یەو لەدیدو کەلتوری لەمێژینە و رابردووە هەرە دوورەکانی دانیشتوانی رەسەنی ئاریان زەمین سەرچاوەی گرتووە . ئەم ئایینە پتر لە(٢٠٠٠)ساڵ بەسەر هەموو دینەکانی دیکەدا باڵا دەست بووەو کاریگەرییەکی بەرچاویشی هەبووە لە سەر دیینەکانی پاش خۆی (زەردەشتی، یەهودی ، مەسیحی ...هتد(..

+نەتەوە بەرەگەز ئاریەکان(ئایریەکان ، ئاوریەکان ، ئاگریەکان)ی وەك پیشدادیو کەیانیو هوری.... و دواتریش ماد و پارسەکان، هەر لە کۆنەوە لە رووی هزری دینیەوە باوەڕیان بە بنەمای دووالیزمی(الپنائیە) هەبووە، وەك (خێرو شەڕ) کە بە (رووناکیو تاریکی) هێمایان بۆ کردووەو دواتر لە ئاییني زەردەشتیدا لە شێوەی ئاهوراو ئەهریمەندا بەرجەستە بووە،

+لە ئایینە کۆنەکانی ئاری نەژادی وەك (میترایی ، زەروانی،زەردەشتی، مانی، مەزدەکی، ئیزدی ،یارسانی، هتد..)، هەموو ئەوشتانەی کە زیانیان بە مرۆڤ گەیاندوە، وەك (سەرماوسۆڵەوتاریکی، قاتوقڕی، مردن، ترس،.. هتد.)، هێما بوون بۆ هێزی تاریکی واتە (ئەهریمەن ).







بەپێچەوانەشەوە هەموو ئەوشتانەی کە بە سەرچاوەی خێرو خۆشی زانراون، سەر بە هێزی رووناکی بوونەو لەژێر کاریگەری ئاهورا ( هورا، خولا، خودا )دا بوون.

پیرۆزیی روناکیی خۆر لای میتراییەکانو دواتر لای زەردەشتیەکانو باقی ئاینە بەرەگەز ئاریاییەکان، زۆر بەجوانی ئاماژەی بۆ کراوە

+پرۆفیسۆر(ئارسەر کریستنس ) لەکتێبەکەیدا (ایران فى العهد الساسانى) نوسیویەتی: ئاییني میترایی لە چیاکانەوە لەسەروی میزۆپۆتامیاوە بەرەو ناوەراستو باشور داکشاوەو لای بابلیەکان بووە بە خواوەندی رووناکی بەرەبەیانو بەخۆری نەبەزیویان ناوزەد کردووە ، موسەلەکەی(حەمورابی)یش ئەم بۆچونەمان زیاتر بۆ پشت راست دەکاتەوە کاتێ حەمورابی لە سەروی (موسەلە)کەوە دەبینرێ، لە بەرامبەر خواوەندی خۆر راوەستاوەو داوای هێزو یارمەتیی لێ دەکات بۆ سەپاندنی یاسا بەنێو بانگەکەی.

+زانای بەناوبانگی سویسری ( کارل گۆستاویۆنگ) ١٨٧٥ –١٩٦١دەڵێت:(( سەیرە کە (کریسمەس)کەوتۆتە کۆتایی پایز و سەرەتای زستان ؟ زەمەنێك، کە لەنەرێتە سەرەتاییەکانی خەڵکانی(باکور) نیشانەی داهاتوو و سەرلەنوێ لە دایك بوونەوەیە)).

+مرۆڤی کۆمەلگە سەرەتاییەکانی ئاریان زەمین، لەو کاتو ساتانەدا کە پێشوازییان لەزستان دەکرد، بە کۆمەل و لە شێوەی کۆرسدا ئاهەنگیان دەگێراو ئاگریان دەکردەوە، بەدەم چڕینی هۆرەوە(هۆریات، خۆریات، قۆریات)ەوە ستایشی خۆریان دەکرد. ئەمەشیان بۆئەوە بوو زیاتر لە خۆر یان ئەو هێزەی لە پشتیەوەیەتی نزیك ببنەوە، بەو هیوایەی شەوی درێژ و تاریكو ئەنگوستەچاویان بۆ کورت بکاتەوەو خۆر هەر چی زووترە هەڵبێت و زیاتر لە تاقی ئاسماندا بمێنێتەوە، دوا جار ئەم مەراسیمە بە جەژنی (میهراگا) ناسراو لە ناوەڕۆکیشدا واتاکەی ماڵ ئاوایی کردن بوو لە درێژترین شەوی ساڵ و پێشوازیکردن بوو لە یەکەم چرکەی درێژبونەوەی رۆژ، هەر بۆیە لە ئاییني (میهر) پەرستیدا ، نیوە شەوی ٢٤ی دیسامبەر(بەفران بار) کە درێژترین شەوی ساڵ و شەوی لە دایکبوونی میترا بوو، کە دواتر بە شەوی (یەڵدا) ناسرا و گواسترایەوە بۆرۆژی( یەك شەمە) ٢٥ی دیسامبر و گۆردرا بۆ رۆژی لە دایك بوونی (عیسا)..

+ دکتۆر( احمد سوسە) لە کتێبی (العرب والیهود فى التاريخ، ل٢١٣)دا دەڵێ: {هوریەکان (خورییەکان) کە بنەمای سیاسەتی دەوڵەتی میتانیان دارشت، لە نیوەی هەزارەی سێهەمی.پ.ز توانییان(فەلەستینو ناوچەکانی تری فینیقی)یش بخەنە نێو چوار چێوەی قەڵەمرەوی خۆیانەوە، لەتەوراتیش، لە (سفر التکوین)دا نێوی هوریەکان بە(حوریون ،حورتیون) هاتووەو ئامارژە بە هەندیکیان کراوە کە لە خواروی رۆژهەڵاتی فەلەستین لە ناوچەی (سعیر) نیشەجێ بوون }. هەڵبەتە

ئەم دەرئەنجامەش ڕێخۆشکەر بووە بۆ کرانەوەی نەریت و کەلتوورو فەرهەنگ و ئایینی ئێرانی بەڕووی خەڵکانی کەنعان وفیرعەونەکانی وڵاتی میسردا، لە هەمان کاتیشدا بۆتە هۆکاری گەشەکردنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابوریە بەهێزەی نێوان هوریەکان و فیرعەونەکانی میسر پێش لە دایك بوونی حەزرەتی (موسا) و سەرهەڵدانی ئایینی جولەکە ..

+دکتۆر جەمال ڕەشید لە لاپەر ٢٥٨ی کتێبەکەی (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژوی وڵاتی کوردەواری)دا دەڵێت :بە پشت بەستن بە توێژینەوەکانی (تل العمارنه)ی وڵاتی میسر، کە لە ١٩١٢لەلایەن ئەم شوێنەوار ناسانەوە دۆزراونەتەوە

١- elenorBille Demot ئیلینۆرا بیل دیم

٢- Ludwig Borchardt لۆدڤیك بۆرخارت

٣- Noor J.A. Knudtson نورکنودتسون

کۆمەڵێ زانیاری بە دەست هاتون و بۆمان دەرکەوتووە کە (نەفەرتیتی) شاژنی میسر، هەر ئەو ( تاتۆهیپا)یەی کچی (توشراتای) پادشای هورییە، کە لە ساڵی ١٣٦٠پ.ز. شوی بە(ئامون حەوتەب)ی چوارەم کردوتەوەو بیرۆکەی ئایینی خۆر پەرستی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە وڵاتی میسر، لە کاتێدا لەسەرتاپای ئەو وڵاتەدا، سەردەمێکی دوورو درێژ بوو خەڵکەکەی گیرۆدەی ئایینی بتپەرستی بوون، وەك (ئامون ، رع، هتد.!(..

)+د. لولین گریفت)، زانای بەنێوبانگی ئەمریکایی و شارەزا لە زانستی ئایینی میسری کۆن و مامۆستا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد ، دەڵێ:(( ئامون حەوتەبی چوارەم بەهۆی ئەو کاریگەری و کارتێکردنەی هاوسەرەکەی (نەفرتیتی) لە سەری، لە ئایینی پێشوی (ئامون) واتە بت پەرستی وەرگەراو ئایینی خۆرپەرستی(ئاتون)ی پەسەندکرد و بە هاوکاری نەفرتیتی هاوسەری، توانیی گۆرانکاریەکی تەواوی ئایینی لە میسردا بکات و نێوی خۆیشی لە(ئامون حوتەب)ەوە گۆری بۆ (ئاخن ئاتون)، ئەمەش بە بۆچونی (گریفت) بە شۆرشێکی ئایینی مەزن لە مێژوودا دەژمێردرێ و لەگواستنەوەی بت پەرستی بۆ مەسیحیەت هیچی کەمتر نەبووە)) +(گریفت)

بەردەوام دەبێ و دەڵێ:(( ئەم بیرۆکەیە واتە میترایی(خۆرپەرستی) کە نیفرتیتی (تاتۆهیپا) و شازادەکانی هوری لە گەڵ خۆیاندا لە وڵاتی میتانی واتە لە (کوردستان )ەوە هێنابوویانە میسر، ئاسۆی بیرێکی نوێی لەو وڵاتەدا بۆ ئەو خەڵکە کردەوە ئەویش دووركەوتنەوە بوو لە پت پەرستی و نزیکبونەوە بوو لە(چەمکی یەکتاپەرستی)) . پاشان و نزیکەی نیو سەدە دواتر پەیامی حەزرەتی(موسا) سەری هەڵداو دەستیکرد بە بانگەشە بۆ ئایینی جولەکە.

پەرینەوەی میترائیزم بۆ ئەوروپا

+ پێش گەیشتنی ئایینی مەسیحی بۆ







ئەوروپا، لە ساڵی(٦٨)ز ئایینی میهرپەرستی گەیشتۆتە ئەوروپا و لە ساڵی(١٤٨)ز هەموو رۆمای گرتبۆوە، لەهەر یەك لە ئەڵمانیا و فەرەنساوئیسپانیاو سەرووی ئەفریقیا، شوێنەواری میترا دۆزراونەتەوە. میترائیزمیش وەك باقی ئاینەکانی تر، ئەفسانەیەکیان هەیە: (میترا) سەرەتا لە بەردێك و لە ناو ئەشکەوتێك، نیوە شەوی شەمە،ڕێکەوتی ٢٤-١٢ لە درێژترین شەوی ساڵدا لە دایك بووە، کە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد بە شەوی(یەڵدا) ناسرا و جەژنی گەورەی بۆ دەگیرا و تا ئێستاش لە نێو هەندێ لە ئایینە ئێرانییەکاندا هەر بە جەژنی رۆژی میهر(میهراگا،میهرجان) واتە رۆژی خۆر ماوەتەوەو بە رۆژی لە دایك بوونی میترا ناسراوە. بەڵام لە سەدەی چوارەمی زایینی بەدواوە رۆژی یەك شەمە ٢٥ی دیسامبر کە رۆژی لە دایکبوونی( میترا) بوو، لە ئەنجامی بەربەرەکانێی هەردوو ئایینی (مەسیحی ومیترائیزم)، کرا بە رۆژی لە دایکبوونی (عیسا)ی پەیامبەر، هەروەهاش داری سنەوبەر کە لای ئایینی مەزدیەسنا پیرۆز رادەگیرا و لە شەوی یەڵدا دەیانرازاندەوە، لەگەڵ کۆمەڵێ ڕێورەسمی تر خزێنرایە نێو ئایینی مەسیحیەوە،

)+حەمید نەیێری نوری) لە کتێبی(پشکی ئێرانیەکان لە شارستانیەتی جیهان) ل٢٣٩، ئاماژەی بە هەندێ لایەنی لێکچوونی نێوان میهر پەرستی و مەسیحی کردووە:

١- گوتراوە کاتێك میترا لە دایك بوو، لە لایەن شوانەکانەوە ستایشکرا . مەسیحیش کە لە دایك بوو، لە لایەن شوانانەوە ڕێزلێگیرا .

٢- هیمای (+) کە پێشتر سیمبول و نمادی ئایینی میترایی بوو، هێمای مەزنی میترا بوو ، بەوتای میترا خواوەندی (باکورو باشورو رۆژهەڵات و رۆژئاوا)یە، ئەمە جگە لەوەی ئەم چوار رەگەزە (ئاگر، هەوا، ئاو، خاك) لای میهر ئاینەکان زۆر بە پیرۆز رادەگیرا ، دواتر ئەم نمادە (+) لای مەسیحیەکان لە شێوەی خاچ پەسەند کرا

٣- میهر خواوەندی (بەڵێن و پەیمانە) خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە کتێبی ( ئینجیل) بە پەیمان یان بە بەڵێنی نوێ و (تەورات)یش بە کۆن ناوبراوە.

٤-میهر بۆ پەیروانی خۆی و مەسیحیش بۆ مەسیحیەکان بەناوەندو سنوری نێوانی پەروەردگار و بەندەکان دادەنران

٥- دوازدە بورجی(کەلوی) ئاسمانی کە هاوڕێیانی میهر بوون ، لای مەسیح بووە دوازدە حەواری

٦- زەنگ وداگیرسانی مۆم و ژەنینی مۆسیقا لە کاتی ڕێورەسمی پەرستن ، لە ئایینی میتراوە لە شێوە (تراتیل)هاتە ناو ئایینی مە سیحییەوە

٧- یەکشەممە کە رۆژی خۆر یان میهر بوو، بە رۆژی پیرۆز دانراوە ، ئێستابە (سان دەی) ناودەبرێ

٨- غوسڵی تەعمید، شوشتنەوەی لەش لەلایەن میهرئاینەکانەوە باوبووەو دواتر چووە ناو ئایینی مەسیحیەوە .

+ ئەمە جگە لە ووشەی (امین)، کە لە کۆتایی هەر نزاو پاڕانەوەیەکدا لە ئایینی جولەکە و مەسیحیو ئیسلام دەگوترێتەوە ، من وەكو خۆم هیچ بە دووری نازانم کە ئەمیش لە (سپانت امینو) و (ئەنگەر امینو)ی ئایینی مەزدی(مەزدیسنا)وە سەرچاوەی گرتبێ، چونکە( مینۆ یان امینۆ) لە ئاینی مەزد یەسنا بە واتای روحی پیرۆز دێت کە دەکاتە( روح القدس . (

)+فرانس کۆمۆن) لە کتێبەکەیدا(نهێنیەکانی ئایینی میترایی)ل۳۳، زۆر بە جوانی کاری لەسەر ناساندنو مێژوی بڵاوبونەوەو هەروا چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم ئایینەی لە کوردستانەوە بۆ رۆژئاوا کردووە . (کۆمۆن) دەڵێ:((فەرهەنگو شارستانیەتی یۆنانی(گریك)و پاشانیش رۆمانی بە هیچ شێوەیەك نەیانتوانی لە هزری ئێرانیەکاندا شوێنێك بۆ خۆیان بکەنەوە ، بەڵکو ئەوە یۆنانو دواتریش رۆمان بوون کە بەرەو پیری کەلتوری ئێرانی هاتن)) !.

کەواتە بەپێی ئەم تێڕوانینەی (کۆمۆن)، دەتوانیین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە یەکەم پەیڤی وابەستەبوون بە چەمکی یەکتاپەرستی لەم شوێنەو لەم سەرزەمینەدا سەری هەڵداوەو هاتۆتە ئاراوە، واتە ئەندێشەو هزری مرۆڤ لێرەدا و لە ئاریاداو لە کوردستاندا، ئاوێتەی یەکەم ئەفسانەو چیرۆکی بەدیهاتنو ئافراندن بووە ..

+ئایینی مەزدیەسنا(مەزدا پەرستی) لە ریگای (مۆغانو مۆبەدان)ی میدیو تادەگاتە ساسانی، دیاردەیەکی هزری بەرچاو و ریشەداری ئێرانی بوو بە سەر کلتورو شارستانیەتی یۆنانیو رۆمانیدا.. شێوازی گواستنەوەی ئەم رەوتو رێبازە ئایینیانەش لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا لە چوار قۆناغ و دەورەی مێژوویی جیاوازدا بەدیدەکرێت.

یەکەم– لەسەردەمی(کەیانیەکان)و لە فەرمانڕەوایی (کەیویشتاسپ) شادا کە ئایینی زەردەشتی پەسەند کرد، بەمەش ئاینی میهری تادەهات بازنەی بڵاوبونەوەی بەرتەسکتر دەبۆوەو بەناچاری روویان لە ئەرەمینا و ئەوروپا وشوێنانی تر دەکرد.

دووەم– لە سەردەمی فەرمانرەوایی(خشایەر شای) هەخامنشی(اخمینی) کە بەتەواوی ئایینی میهر پەرستی قەدەغەکردو لەبەرامبەردا ئازادی بۆ زەردەشتیەکان فەراهەم کرد، ئەمەش گورزێکیتر بوو کە بەر ئایینی میترایی کەوتو بەشێکیان رووەو رۆژئاوا بڵاوەیان لێکرد . سێیەم– ئەشکانیەکان ئاینی (زەردشتیان) بە ئایینێکی میدی وپارسی دەناسیو مۆغو مۆبەدانیان بە پاشماوەی میدیو هەخامەنشییەکان دەبینیو لە هەوڵی پشتگوێخستنو پەراوێز کردنیاندا بوون، لە بەرامبەرداو بە دژی زەردەشتیکان ریگایان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی میترایی خۆش کرد، ئەمەش هۆکارێکیتر بوو بۆ بڵاوبونەوەی ئاینی میترایی لە ناوچەیەکی بەرفراوانی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانیو دواتر بڵاوبونەوەیان بەدونیا و بە تایبەتی رۆژواوادا.

چوارەم–لە سەردەمی ساسانیەکاندا کە







دەوڵەت لە سەر بنەمای ئایین دامەزراو ئایینی زەردەشتی جارێکیتر بواری بۆ رەخساو بوەوە ئاینی فەرمی دەوڵەت ، دیسانەوە ئاینی میتراییزم کەوتەوە بەر پەلامارو راوەدوونان و دواجار کۆچو رەوێکیتریان سەری هەڵدایەوە بەرەو خاکی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بە تایبەتیو رۆژئاوا بە گشتی

باوەڕ و رێوڕەسمی میهرئایینەکان لەرۆژئاوا

+پەیڕەوانی ئایینی میهری لەوباوەڕەدا بوون، لەکاتی جیبەجیکردنی سروود و رێوڕەسمی نەریتە نهێنیەکاندا، هێزێکی شاراوەو پەنهان، باڵ بە سەر هزرو هۆشیاندا دەکێشێ، پێشیان وابوو خۆشەویستیو نزاوپاڕانەوە ، پاکبونەوەی گوناهەکانو ئاسودەیی دەرونیی لێدەکەوێتەوە و ئارامیی جەستەیی بەدوای خۆیدا دێنێ.

لەئایینی میهریدا راستیەکی رەها هەبوو، ئەویش باوەڕبوون بوو بە ژیانی دوای مەرگو بەردەوامبوونی گەوهەری ژیان لە ئافراندنی جیهانێکی تردا.

بەپێی بۆچوونەکانی ئایینی میترایی، مرۆڤ پاش مردنی، کاتێك کە ژیانی جەستەیی کۆتایی دێتو گیانی لەلەشی جیادەبێەوەو رووحی دەربازدەبێت بۆ دونیای ئەودیو. فریشتەکانی روناکیو دێوەکانی تاریکی بۆ کێشکردنی گیان(رووح)ە دەربازبووەکەی، دەکەونە ململانێو رکابەرییەوە. تالەونێوەدا فریشتەیەك (دادوەرێکی تایبەت) دوای هەڵسەنگاندنی چاکەو خراپەکەی، رایدەگەیەنێت کە ئەم گیانە، شایستەی ئەوەیە روحەکەی بە حەوت چینەکانی ئاسماندا تێپەڕێو بەرەو بەهەشت هەڵفڕێ، یان گومرایەو کردەوەو پەیڕەوی( ئەهریمەنانەیە )ودەبێ بکەوێتە بەردەستی ئەهریمەنو دێوەکانیەوەو بەرەو قولآیی دۆزەخ راپێچ بکرێ بە مەبەستی ئەشکەنجەو ئازاردانی، پاش ئەوەی بەهۆی تاوانەکانیەوە سزادەدرێت، دواتر بە ناچاری، ملکەچ دەکرێت، تا جارێکی تربگەرێتەوە سەرزەویو لە نێو جەستەو لەشی ئاژەڵێك یان خشۆکێك وەیان مێرویەکدا بژێت .

+ژمارەی حەوت، پیرۆزییەکی هەبوو لای میهرپەرستەکان، پەیڕەوانو رێبەرانی ئایینی میهرپەرستی پێیان وابوو، ئاسمان لە حەوت چین(تەبەقە) پێکهاتووە، هەرچینەو تایبەتە بە ئەستێرەیەكو نێوی ئەو ئەستێرەیەی بۆ دانراوە، بەفەرمانی ئاهورا(خولآ،خودا)، هەرچینە لە ئەستۆی فریشتەیەکدایە.

هەرگیانێك(روح) کە شایستەی ئەوەبوو بەرەو ئاسمان هەڵفرێ، دەبێ بەم حەوت چینەدا تێپەڕێو لەهەریەك لەو چینانەدا رادەگیرێو لێپێچینەوەی لە گەڵدا دەکرێ. ماوەی مانەوەشی لە هەر یەك لەو چینانەدا پەیوەستە بەو رەفتارو کارو کردەوانەی (چاك یان خراپ ) کە لە ژیانی سەر زەویدا ئەنجامیداون . واتە ئەوکەسەی لە ژیانی سەرزەویدا زیاتر گوێرایەڵی ئەركو فرمانەکانی میهر(میترا) بوایە و بیرو گوفتارو

کردەوەی چاکبوایە، ئەوا بەخێرایی بەو حەوت چینەدا سەردەکەوت و تێدەپەڕی و دەگەیشتە چینی هەشتەم(بەه– هەشت)، کە شوێن و مەقامی ئاهورامەزدایە..

ئەنجومەنی میترایی..

ئەنجومەنی میترایی لەرۆژئاوا کە لە ( کاتۆزی و ئەنجومەنی مۆغان و ژێرلا ومەری) سەرچاوەی گرتبوو، پاش پەڕینەوەیان بۆ ئەوروپاو بڵاوبونەوەیان بەتایبەتی لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریای رۆمە بێزەنتەکان، توانیان لەگەڵ هەندێ گۆرانکاری و خۆگونجاندن دزەبکەنە نێو فکرو فەلسەفەی ئەو دەڤەرانەو پێگەیەك بۆخۆیان بکەنەوەو کۆمەڵە و ریکخراوی ئایینی تایبەت بە خۆیان هەبێ.

ئەنجومەنی میترایی ،لە چوارچیوەی سنوری ( ئیمپراتۆریای رۆمانی)دا بواری بۆ رەخسابوو لە میهراگاو رێورەسمە ئاینیەکاندا ئازادانە مەراسیم و بۆنە ئایینیەکانیان بگێرن. واتە ئەم ئەنجومەنە میتراییانە لەلایەن دەوڵەتەوە رێگەپیدراوبوون. باج وناسنامەی تایبەتیان هەبوو, تا بتوانن ئازادانەو سەربەستانە چالاکیە ئایینی و کۆمەڵایتیەکانیان ئەنجامبدەن.

+فرانس کۆمۆن دەڵێ: بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی دەستمان کەوتوون، ئەنجومەنە میترایپەکان جگە لە فێرگەکان, کە کاری پەروەردەکردنی ئاینییان ئەنجامدەداو مەڵبەندو ناوەندی چالاکی ئایینی بوون، بەرێوەبەرایەتیەکیشان هەبوو کە هەندێ جار دەستیان دەخستە نێو کاروباری دەسەڵاتەکانی حکومەت، وەك و باج و دەرامەت و کێشە یاساییەکان..

لەم ئەنجومەنانەدا، ژمارەیەك دەفتەر دابینکرابوون کە بەشێوەیەکی فەرمی ناوو نیشانی هەموو ئەندامەکانی ئەنجومەنی بەپێی پلەو پایەیان لە ناو کۆمەڵگاو دەرەوەو ناوەوەی ئەنجومەن تۆماردەکران. گروپێکی دەکەسی هەبوون، کە لەسەر جەم ئەنجومەنە جیاجیاکانی دەڤەرو ناوچە جیاوازەکاندا هەڵدەبژێردران، ئەم گروپە دەکەسیە، بەردەوام لەکۆبونەوە گەورەکاندا ئامادە دەبوون و پێیان دەوترا (دەستە). ئەم دەستەیە لەشارەکاندا، لە کەسایەتی و خەڵکانی خاوەن پلەوپایەو لەهەندێ موڵکدارو دەوڵەمەندە گەورەکان پێکهاتبون ، ئەم دەستەیە راوێژکاری و چاودێری کاروباری ئایینی و هەروا هەندێکجار حکومیشی لەئەستۆدابوو، هەموو ساڵێك لەلایەن دەستەوە( دەستداوەر،دەستەوەر، دەستور)ەوە ، چەند سەرپەرشتیارێك دیاری دەکران کە هەمیشە لە ئامادەباشیدا بوون بۆ رێکخستن و بەرێوەبردنی کۆبونەوە گشتییەکان, هەروەها(دەستە، دەستور) کارێکی تریشی لە ئەستۆگرتبوو، ئەویش دەستنیشانکردنی چەندین بەرپرس و بەرێوەبەرانی دارایی بوو لە نێو هەرکام لە ئەنجومەنەکاندا بۆ بەرێوەبردنی کاروباری گشتی دارایی ئەنجومەن. واتە لە لایەکەوە، باج و پیتاك و ئابونەیان کۆدەکردەوەو لە لایەکی تریشەوە بەرپرسبوون لە رێکخستنی





کاروبارە داراییەکانی نێو ئەنجومەن .. هەموو ئەو کەسانەش کە توانای مادیی باشیان هەبوایە، دەبوایە کۆمەکی بودجەی ئەنجومەنەکانیان بکردایە.. ئەم یارمەتیە خێرخوازیانە تەنها بەشی بەرێوەبردن و دامەزراندنی رێکخراوەکان و فێرگەکان و کاروباری میهرابەکان(پەرستگەی خۆر)ی دەکرد. هەندێ جاریش ئەگەر بۆ دروستکردنی پەرستگە گەورەکان و بەرێوەبردنی جەژنەگەورەکان(میهراگا), پێویستیان بە کۆمەکی زیاتربوایە، ئەوا لەنێو شارەکاندا جارلێدەدراو پارەیەکی زۆر لە لایەن باوەڕداران و موریدو شوێنکەوتوانی ئایینی میهرپەرستیەوە کۆدەکرایەوەو خاوەن زەویەکانیش پارچەزەوییەکی گونجاویان بە ئەنجومەن دەبەخشی تاوەکو (پەرستگە) میهرابەیەکی لەسەردروستبکەن.. ئەوەی شایانی هێما بۆ کردنە، میهرابەکان بەجوانترین شێوەی هونەری بیناسازی و سەردەمیانە بە بەردی مەرمەرو گرانێتی ئیتاڵی دروستدەکران. هەرکاتێکیش بە هۆی تێپەرینی رۆژگارەوە، کۆندەبوون یان کەڵکیان نەدەما. ئەوا لەسەر ئەرکی پەیرەوان و شوێنکەوتووە زەنگینەکانەوە بەپێی هەلومەرجی سەردەم نۆژەندەکرانەوە، یان میهرابەیەکی نوێترو گەورەتر لە شوێنیاندا دروستدەکرا

زۆرجار لە تەنیشت میهرابەکانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی شار،پەرستگەیەکی بچوکیش لەتەك ئەم میهرابەیەوە دروستدەکرا، کە دەبووە جێگای پشودان و حەوانەوەی رێبواران و لانەوازان و بێنەوایان . هەندێجاریش لە تەنیشت میهرابەکانەوە، کۆمەڵێ ژورو شوێنی تایبەت دروستدەکران بۆ بە خێوکردنی پیرو کەنەفت و پەککەوتوان و بێدەرەتان و بێکەس و هەتیوان..!!

+جیاوازی چینایەتی، لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەی میتراییدا بە باشترین شێوە چارەسەرکرابوو، بە تایبەتی لە نێو موریدو پەیرەوانی ئایینی میتراییدا، چونکە هاوکاری و کۆمەك بەیەککردن, بەبنەمایەکی سەرەکی ئایینی میترایی دادەنرا. تەبایی و یەکسانی پلەی هەژار و دەوڵەمەندەکان، واتاو شکۆمەندییکی بەرچاوی بەئایینەکە دەبەخشی و تادەهات خەڵکی زیاتر لەدەوری ئایینەکە کۆ دەبونەوە..

کۆمەلأنی خەڵك، دوای ئەوەی کە دەهاتنە نێو ریزی ئەم کۆڕو ئەنجومەنە میهرپەرستیانەوە، دەبوونە هاوڕێی ئایینی و لە ئەنجامدا پشتیوانی و هاوسۆزی هەموو هاوئایینیەکانیان بەدەستدەهێناو بەمەش دڵنیابوون و ئاسودەیی ژیان و پشتگیری و کۆمەك بەیەکردنیان مسۆگەرو دەستەبەردەکرد. خەڵکەکە لە نێو ئەم ئەنجومەنی برایەتی و یەکبوونەدا، کاتێك خۆیان بە ئەندامێکی ئەم پێکهاتەیە دەزانی،، لە لوت بەرزی و خۆباییبون و خواستی تایبەت و خاوەنداریێتی دور دەوکەوتنەوە، ئەم ئاکارو رەفتارو هەڵسوکەوتانەی ئەندامانی ئەنجومەنە میهریەکان، رەگ و ریشەی تۆکمەو بەتینی لە زۆربەی

ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی رۆمادا داکوتابوو. پەیڕەوانی ئەم ئایینە هەموو هۆگرو پشتیوانی یەکتربوون و دەیانزانی و دڵنیابوون دوای مردنیان، هاوڕیکانیان ریورەسمی مەراسیمی ناشتنیان، بەوپەری دڵسۆزییەوە بۆ دەگێرن و بەرێزەوە جێبەجێیدەکەن. پەیڕەوانی ئەم ئایینە لەپاش مردنیش بەشێوەیەکی چونیەك و هاوشێوە لە ناو یەك گۆڕستاندا دەنێژران، ئەمەش گەورەترین ئاواتی هەر میهرئاینێك بوو لە سەرە مەرگدا

.دژایەتی (مەسیحی ومیترایی(

لەساڵی (٢٧٣) ز ئۆرلیان بە مەبەستی نیشاندانی هێزو دەسەڵاتی ئیمپراتۆری رۆما، ریورەسمێکی گشتی بۆ ستایشکردنی خواوەندی میتراو خۆری نەبەزیو بەرپاکردو بۆ ئەم مەبەستەش لاسایی شێوەی دیوانی کۆشکی ساسانیەکانی کردەوە. دوور نەبوو لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی رۆمادا، ئایینێك لە سەر بنەمای یەکتاپەرستی میهری وەکو ئایینی فەرمیی وڵات هەڵبژێدریٚ، هەروەك و چۆن لەئێراند اشێوازێکی ئاوەها لە ئارادابوو. بەڵام لەپڕ، پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراو رویداو بارودۆخەکەی بە تەواوی گۆری. ئەویش ئەو هەڵۆێستەی ئیمپراتۆر (کۆستانتین) بوو، کەبوو بە مەسیحی و دواتریش بەئایینی فەرمیی دەوڵەتی ناساند و پاشان کەوتە دژایەتیکردنی ئایینی میترایی . ئیتر دوای ئەوە تا دەهات گەشەی ئایینی میهر پەرستی روو لە کزی بوو. ئەگەر چی(کوستەنتین) بە ئاشکرا دژایەتی ئایینی دێرینی نەدەکردو زیرەکانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد، بەڵام جێنشینەکانی بە توندی رووبەروی ئەو ئایینە دێرینە واتە(میترایی) بوونەوە و گەورە پیاوانی کەنیسە سەرقاڵی دارشتنی پیلانی لە ناوبردنی ئەو ئایینە بوون . تەنانەت یەکێك لە نوسەرانی ئەوکاتە نوسیویەتی: لەسەردەمی رۆژگاری کۆستانتین بەدواوە کەس نەیدەوێرا سەیری هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر بکات، تەنانەت جوتیارو دەریاوانەکانیش، لەکاتی پێویستدا بەهۆی ترس و تۆقاندن سەیری ئەستێرەکانیان نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێبەرانی کەنیسە نەیانتوانی بە یەکجارەکی دژی ئەم ئایینە بوەستنەوە، هەر بۆیە بەناچاری لە هەوڵی ئەوەدا بوون هەندیٚ لە بنەما بنچینەییەکانی ئایینی میترایی بئاخێننە نێوئایینی مەسیحیەوە، بۆ ئەوەی ریگە بۆ هاتنی میهر پەرستەکان بۆ نێو ئامێزی مەسیحیەت خۆشبکەن، لەلایەکی تریشەوە نەیاندەتوانی خۆیان لە کاریگەریی ئەو میراتە رزگار بکەن کە لە ئایینی دێرین واتە میترایی بۆیان مابۆوە.

هەردوو ئایینی(میترایی و مەسیحی), مۆرکێکی رۆژهەڵاتیان پێوەبوو و هەڵگری گەڵێك نەریت و باوەڕو ریوەرەسمی نهێنیی هاوبەش بوون. بەڵام وەك دوو لایەنی رکابەر، لەدژایەتی یەکتردا بوون. لە ئەنجامدا ئایینی میترایی پاش دوو سەدە روبەروبونەوەو ململانیٚ، بە شێوازێك شکستی هێنا، کە







هەرچی کەلتورو تێڕوانینی بەرچاوی هەبوو، ئاخێنرایە نێو ئایینی مەسیحیەوە. ئەم شکستەی ئایینی میترایی بەهۆی چەمك و دەقە ئینجیلیەکان و شێوازی پەروەردەکردنی ئایینی مەسیحیەوە نەبوو.! بەڵکوبەهۆی ئەوەوە بووکە ئایینی میترایی هەندیٚ میراتی ئەو رۆژگارە دێرینەیان لە باوەش گرتبوو کە ئیتر باویان نەمابوو و لە نێوچوبوون. ئەمە جگە لەوەی رۆمەکان و پێشتریش گریکەکان، دوژمنایەتیەکی لە مێژینەیان لە گەڵ ئێرانیەکاندا هەبوو، ئەمەش لە دواجاردا بە سودی مەسیحیەکان شکایەوە. بە دیوێکیتردا ئایینی میترایی، رووبەروی گەلیٚ ململانێی ئایینی نێوخۆیی بووەوە کە لە سەردەمی ساسانیەکاندا چەکەرەی کردبوو. بۆ نمونە ئایینی(مانی ) کە بە خێرایی لە سنوری ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا بڵاوبۆوەو تەنگی بە ئایینی میترایی هەڵچنیبوو، لە هەموو ئەمانەش گرینگتر کۆدیتاکەی (کۆنستانتین)و بەرەنگار بوونەوەی بوو لە بەرامبەر ئاینی میتراییدا. دواجاریش هەرچی میرات و کەلتوری ئایینی(مانی)یش بوو، وەك میرات بۆ ئایینی مەسیحی مایەوە، بەمەش پێگەی ئایینی مەسیحی بەهێزتر بوو لە بەرامبەر ئایینی میتراییداو تەنگی پیهەڵچنی و تادەهات ئایینی میترایی بەرەو کزی دەچوو تاسەرەنجام بەرەو نەمان رۆیی .

سەرچاوەکان:

-١ تاریخ ایران زەمین (دوران کهن) – عبدالعلی معصوم..

العرب والیهود فی التاریخ – د. احمد سوسه –٢

-٣ئێرانی سەردەمی ساسانی– ئاتۆرکریسنس

-٤نهێنیەکانی ئایینی میترایی– فرانس کۆمۆن– وەرگێڕانی فەرهاد عەزیزخۆشناو



د. بوشرا موسا سالەح

# خوێنەری (ناوەکی) لە تیوری وەرگرتندا

و: عەلی شێخ عومەر

(ولفگانگ ئایزەر) یەکێکە لە جەمسەرەکانی زانکۆی کۆنستانس کە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە گەشەکردنی تیۆری وەرگرتن دا و بنەماکەشی دانا، ئەم نەچووە ژێر داو و پێچەکانی فەلسەفەو مێژووە وە وەك ئەوەی لای (یاوس) ئاشکرابوو، ئەم متمانەی بە گەلێ ژێدەرو پاشینەی جۆراوجۆرەوە دەکرد کە گریمانەکانی تێروتەسلێ دەکرد، ئەم پشتی بەست بە چەمکەکانی دیاردەگەرایی و دەروونزانی و زانستی زمان و ئەنترۆپۆلۆگی، سوودی لە کارەکانی (ئەنگاردن) بینی کە فەیلەسوفێکی پۆڵندیی بوو، بە بۆنەی کردەی درك کردنەوە (ئایزەر) هەنگاوی گەورەتری نا بۆ بەشداریکردنی (خودی وەرگر) لە بونیادی مانادا، گەر (ئایزەر) لە نزیکبوونەوەی بونیادگەری دا بەشداری







(یاوس) بکردایە لە رێگرتن بەو مانایەی کە پێداگرە لە پێکهاتەی دەق کە هەڵگر و خەزێنکەری مانایە، ئەوا لە بزاڤی تیۆریی یان لە راییکردنی چەمکەکاندا لە گەڵیدا جیادەبێتەوە بە تایبەت لە چۆنییەتی پێکهاتەو نزیك بوونەوەی مانا، سەرەرای بایەخدانی بە چەمکی داهێنان لە چوارچێوەی بەجێهێنانێکی نوێ لە دیدەو بۆچوونەکانی لە مەر چەمکی(خوێنەری ناوەکی) دا لە بری (ئاسۆی چاوەروانی) یان خوێنەری راستەقینەی مێژووی لای (یاوس).

(ئایزەر) هەوڵیدا توانایەك بداتە خوێنەر کە رێکخستن یان گونجاندن ببەخشێتە دەق کە سەرنجیدا گونجاندن پێدراوێکی دەقئامێز نییە بەڵکو پێکهاتەیەکە لە بونیادی تێگەیشتن کە خوێنەر خۆی دروستکەرو خاوەنییەتی، چونکە مەبەست لە (خود) خۆیەتی بە ئامانجی بە دەستهێنانی وەڵامدانەوەو کارلێککردنی دەقی ستاتیکی.

بۆ خولقاندنی پاشینەکانی(مرجعیات) دەق و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەکانی (ئایزەر) کۆمەڵێك چەمکی راییکردنی داهێنا وەك دەفتەری تۆمار(سجل)، ستراتییەژیەت، ئاستەکانی مانا، پێگەی نادیار، کە بۆ پرکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو دەق کارلێککردنی نیوان دەق و خوێنەر نیشاندەدات..... لەوانەیە تێگەیشتنی (خوێنەری ناوەکی) رەهەندێکی لووتکە هەرەمی هەبێ لەوەی کە (ئایزەر) دایهێناوە لە رایەڵکردنی چەمکەکانی راییکردن. (ئایزەر) جیاکاریکرد لە نیوان خوێنەری ناوەکی و خوێنەرەکانی دیکە کە خوێندنەوەکانی بونیادگەری و شێوازگەرایی دیارییان کردبوو پێش وەخت بە خوێنەری نموونەیی و خوێنەری هاوچەرخ و خوێنەری کۆکەرەوە و خوێنەری هەواڵبەر و خوێنەری بەکارهێن و ئەوانیتریش، لە دەقی بە خەیاڵکردندا خوێنەری (ئایزەر) بوونی راستەقینەی نییەو بەرجەستەی بیرەوەریەکانی وەرگرە یان ئاراستەکانی ناوەوەی دەقی بە خەیاڵکردنە، ئەمەش تێروانینێکە کە خوێنەر بەرەو رووی دەق دەکاتەوە لە دارشتنی پێگەی دەقێ کە بە کردەوە تێگەیشتن لە تەکیدا پەیوەندیدار دەبێت.

ئەم خوێنەرە لە چەمکی خوێنەری کلاسیکیدا گۆرانکاری بە سەردا دێ کە خۆی بازنەیەکی ئاڵۆزەو بە درێژایی ئەدەب درێژدەبێتەوە و لە بونیادی ئەدەب دا ، لە چینەکانی دەق دا ، خوێنەری نادیار توانای نمایش کردن و بەدەرخستنی

دەقی نییە چ بۆ بەدەستهێنانیٚ کە بە ئاستەم هاوسەنگی یاسا ئەدەبییەکانە بۆ دارشتنی ئەدەبیٚ کە لە دووتۆی کرداری وەرگرتن دا بە درێژایی مێژوو پەسەندکراوە، لە گەلٚ (ئایزەر) و ستاتیکای وەرگرتندا بایەخ پێدانی وەرگرتن و ئاراستەی رووەکانی کارکردنبوو لە تۆری پەیوەندییەکانی ئاماژەپێکردن(دلالیە) لە کاتی کارتێکردنی نیوان بونیادی دەق و بونیادی درك کردن لە گەلٚ کەمی پێشینە دەرەکییەکان کە پابەندنین بە رەهەندەکانی کارکردنەوە لەمسەروبەندەدا دەگەینە دەرئەنجامێك کە مانا لای هەڤالانی ستاتیکای وەرگرتن بەتایبەت لای (ئایزەر) بووەتە ئەو چەمکەی کە وەرگرتن لە سەر لاوازبوونی چەمکەکانی پێشووتر بونیاد دەنێت و لادەدات لە پێدراوی تاك زمانزانی کە بونیادگەرایی تیشکی خستەسەر، بەم پێیەش دەکەوینە بەرانبەر بە ئەفسانەی مانای ئامادەکراو و مەبەستی نووسەرو مانای شاراوە ئەوەی کە لێکدانەوەی کلاسیکی بانگەشەی بۆ کرد،خوێنەری ناوەکی چەمکێکی راییکردنە لە گۆرینی وەرگرەوە سەردەردێنیٚ بۆ بونیادی دەقی، لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی ئاخاوتن لە نیوان دەق و وەرگردا و گوزارشت لە وەلأمدانەوەکانی هونەر دەکات کە کرداری وەرگرتن لە نیو دەق دا داوای لێدەکات، بەمەش لە هەر خوێندنەوەیەکدا بەهۆی لێکدانەوە وە مانا دووبارە خۆی بەجێدەگەیەنێت بەو خەسلەتەی زانستێکە ئامانجی زالبوونی ئەو مانایەیە کە تێگەیشتن و درککردن دەست بژێری کردووە لە دووتۆی ووت وێژی پێکهاتەی دەقە بۆ پرکردنەوەی بۆشاییەکان و پێشکەشکردنی بونیادی لێکدانەوەیەکی نویٚ، بە ئامادەبوونی دەسەلأتەکانی رۆشنبیری بەسەرچوو بپێی(خوێنەری ناوەکی) شکۆمەندی کرداری خوێندنەوە کە ئاسۆی چاوەروانی یان مەزندە پێکیهێناو هەلومەرجی وەرگرتنی یاساکانی ئەدەبە کە دەسەلأتی ئەدەبی بە نیازی چەقاندن لە سەر داکەوتەکانی ستاتیکا دا بەرهەمیدەهێنیٚ کە لە رەوشی کارلێککردنی خوێنەر لە تەك ئەوەی دەخوێندرێتەوە و دێتەبەر و تا چەند دەستی وەرداوە لە دروستکردنی مانا و هێنانەدی ئەنجامەکانی کە لە چرِبوونەوەی ستاتیکای وەرگرتن و لەو گفتوگۆیەیی کە بەندە لە سەر کۆلکەی کارلێکردنی نیوان دەق و خوێنەر.





دوورناکەوینەوە لە راستی گەر بلێین خوێنەری ناوەخن بە پێوەرێك هەژمار دەکرێت یان یاسایەکی گشتی کە بە درێژایی مێژوو دووچاری پێکاندن و دەرهاویشتن هاتووە لە دووتۆی بەردەوامبوون و نویٚ بوونەوەو داهێنان دا، دەکریٚ گرفتی تازەگەری ئەدەبی بە پلەی پێکاندن و تێپەراندن لە دەسەلأتی خوێنەری ناوەخن رەنگرێژ بکریٚ و بە سانسۆرکردنێکی توند و پتەو تا دەق ئاسۆیەکی نویٚ دروستبکات کە فرە خوێندنەوە و تازەگەری لە خۆ بگریٚ .

سەرچاوە: مفکرە نقدیە. د. بشری موسی صالح. صفحە (١٥٠).



و: لەفارسییەوە بە بەراورد لەگەڵ
ئینگلیزییەکەی: د. رەحیم سورخی

# گوتار و کەلتور*

قسەکەران بۆ ئەوەی سەرەداوی ئاخاوتنەکەیان لە دەستدا بێ، دەبێ پێکهاتە و ناوەرۆکی ئاخاوتنەکەیان رێك بخەن" دەبێ پەیامەکانیان بە پێی ئەو تێگەیشتنەی لەبارەی زانین و نەزانینی وەرگرەکانیانەوە هەیانە ریزبەندی بکەن" هەروەها هەر بابەتێك بە شێوەیەکی تۆکمە بەدوای یەکتردا ریز بکەن. ئەگەر ئەم قسەکەرانە بریار بدەن پەیامەکانیان بخەنە چوارچێوەی نووسینەوە، واتە دەقی نووسراو دروست بکەن، ئیتر وەرگرەکانیان نەتوانن کاردانەوە(Feedback)ی راستەوخۆیان لەبەرانبەریاندا هەبێ. کەواتە ئەوان ناچارن بۆ رێکخستنی دەقەکانیان پشت ببەستن بە میکانیزمی رۆنانی روونتر. لەم روانگە بەرفراوانترەدا، قسەکەر و نووسەر زمان نەك هەر لە لایەنی ئەرکی نێوانکەسییەکەی (Interpersonal function)(وەك بەشداریکردن لە کارلێککردنی کۆمەلایەتیدا)، بەلکوو هەروەها لە ئەرکە دەقی(Textual function)– یەکەشیدا وەك دروستکردنی دەقێکی تۆکمە و گونجاو – و هەروەها لە ئەرکە بیرۆکەییەکەیاندا وەك نواندنەوەی بیر و شارەزایی بە شێوەیەکی تۆکمە بەکار دێنن. تاوتۆێ کردنی ئەم بوارە بەرفراوانە لە فۆرمی گوتراو و نووسراو بە شێکردنەوەی گوتار ناو دەبرێ.







شیکردنەوەی گوتار

شیکردنەوەی گوتار زنجیرەیەکی بەرفراوانی چالاکییەکان دەگرێتەوە" لە تاوتوێ کردنێکی بەرتەسکی شێوەی بەکارهێنانی وشەکانی وەك (ئای)، یان (باش)، لە ئاخاوتنی ئاساییەوە بیگرە تا تاوتوێکردنی ئەو ئایدۆلۆژیا زاڵەی لە کەلتوورێکدا دەخرێتە روو. بۆنموونە: لە چالاکییە پەروەردەیی و سیاسییەکاندا.

کاتێ کە شیکردنەوەی گوتار– بە شیکردنەوەی – مەسەلە زمانییەکانەوە سنورداردەکرێ، جەخت دەکاتە سەر وەسفکردنی پرۆسەی بەرکارهێنانی زمان(گوتراو نووسراو)کە لە دەوروبەری تایبەتدا بۆ مەبەستی دیاریکراو بەکارهاتووە. هەربۆیە سروشتییە کە مەیلێکی زیاتر هەبێ بۆ پێکهاتەی گوتار، و هەروەها سەرنجێکی تایبەتی بدرێ بەو شتەی دەبێتە هۆی بەدیهاتنی دەقێکی تۆکمە. لە چوارچێوەی ئەم تێروانینە رۆنانییەدا جەخت دەکرێتە سەر هەندێ بابەتی وەك هەبوونی پێوەندییەکی ئاشکرا لە نێوان رستەکانی دەقەکە کە دەبنە هۆی تۆکمەیی، یان جەخت دەکرێتەسەر رەگەزەکانی رێکخستنی دەق، کەبە پێی ئەوانە بۆ نموونە دەقە چیرۆك ئاساکان لە دەقی تری وەك ئەو دەقانەی پێوەندییان بە دەربڕینی بیر وباوەڕ و لەو جۆرانەوە هەیە جیادەکرێتەوە.

وێڕای هەموو ئەمانەش، لە چوارچێوە شیکارییەکانی گوتاردا، روانگەی پراگماتیکی تایبەتی ترە، شیکردنەوەی گوتار زیاتر جەخت دەکاتە سەر لایەنی نەگوتراو و نەنووسراو( تەنانەت نەگەیشتووش) لەناو ئەو ئاخاوتنەی خەریکە شیدەکاتەوە. بۆ بەکارهێنانی"لە پراگماتیکی گوتاردا، پێویستە لە سەرنجدانێکی سەرەکیی و کۆمەلایەتیی کارلێککردنی گوتار بەولاتر بڕۆین و بروانینە ئەو دیوی فۆرم و پێکهاتەی دەق و هەروەها، سەرەنجێکی زیاتر بدەینە چەمکە دەروونناسییەکان وەك زانیاریی زەمینەیی( background knowledge)، باوەڕ(beliefs) و چاوەڕوانییەکان(expectation)" واتە ئەوەی لە مێشکی قسەکەردایە لێی بکۆڵینەوە.

### تۆکمەیی واتایی وەکوو

به گشتی بەکارهێنەرانی زمان به شێوەی ئاسایی لە مێشکی خۆیاندا تۆکمەییەکی واتایی گریمانە دەکەن. واتە نووسراو و گوتراوەکان بە پێی ئەو شارەزاییە ئاساییەی لەسەر شتەکان هەیانە دەرك پێدەکەن" ئەو شارەزاییە ئاساییە لە لایەن هەر تاکێکەوە بە پێی ئەو بارەی تێیدایە لێکدەدرێتەوە، هەر بۆیە گرێدراوە بە بابەتی ناسراو و چاوەڕوانکراوەوە. بۆ نموونە: لەو گەڕەکەی کە من(نووسەر) تێیدا دەژیم، ئاگاداری (١ a) واتای "کەسێکی خەریکی فرۆشتنی نەمامە" دەگەیەنێ کەچی ئاگاداری (١ b) بە واتای "کەسێکی خەریکی فرۆشتنی گەراجە." نییە.

(١) a. plant sale
b. garage sale

هەر چەند ئەم دوو ئاگادارییە لە رووی پێکهاتەوە وەك یەکن، بەڵام بە جۆرێکی جیاواز لێکدەدرێنەوە. لە (b١)دا وەك کەسێك لە گەراجدا کەل و پەلی ماڵەکەی دەفرۆشی دەگەیێنێ، واتە لێکدانەوەکە گرێدراوە بە ژیانی گەڕەکی پەراوێزی شارەوە.

جەخت کردنەوەیەکی لەم جۆرە لەسەر ناسینی بابەتەکە و زانستی پێشەکی، وەك بنەمایەك بۆ تۆکمەیی واتایی، پێویستە چونکە ئێمە بەردەوام حەزمان لێیە بابەتە ناسراوەکان لێکدەینەوە، بەڵام حەزمان لە لێکدانەوەی بریتی دیکە نییە. بۆ نموونە زۆر کەس بە ئاسانی پرسیاری(٢) وەڵام دەدەنەوە:

(٢) حەزرەتی مووسا لە هەر جۆرێك چەند ئاژەڵی سواری گەمییەکەی نوح کرد؟

ئەگەر بەبێ وەستان وەڵامی "دوو دانە" تان بە بیردا بێت، دەردەکەوێ کە دستتان بە جۆرێك زانستی کەلتوری و هاوبەش راگەیشتووە و لەوانەیە تەنانەت سەرنجتان نەدابێ کە ئەو ناوەی لەو رستەیەدا بەکارهاتووە،(واتە "حەزرەتی مووسا")، نەگونجاوە. بەڵام لەراستیدا تۆکمەییەکی واتایی بۆ دەقەکە دروست دەکەین کە بەکردەوە تێیدا نییە.

هەروەها ئەستەمە لەکاتی خوێندنەوەی ڕووداوی (٣) بوەستین و هەوڵ بدەین بزانینن گرێی(نێرێك) و (مێیەك) ئاماژە بەچی دەکەن:

(٣) پێکدادانێکی سەیارە لەبەردەم تیاتری کێنەدی راگەیەنرا کە نێرێك و مێیەك تێیدا بەشدار بوون.





ئێمە بێئاگایانە وردە زانیاری ( شۆفێری یەکێك لە سەیارەکان پیاو بوو) بۆ تۆکمەیی واتایی زیاد دەکەین. هەروەها لەسەرەتادا هەندێ سەناریۆی ناسراویش رێکدەخەین، بۆ ئەوەی کە لەسەرەتادا لەوانەیە وەك رووداوێکی سەیر و سەرسووڕهێنەر بێتە بەرچاو، تێبگەین. وەك ئەوەی لە سەردێڕێکی رۆژنامەیی وەك نموونەی چواردا هاتووە.

(٤). پیاوەکە هوتێلەکەی بە ساندویچ تاڵان کرد.

ئەگەر لێکدانەوەکەتان بۆ رستەی چوار ئەمە بووبێ کە لە ساندویچ (کە لەوانەیە لە پاکەتدا بووبێ)، وەك چەك سوود وەرگیراوە، ئەو کاتە ئێوە هەمان پێش زانیاریتان چالاك کردووە کە ئەم وتارە پێش بینی کردووە(هەر وەك چۆن لە پاش ماوەی وتارەکەدا ئەم بابەتە پشت راست دەکرێتەوە). هەڵبەت لەوانەیە لێکدانەوەیەکی بەتەواوی جیاوازیشتان هەبێ. بۆ نموونە: ( پیاوەکە لە کاتێکدا ساندویچی دەخوارد هوتێلەکەی تاڵان کرد.) بە هەر حاڵ هەر کام لە لێکدانەوەکانی ئاماژەیان پێکرا، بە ناچار لەسەر ئەو زانیارییە دامەزراوە کە لە مێشکی ئێوەدا هەبووە. نەك تەنیا لەسەر ئەوەی لە دەقەکە دا هەبووە.

### زانستی پێشەکی:

توانستی ئێمە بۆ لێکدانەوەی بێئاگایانەی نەگوتراو و نەنووسراوەکان دەبێ لەسەر پێکهاتەکانی زانستی پێشەکی دامەزرابێت. ئەم پێکهاتانە وەك نموونە ناسراوەکانی شارەزایی پێشەکی کار دەکەن کە بۆ لێکدانەوەی شارەزایی نوێ بە کاریان دێنین. گشتیترین زاراوە بۆ ئەم چەشنە نموونانە (سکێما)یە کە کۆیەکەی دەبێتە (سکێماتا). سکێما پێکهاتەیەکی زانینە کە پێشتر لە بیردا هەیە.

ئەگەر سکێما نموونەیەکی چەسپاو و وەستاوی هەبێ، بە نموونەی وەستاو یان چوارچێوە ناوی دەبەین. چوارچێوە لە نێوان هەموو ئەندامەکانی گرۆپێکی کۆمەڵایەتیدا هەندێك جار دەبێتە کڵێشە. بۆ نموونە، لە سکێمای وەستاوی شوقەیەکدا، هەبوونی هەندێك بەشی وەك چێشتخانە، حەمام و ژووری نوستن گریمانە دەکرێ. توخمە گریمانە کراوەکانی سکێمایەکی کڵێشەیی یان چوارچێوەیەك دەرنابڕدرێن، وەك لەم ئاگادارییەی ژمارە (٥) دا هاتووە.

(٥). شوقە بۆ کرێ. ٥٠٠
دۆلار. ٦٦٨٣ – ٠٧٦٣

لێکدانەوەی ئاسایی (و سنوورداری)ئەم پارچە گوتارە کورتە لە نموونەی(٥)دا نەك هەر بە پێی نموونەی کلێشەیی شوقە وەك بنەمای گەڕانەوە (واتە ئەوەی کە ئەگەر X شوققەیەکە، کەواتە X چێشتخانەیەك حەمامێك و ژوورێکی نوستنی هەیە.) درك پێدەکرێ، بەڵکوو لەسەر کلێشەی ئاگادارییەکە "شوققە بۆکرێ"ش دامەزراوە. تەنیا لە سەر ئەم چەشنە کلێشەیەیە کە بڵاوکەرەوەی ئاگاداریەکە پێش بێنی دەکات خوێنەر وشەی "مانگانە ـ نەك ساڵانە" بخاتە پێش ٥٠٠ دۆلارەکەوە. جا ئەگەر چاوەڕوانی خوێنەری ئاگاداری (٥) لە پێوەندی لەگەڵ کرێکەدا وشەی "هەفتانە" بێت، ئاشکرایە کە کلێشەکەی جیاوازە (لەبەر شارەزایی جیاوازی لە خەرجی کرێ خانوو). سەرەڕای هەموو ئەوانەش روانگە پڕاگماتییەکە هەمان روانگەیە: خوێنەر پێکهاتەی زانیاری پێشەکی خۆی بۆ لێکدانەوەی ئەو شتانەی لە دەقەکەدا نەگوتراون بە کار دێنێ.

کاتێ کلێشەی چالاکتر لەبەرچاو گیرابێ، ئەوانە زیاتر وەك کلێشەی چالاك وەسف دەکرێ. کلێشەی چالاك پێکهاتەیەکی زانستی پێشەکییە کە رووداوە یەك لەدوای یەکەکان دەگرێتە خۆی. ئێمە کلێشەی چالاك بۆ بنیاتنانی لێکدانەوەکان لە راگەیاندنی ئەو شتانەی روویانداوە بەکار دێنین. بۆنموونە بۆ ئەو شتانەی بەشێوەی ئاسایی روودەدەن وەك چوون بۆ دکتۆر، چوون بۆ سینەما، خواردنگە یان فرۆشگا کە هەموویان جۆرێ کلێشەی چالاکیان تێدایە و نموونەی ژمار(٦) ئاماژە بە کلێشەی چالاکی فرۆشگا دەکات.

(٦) ڕاوەستام تا کەمێك کەل و پەل بکرم، بەڵام هیچ سەبەتێك لە فرۆشگاکە نەمابۆوە. هەر بۆیە کاتێ گەیشتمە سەندووقی پارەدانەکە راست وەك ئەو تەڕدەستە دەچووم کە رۆژێکی خراپی بردبێتە سەر.

بەشێکی کلێشەی چالاك و ئاسایی ئەو قسەکەرە بۆ شت کڕین لە فرۆشگایەك، دەستراگەیشتنی ئاشکرای بە سەبەتێك و رۆیشتنی بۆ سەندووقی پارەدانەکە، پێکی دێنێ. هەر شتێکی تر کە لەم زنجیرە رووداوەدا روویداوە وا گریمانە دەکرێ سەر بە زانستی پێشەکی هاوبەش بێت. بۆ نموونە: ئەو لەدەرکەوە چۆتە ژوورەوە و گەڕاوە و شتی لە قەفەسەکان هەڵگرتووە. چەمکی کلێشەیی چالاك تەنیا شێوەیەکە بۆ ناسینی هەندێ زنجیرەی پێشبینی کراوی کردەکان لە یەك رووداودا. لەو رووەوە کە زۆربەی وردە زانیارییەکانی



کلێشەیەکی چالاك بە ئاشکرا گریمانە کراون، لەوانەیە دەر نەبڕدرێن. بۆ ئەندامانی هەمان کەلتوور گریمانەی هاوبەشی کلێشە چالاکەکان رێگە دەدا بەوەی گەلێ زانیاری نەگوتراو بگەیەنرێ. بەڵام بۆ ئەندامانی کەلتوری جیاواز گریمانە کردنێکی وا دەکرێ خراپ تێگەیشتنێکی گەورەی لێبکەوێتەوە.

### سکێمای کەلتووری

هەموو کەسێك، تووشی سەرسوڕمان دەبێ کاتێ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەشێکی گریمانە نەکراوی رووداوێکی لە دەقەکەدا لێبزر بووبێت. بە بیرم دێ کاتێ سەردانی رێستۆرانتێکی (مەراکشی)م کرد، نەبوونی یەکێك لە پێویستییەکانی (کلێشەی چالاکی رێستۆرانت) سەرنجی راکێشام - واتە نەبوونی کورسی! — (هەڵبەت پشتی گەورە و لەبار جێگرەوەی باش بوو) کەواتە بە خورتی پێکهاتەکانی زانستی پێشەکیمان، واتە کلێشەکانمان بۆ تێگەیشتن لە جیهان بە پێی کەلتور دیاری دەکرێن" بە واتایەکی دیکە ئێمە کلێشە کەلتورییەکانمان لە چوارچێوەی شارەزاییە بنەڕەتێکانماندا پێك دێنین.

لەبارەی جیاوازییە ئاشکراکانەوە (بۆ نموونە پشتی، لە جیاتی کورسی) دەکرێ بە ئاسانی وردە زانیارییەکانی کلێشەی کەلتووری هاوسەنگ بکرێ. بۆ جیاوازییە زەریف و نائاشکراکانی دیکە زۆرجار هەست پێناکەین کە جیاوازی لە کلێشەدا لەوانەیە ببێتە هۆی خراپ لێکدانەوە. لە نموونەیەکی راگەییندراودا ئوستوڕاڵییەك کە چاوەدێری کارخانە بوو، پێی وابوو کە کرێکارەکانی دیکەی کارخانە دەزانن کە سەردەمی جەژنی پاك (Ester) نزیکە و کرێکارەکان هەموویان پشوویان دەبێت. ئەو لە کرێکارێکی تر کە بە ڕەچەڵەك ڤێتنامی بوو، لەبارەی بەرنامەی پشوودانەکەی لێی پرسی:

(٧) تۆ پێنج رۆژ بێکاری، دەتەوێ چی بکەی؟ کرێکارە ڤێتنامییەکە ئەم قسەیەی دەستبەجێ وەك لە کاردابڕانی خۆی لێکداوە(نەك پشوودان). ئەوەی بە پێی کلێشەی کەسێك پەسندە لەوانەیە بە پێی کلێشەی کەسێکی دیکە ناپەسەند بێتە بەرچاو.

### پراگماتیکی نێوان کەلتوری

لێکۆڵینەوە لە جیاوازیی نێوان پێشبینییەکان کە لە سەر بنەمای کلێشە کەلتورییەکان دامەزراوە، بە بەشێك لە پانتایەکی بەرینی لێکۆڵینەوە ناسراو بە(

پراگماتیکی نێوان کەلتوری) دادەنرێ.

تاو توێکردنی ئەو شێوانەی کە لە ڕێگەی ئەوانەوە قسەکەرانی کەلتورە جیاوازەکان واتا دروست دەکەن پێویستی بەوەیە کە هەموو ئەوەی تا ئێستا لە تاوتوێکردنی گشتی خۆماندا لەبەر چاومان گرتووە سەر لە نوێ هەڵیسەنگێنینەوە.

ئەو چەمك و زاراوانە لەوانەیە چوارچێوەی بنەڕەتی شیکارییەکە دەستەبەر بکەن، بەڵام تێگەیشتنی ئەم چەمکانە لە زمانەکانی دیکەدا لەوانەیە لەگەڵ ئەو نموونانەی وا لە زمانی ئینگلیزیدا لێرەدا خرانە روو بە تەواوی جیاواز بێت.

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بنەمای هاریکاری و ماکزیمەکانی پێشینەی کەلتووری گشتی چینی مامناوەندی (ئینگلیزی و ئەمریکی)مان لە بەرچاو بووە. چی دەبوو ئەگەر کەلتورێکمان ڕەچاو کردبایە کە لە زۆر باردا بەرایی دەدا بە بێدەنگی لە جیاتی دەربڕین؟ بەرایدانی لەم جۆرە لە زۆربەی کەلتوورەکاندا هەیە، بە دڵنیایی پێویستی بە ڕوانگەیەکی جیاواز هەیە کە لە ڕێگەی ئەو ڕوانگەیەوە پێوەندی نێوان بنەمای چۆنێتی و چەندێتی لە پراگماتیکی تەواوتر دا تاو توێ بکرێ.

لە کاتی خەریك بوون بە مکانیزمەکانی نۆبە گرتندا، ئێمە ڕۆڵی بە هێزی بێدەنگیمان لە کردەکانی ئاخاوتنی ئاساییدا تاو توێ نەکردووە و هەروەها" مافی قسە کردن" کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگە پێدراوە لە زۆربەی کەلتورەکاندا وەك بنەما پێکهاتەییەکانی پرۆسەی کارلێککردن ناسراوە، لە بەرچاومان نەگرتوە.

کاتێ کە جۆرەکانی کردە قسەییەکان تاوتوێ دەکەین، هیچ بۆچوونێکمان لەسەر ئەو جیاوازییە بنەڕەتییە نێوان کەلتورییانە دەرنەبڕیوە کە دەکرێ لە لەلێکدانەوەی هەندێ چەمکی وەك" پێداهەڵدان"، "سپاس کردن"، "داوای لێبوردن کردن"دا هەبێت. شێوەی ئاسایی پێدا هەڵدان لە زاری ئینگلیزی ئەمریکیدا شەرمەزارییەکی زۆر بۆ سورپێستێکی ئەمریکی کە پێیدا هەڵگوتراوە دورووست دەکات، (چونکە بە جۆرێك زیادەڕۆیی لێکدەدرێتەوە). دەکرێ بۆ ژاپۆنییەکی داوای لێبوردنی لێکرابێ کاردانەوەیەکی وەك داوای لێبوردنی لێوەرگیرێ (چونکە پەسند کردنی نەگونجاوە). لە واقیعدا ئەگەری زۆر کەمە کە ئەو جیاوازییەی کەلتوورێك لە نێوان دوو کردەی کۆمەڵایەتی وەك سپاسکردن و داوای لێبوردنکردندا دایدەنێ لەگەڵ ئەو جیاوازییانەی لە کەلتوورێکی دیکەدا







هەیە، ڕاست وەك یەك بێت. تاوتوێکردنی شێوە جیاوازە کەلتورییەکان لە کاتی قسەکردندا هەندێ جار بە پراگماتیکی بەرامبەری ناو دەبرێ. ئەم چەشنە لێکۆڵینەوانە هەرچی زیاتر دەریدەخەن کە کاتێ جەختی سەرەکی لێکۆڵینەوە کە بە شێوەیەکی تایبەتیتر دەخرێتە سەر ڕەفتارەکانی قسەکەری ناسەرەکی، واتە هەوڵ دەدات بە زمانی دووەمی خۆی پێوەندی دامەزرێنێت، ئەمە بە پراگماتیکی نێوان زمانی وەسف دەکرێ.

ئەم چەشنە تاوتوێکردنانە جار لە گەڵ جار پتر دەریدەخات کە ئێمە بەو زارە دەدوێین کە دەکرێ بە زاری پراگماتیکی ناو ببرێ، واتە ئەو لایەنانەی قسە کردنمان کە دەریدەخەن هەندێ شت بەبێ ئەوەی گوترابن، ئێمە بە گەیەنراوی دابنێین.

ئەگەر بەڕاستی هیوامان بە پەرەپێدانی توانای پێوەندی نێوان کەلتوری هەیە، دەبێ سەرنجێکی زیاتر بدەین بە تێگەیشتنی تایبەتمەندییەکانی، نەك هەر لەبارەی ئەوانی دیکە بەڵکوو لەبارەی خۆمانەوە هیوادارم ئەم تاوتوێکردنە کورتە کە وەك دەست پێکردنێك ئامادە کراوە، پاڵنەرێك بێت بۆ لێکۆڵینەوە ی زیاتر.

وەرگێردراوی بەشێکە لە کتێبی :

), ١٩٩٦pragmatics", G. Yule ( oxford: oxford University ".press

# بۆنی باران

### وەرگێڕانی لە فارسییەوە: نەسیم



خەسرەو گوڵسوورخی

" ... تۆ رویشتی

شار لە تۆدا سووتا

باخ لە تۆدا سووتا

بەڵام دوو دەستە جوانەکانت

وەك مژدەی بەیانی،

هەموو ساڵێك دەژێتەوە و

لقەکانی بە چپە چپ لە هەموو خاکدا

گوڵ دەردەکات

گوڵێك بە سووری خوێن...







خەسرەو گوڵسوورخی، شاعیر و نووسەری گەل، لە ساڵی ١٩٤٣ لە شاری رەشت لە دایك بووە. هەر لە تەمەنی منداڵیەوە باوکی لە دەست دەدات و دایکی کە ژنێکی لەخۆ بردوو و رەنج کیشاو بوو، خەسرەو و برایەکەی فەرهاد دەنێرێتە لای باپیرەیان لە قوم حاجی شیخ محەمەد خورگامی تاوەکو لە ژێر چاودێری ئەودا گەورە بن و گەشە بکەن. باپیرەی لە هاوڕێیانی میرزا کوچەك خانی جەنگەڵی بوو. خەسرەو لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی کەسێکی رۆحانی کە باپیرەی بوو هەر لە قۆناغی منداڵیەوە هۆگری لەگەڵ دادپەوەریدا پەیدا دەکات. ژیان لەگەڵ کەسێکی ئەوا پڕ لە شەپۆل کاریگەری لەسەر هزری کۆمەڵایەتی ئەو دادەنێت و نەمامی هزری ئەو بۆ چەندین ساڵی دواتر بەهرەدار کرد. دوای کۆچی دوایی باپیرەی خەسرەو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی حەکیم سەنایی و حەکیم نیزامی تێپەڕاند و دەبوایە لە هەمان کاتدا بژێوی ژیانیشی دابین بکردایە. خانویەکی بچوکی بەکرێ گرت. رۆژانە کاری دەکر د و شەوانەش دەیخوێند و بەمجۆرە خەسرەو قۆناغی نەپوختەیی و پوختەیی تێپەراند و پاشان گیانی داگیر کرا، لە ساڵ ١٩٧٣ . خەسرەو گوڵخورسی نووسەر و شاعیر تێکۆشەر و ئارمانج گەرای دڵسۆز بوو. لە نووسین و هۆنراوەکانیدا بە جۆرێك دەینووسی کە بیری دەکرەوە و دەژیا. لەم کاتەدا کوڵسورخی بە فێر بوونی زمانی فەرەنسی و زمانی ئینگلیزی لە قۆناغی زانکۆدا، دەستی بە وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبیەکانیش کرد. کاری راستەقینەی ئەو دوای ساڵی ١٩٦٦ دەستی پێکرد. ساڵەکانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٢ ، قۆناغی داهێنان و دەرکەوتنی هزری ئەو بوو. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا چەندین شیعر و وتار و رەخنەی لەسەر بەرهەمە ئەدەبیە دیارەکان لە لایەن خاوەنی بەرهەمەکانی ئەو قۆناغە بە واژوی ناڕاستەقینە و نازناو وەکو دامون، خ،گ،بابەك رەستگار، ئەفشین راد، خەسەرەو کاتوزیان و .. نووسی. دیدی تەندروست و هۆشیارانەی ئەو لە دیاریکردنی لاوازی و کەموکوڕیەکان یان بەهادانان بۆ هەر بەرهەمێك، سەرسوڕهێنەر بوو و هەر بۆیە بەرهەمەکانی هەر لە شیعر و وتار و رەخنەکانی هێشتاش شیاوی تێفکرین و خوێندنەوەن. خەسرەو لە ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ عاتیفە گورگین شاعیر و نووسەری هاوبیری ژیانی هاوسەرێتی پێك دەهێنێت و دەبنە خاوەنی منداڵێك بە ناوی دامون. ژیان لەگەڵ عاتیفە کاریگەری ئەو دوو

هونەرمەندە لەسەر یەکتری، بەرهەمەکانی دەوڵەمەنتر کرد. بەداخەوە ئەم ژیانە هاوبەشە زیاتر لە چوار ساڵ نەخایاند و ئەو شاعیرە دڵپاکە لە ساڵی ١٩٧٣ لە لایەن بەرپرسانی حکومەت لە ئامێزی گەلەکەی رفێنرا. لە سەردەمی نا دادپەروەری شادا، خەسرەو و هاورێکەی کەرامەت دانشیان، بە ئازایەتی و دلێریەکی بێ وێنە دەستیان بە ئاشکرا کردنی گەندەڵیەکانی دەسەڵات دەکرد و هەرگیز بۆ زیندوو مانەوە سەریان نەوی نەکرد ئەوان باوەڕیان بە سەرکەوتنی ئیرادەی گەل هەبوو. هەرچەندە لە ماوەی ژیانیدا هیچ یەکێك لە بەرهەمەکانی جگە لەوەی لە چاپەمەنیەکاندا بڵاو کرایەوە. بڵاو نەکرانەوە. تەنیا شتێك کە دەتوانین وەکو کتێبی چاپکراو لە ناو بەرهەمەکانیدا ئاماژەی پێ بدەین ، وتارێکە بە ناوی " سیاسەتی هونەر، سیاسەتی شیعر" ئەم وتارە بۆ یەکەمین جار لە لایەن بڵاوکراوەی " کتێبی نمونە" ئەنجام درا. بەڵام کاوە گەوهەرین کۆمەڵە بەرهەمەیەکانی گوڵسورخی لە دوو کۆمەڵەدا بە ناوەکانی " دەستێك لە نێوان دەشنە و دڵدا" و " من لە کوێی ئەم دنیایەدا وەستاوم" بە چاپ گەیاند. گرێبەستێکی لەگەڵ " کتێبی نمونە" بەستبوو بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو ، دواتر یەکێك لەم دوو کۆمەڵەی " ئەی سەرزەمینی من" بە ناوی خۆی بە چاپ گەیاند. هەڵبژاردنی ناوی " باڵندەی تەڕ" بۆ کۆمەڵەی دووەم لەسەر داوای هاوڕێیەکی بە ناوی عومرانی سەلاحی و بیژەنی ئەسەدی بوو. دوای دەستگیر کردنی گوڵسورخی، هاوسەرەکەشی عاتیفە دەستگیر دەکرێت و بە چوار ساڵ زیندانی سزا دەدرێت و سەرپەرشتی منداڵەکەیان دامون دەکەوێتە ئەستۆی باوکی. هۆی دەستگیری گوڵسورخی ئەندام بوونی بوو لە رێکخراوێکی چەپدا و بەهۆی بەرگری کردن لە بیروباوەڕی، دادگای سەربازی لە ساڵی ١٩٧٣ سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد و لە مەیدانی چیت گەر گوللە باران کرا. گوڵسورخی تا دواین ساتەکانی ژیانی بەرگری لە بیروباوەڕی خۆی کرد و لەم بارەیەوە دەڵێت:

بە ناوی گەل:

من لە دادگایەکدا کە دان بە یاسایی بوونی و رەوایەتیدا نانێم بەرگری لە خۆم ناکەم. من وەکو مارکسیەك روو لە گەل و مێژوو دەکەم. هەرچەندە ئێوە زۆری بۆ من




بهێنن، من زیاتر شانازی بە خۆمەوە دەکەم. چونکە من چەندە لە ئێوە دوور بم لە گەلەکەم نزیکتر دەبمەوە و چەندە رقی ئێوە بۆ من و بیروباوەڕەکەم زیاتر بێت، سۆز و پشتیوانی گەل بۆ من زۆرتر دەبێت. تەنانەت ئەو کاتەی من بە خاکیش بسپێرن، گەل لە من سرود و ئاڵا دروست دەکەن. هەروەها دەڵێت : ژیانی ئیمام حوسێن نمونەی ژیانی ئێستای ئێمەیە کە گیان لەسەر دەست بۆ گەلی ستەم دیدەی نیشتمانەکەمان دادگایی دەکرێین.

کاتێك سزای لە سێدارەدانی گوڵسورخی و هاوڕێیەکەی دانشیان خوێندرایەوە. ئەوان تەنیا پێکەنین و بە گەرمی دەستی یەکتریان گوشی و یەکتریان لە باوەش گرت. خۆشەویستی ئەوان ترسی لای رژێمی شا دروست کرد و هەوڵیان دا کە لە دوایین ساتەکانیشدا کاریان تێبکەن و ئەوان کە چاوەڕوانی گوللە باران کردن بوون پێشنیاری ئەوەیان کرد کە داوای لێبوردن لە شا بکەن، بەڵام ئەوان تەنیا گاڵتەیان بەم پێشنیارە دەهات. ئەوان کە بینیان بە هیچ شێوەیەك ناتوانن فریویان بدەن دووەم جار پێشنیاری ئەوەیان بۆ کرد کە بەر لە گوللە بارانکردنی چاوی بە کوڕەکەی دامون بکەوێت، بەڵام گوڵسورخی لە کاتێکدا کە گشت خانەکانی لەشی هاواری دامونی لێ هەڵدەستا ئەم پێشنیارەشی رەت کردەوە. چونکە دەیزانی کە دامون خاڵی لاوازی ئەوە و دەتوانێت هیوای ژیانی بۆ بگەڕێنێتەوە و ئەو ژیانەی کە ئەو دەیەویست لە دەستی بدات تاوەکو ئەرکەکەی بە جێ بگەیەنێت. چونکە وا بیری دەکردەوە کە مەرگ بۆ ئەو ئەرکێکە. کاتێك داوای پاکانەی لێ دەکەن تاوەکو سزاکەی کەم بکرێتەوە، ئەو لە وەڵامدا دەڵێت: هیچ کەس نییە کە ژیان لە نزیك هاوسەر و منداڵەکەی لا خۆش نەبێت و منیش وەکو هەموو باوکێك پێم خۆشە رەنگی چاوەکانی منداڵەکەم ببینم، بەڵام ئەو رێگایەی هەڵم بژاردووە دەبێت تا کۆتایی درێژەی پێ بدەم، مەرگ بۆ من ژیانی ئەبەدییە. ئێمە دەڕۆین تاوەکو شێوازی تێکۆشان بمێنێت ئەگەر من پاکانە بنووسم ئایا کەمەری تێکۆشەرانم تێك ناشکێنم؟؟ ئەو کاتەی کە لە داری سێدارن دەیانبەستەوە هێشتا بزە لەسەر لێوەکانی بوو و نەیدەویست کە چاوەکانی ببەستن، چونکە دەیویست بە بینینی خۆر چاوەکانی لێ بنێت.

ئەگەر بە بڕوای ئێوە من کەوتمە سەر خاك

و

لقـە سـەوزەکانم بـە زەبـری تـەورەکانتان زامدارە کراوە

بەڵام چی لە رەگەکەی دەکەن؟

ئەگـەر لەسـەر ئـەم باخـە لـە کـەمینی باڵندەیەك دانیشتوون و

فرین قەدەغە دەکەن

بـەڵام چـی لـە بێـچوەکانی نـاو هێلانـە دەکەن؟

ئێوە کە دەکوژن

ئێوە کە دەبڕن

ئێوە کە لێمان دەدەن

بـەڵام چـی لـە روانـی ناچـاری چـرۆکان دەکەن؟

وێرانکردن بنچینەی شەڕە

وێرانکردن

مژدەی ئاوەدانیە

هەموو ئەوانەی کە دروستیان کردووە

لە خشتی خشت

...وێران بێت

ئەی گوڵاڵەکانی نیشتمانی من

گوڵە گوشراوەکان،

بڵێ بێشومار

هەر چەندە مێژوو دروست بکەن

وێران بێت

...ئاوەدانی زوحاك وێران بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "همشهری ێنلاین"

ماڵپەڕی "ێکا ایران"

## سڵاوێکی تر



گزنگ ۹۶
حوزەیران ۲۰۱۲

# حەوت کورتیلە چیرۆک



حەمە سەعید زەنگنە- کەرکووک

پێشکێشە بە کاک عەوف عەبدولڕەحمان

## دەم

گڵابەیـەك خیـز و چـەو وەئـالیی شـەقامەکەوە ڕۆکرابـوو، ئـەویش وەچینـچکەوە وردە وردە، وردە بـەردی ڕەش و سـپی هەڵدەگرتـەوە و جارجـارێش تبلەکەڵـەی لـێ دەسـوین.

پیچەکم چاو لێکرد و گوتم:

_ ئەو هوردە بەردانە چی لێ دەکەی؟؟

+ دامەیان پێ دەکەم.

_ جا سەردەمی دامە ماوە؟

+ بۆ من ماوە،

_ چۆن؟؟

_ کاتی پێ دەکوژم!

تۆ کات دەکوژی یانژی کات تۆ دەکوژێ؟!

+ .......................

که لێی دوورکەوتمەوە وە ئاستەم گوێبیستی بووم دەیگووت: ئەز کات دەکوژم ! وەلێ تۆ کات دەتکوژێ.



## مامە عەبە

کاری دەست نەکەوت و، بە دڵشکاوی لۆزە لـۆز لـە مەیدانەکـەوە بـەرەو مـاڵ دەگەڕایـەوە، دەسەر شۆستەکە ملوانکەیەکی زێڕ شەوارەی بەدیدەکانی کـرد، ئێـستێکی کـرد، وازی بـوو وەچۆکا بێت، ناگەهان بەشۆستەکەوە هیشك بوو.

_ نا نااااااااااااااااا نەکەی؟

+ ئەرەکو بچەمیتەوە ئەوا قووتی چەند هەیڤی منالّەکانت فەراهەم دەکەم.

_ نا تۆ بڵیند بەرەوە.

+ مرۆڤەکان هەر دەم لە ئاستی من نەوی بوونەتەوە؟.

_ نا تۆ بەرز بەرەوە و بێرە بەڕکەکانمەوە.

+ لەوەدەچێ ئەم بەخششەت نەوێ؟

دەگـەڵ لێوهەڵقورتانێکـدا مامـە عەبـە بـە چـەند پێنگـاڤێکی لـەز، دەرکـەی حەوشـەی کردەوە، هێمان زارۆکەکانی لە خـەو ڕانـەبووبوون، گـورجێ دەپـاڵ هاوسـەر و مندالەکانیـدا هەڵایژا.

## عەرەق

دای ئیحسان لە کونجی دوکانێکی نزیکی قەڵای کەرکووکدا ژیان بەسەر دەبات. ئـەوی ڕۆژێ حەشاماتێکی فرە دەورەیان دابوو باس لە ئاوی زەمزم دەکـرا، کـە لـە هـەر شـتێ بکـەوێ، تەنانەت گڕیش زەفەری لێ نابات، ئەویش پێك لـە سـەر پێـك عـەرەقی دەکـرد و، گـەدەی کەیل دەکرد. کوتم ها دای ئیحسان تۆ بۆ ئەمە چی دەوشـی؟ چـاوێکی لـێ کـردم و کـوتی: ئەمن یەکجارم ئاوێتەی عارەقەکەم کردووە لێڵی کردووە! ئیدی شرۆڤەی دیم نییە.

## خرچان

شەوێ خەڵکێکی زۆر ڕٍۆنیشتبوون، پلان و بەرنامەیان بۆ کوشتنی کەروێشکێکی بەستەزمان دادەنا، کە چەند خرچانێکی کڕاندبووەوە. ئەمیش لەپاین ئەوانەوە، گوێ قوڵاخی گوتەکانیان بوو. سەرێکی لەقاند و واتی:

لەوەتای باوانی ئێوە هەن بەرنامە ڕێژییان بۆ هیچ شتی نەبووە، خێرە!! دوو زرکەتاڵی بێنموود کڕێنراوەتەوە، ئەم هەموو قسەو باس و بەرنامەڕێژییەی بۆ دەکەن.

## دەلیڤە

بووم وەساقەت ! ژانی فرە هەس، بەخوا ئەو بڕە پارەیەشمان لە خەڵك و خوا سەندووە.

ئەڤە ئەو ڕستە کەیل دە پاڕانەوەیەیە، کە پلکە نەشمیل لە حەیبەت دەلیڤەی کچیدا، واتی ئەو دەلیڤەیە بقۆزێتەوە و بەزەیی و مرۆ دۆستی پزیشکەکە وەئالیی خۆیدا وەکێش کا، دەبوو وا بێژێ، چونکم دکتۆر پێی گوتبوو، کۆرپەی سکی کچەکەی، حەوت رۆژانە ڕۆحی جەستەی جێهێشتووەو، ئەرەکو زوو چارەسەری بۆ نەکرێ، ئەوا ئەم کچەشی دەگاتە کن ئەو مناڵانەی تری کە باهۆزەکە بردنی.

_ دایکەکەم ! ئەم هەموو پاڕانەوەیەت لە چییە، خۆ من تەماتە نافرۆشم تۆ دەزانی کەرەسە و داودەرمان تا چ ئاستێ لە هەڵکشاندایە؟ باجی نازدار لوێچی پارەی لە لۆچی پشتێنەکەی نابوو حەجی پێ بکا، پشتێنەکەی خاو کردەوەو، دراوەکەی لە مشت نا و کوتی: بەعەقڵم ئەمەم چاترە.







## جلك

بازرگانیکی زور دەولەمەند، لە چایخانەیەك دانیشت، پاش ئەوەی نانێکی گەرمی بە ماستاوێکەوە نۆش کرد، چایەکی گەرمیشی هەڵقوڕاند و جگەرەیەکی بەبا دا، ئەفەندییەکی پۆشتە، نوشتێ بیست و پینچ دیناری بەدەستەوە بوو بە سەر خەڵکە هەژارەکاندا دەبەخشییەوە. کە گەیشتە حانی ویش، بیستو پێنچ دینارییەکی بۆ ڕاگرت، بازرگانەکە زۆر بە خویدا شکایەوە و کوتی: سوپاس من هەمە و، پێویستیم بەو پارەیە نییە، پیاوەکە بڕێکی سەرنج دایە و گوتی: مادام تۆش هەمان جلکی ئەوانت پۆشیوە، بیگرە! پێویستت پێی دەبێت .....

## بووکەکەم

کوڕەکەم تارمایی نەما! ژنێك و دوو منداڵ و، خانوویەکی گەورەو، ئۆتومبێلێکی هەبوو، خۆشم خودانی، دوو ڤیلاو خانوویەکی مەزن و ڕیزێك دووکان بووم، هەمووم پێشکێش کرد، بەدیار زارۆکەکانییەوە ئارام بگرێ، پێی گوتم: مامە! ئارامی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئێواران کەسێك لە دەرکەت بدا و، تۆش دەرگای لە سەر ڤەکەیت.

موعتەسەم ساڵەیی

# نەهامەتی

بەسەر کورسیەکەیەوە بەدرێژایی ماوەیەك بەبێ دەنگی تێڕاماو تەماشای قەڵەم و کاخەزەکەی سەر مێزەکەی بەردەمی خۆی کرد. لە ناخەوە هەستی بەتەنیایی و جۆرە بێزاریەك کرد. قەد دیواری ژوورەکەی بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی چەند کەسانێکی نەخۆش و دەردەدار و ڕێنمایی جۆری چارەسەرکردنیان ڕازابووەوە. سەری بڵند کردەوە و گوێی ڕادێرا و دەنگی هەورە تریشقەی ئاسمانی ئەو وەرزی بەهارەی کەوتە بەر گوێ. تا دەهات دەنگی گرمە و لرمەکان لەزیاد بووندا بوون. جامی پەنجەرەکانیش لەگەڵ دەنگی شریقەو هۆڕی هەورەکەدا بەتوندی دەلەرێنەوە. وەهای بۆچوو کە هەوری توندی ئاسمان ڕێژنەی بارانێکی بەتەوژمی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت. لەوانەیشە ئەم ڕۆژە پڕ لە هەور و هەلاتەیش وەهای کردبێت کەسانێکی کەم ڕوویان تێکردبێت و بۆ چارەسەری هاتبێتن. لە ڕۆژێکی تووشی ئاوەهادا خەڵکی گەر زۆر ناچار نەبن ئەوا دەرناچنە دەرەوە. لەودیوی دەرگای ژوورەکەیەوە گوێی لە دەنگە دەنگێك بوو. خۆی گورج کردەوە و سەروملی قیت کردەوە و کەوتە چاوەڕوانی. هەردوو دەستی بۆ دوگمەی ڕۆبە سپیەکەی برد. ژمارەی نەخۆشەکانی ئەو ڕۆژەی کەوتەوە یاد کە بەتەنیا شەش کەس بوون، لە کاتێکدا ڕۆژانی ئاسایی ژمارەکە لەوە زیاترن. ئەوەتا بۆ ماوەیەکە لە چاوەڕوانیدایە تاوەکو دەرگای






ژوورەکەی بکرێتەوە و نەخۆشێك خۆی بکات بەژووردا. دەنگی زرمەی هەورە تریشقەیەکی نزیك ئەو ناوەی هێنایەوە یەکو ژوورەکەی بەتوندی لەراندەوە و ، زڕەی لە پەنجەرەکانی پشت پەردەکانەوە هێنا، لەبەر ئەوەی لەنێو ژوورەکەیدا بوو، بۆیە بریسکە و تیشکی بەلاچەی هەورە تریشقەکانی بەچاو نەدەبینی. لەو دیو دەرگاکەوە دەنگی خڵبەکە خڵبەکە زیادی کرد. دەنگی فەڕاشە زۆربڵێکەیشی زاڵ بوو بەسەر دەنگەکانی تردا. تا دەهاتیش دەنگی هەورە تریشقەی ئاسمان هەر لەبەرز بوونەوەدا بوو. سات لەدوای سات هەتا دەهات زیاتر هەستی بەتەنیایی دەکردو ئاواتەخوازبوو کەسێك خۆی بکات بەژوورەکەیدا و لەگەڵیدا بکەوێتە دەمودوو. بۆ ماوەیەك لە جێیەکەی خۆیدا نەبزواو کەوتە چاوەڕوانی. تەماشای سەعاتە هەڵواسراوەکەی قەد دیوارەکەی کرد، بۆی دەرکەوت کە کات و وەختی پاش مەغریبە، بێگومان ئێستایش لە دەرەوە دنیا تاریك داگیراوە و خەڵکیش بەپەلە بەرەو ماڵی خۆیان دەچن. دەستی بۆ تەلەفۆنە ڕەشەکەی سەر مێزەکە درێژ کرد. ویستی لەگەڵ ماڵەوەدا بکەوێتە قسە و، بە ژنەکەی ڕابگەیەنێت کە ماوەیەکی دی ژوورەکەی بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ.

کاتێك کە بیستەکی تەلەفۆنەکە لەنێو دەست و پەنجەیدا جێگیر ببوو، یەکسەر دەنگە دەنگی ئەودیو دەرگای ژوورەکەی زیادی کرد. دەرگای ژوورەکەی کرایەوە و ژنێك و منداڵێکی تولاز خۆیان کرد بە ژوورەکەیدا. یەکسەر زانیی کە نەخۆشن و ئەوەتا بۆ چارەسەری ڕوویان تێکردووە، بەڵام دڵنیا نەبوو لەوەی کە ئایا ژنەکە یاخود کوڕەکە نەخۆشە، لێبڕا واز لە تەلەفۆن کردن بۆ ژنەکەی بهێنێت. ئافرەتێکی گەنجی نەختێك گۆشتن سەرپۆشێکی ڕەشی لەسەر نابوو. بەهێمنی هەنگاوی دەناو چەترە لوولکراوەکەی دەستی بەتەنیشتی دەرگاکەوە دانا. لە پاشاندا خۆی گورج کردەوە و جانتا ڕەشەکەی شانی ڕاست کردەوە. کوڕەکەیشی بەبێ دەنگی بەتەنیشتیەوە دیقەتی نێو ژوورەکەی دەدا. ئەم فەرمووی لێ کردن و ئەوانیش هەردووکیان لە بەرامبەریدا لێی دانیشتن. ئافرەتەکە تێی گەیاند کە کوڕەکەی بۆ چەند ڕۆژێك دەچێت نەخۆش کەوتووە و کزە کزیەتی. بۆ ماوەیەك لە کوڕەکە ورد بووەوەو پێی وت کە هەڵسێت و لەسەر قەرەوێڵەی تەنیشت پەنجەرەی ژوورەکە رابکێشێت. بە ئامێری پزیشکی کەوتە پشکنین و تاوتوێکردنی لەشە لاوازەکەی

منداڵە راکشاوەکە. منداڵەکە بەبێ دەنگی لێی راکشابوو بە واق ورمانەوە تەماشای دەکرد. ژنەکەیشی چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە دکتۆر بکەوێتە قسە و لەبارەی نەخۆشی و ناساخیی کوڕەکەیەوە بدوێت. جاروباریش بە کەساسی و زەبوونییەوە دەستی بۆ سەرپۆشە رەشەکەی سەری درێژ دەکرد و رێکی دەخست. پاش ئەوەی لە پشکنینی منداڵەکە بووەوە تەماشایەکی ئافرەتەکەی کرد. چەند پرسیارێکی لە بارەی نەخۆشیی منداڵەکەوە کرد. لە پاشاندا بزەیەکی بۆ کرد و جۆرە دڵنەوایییەکی پێ بەخشی. ئەوسا پەنجەکانی بەئاستەم و بە هێواشی کێشا بەسەر شانی کوڕەکەدا و داوای هەڵسانەوەی لێکرد. منداڵەکەیش بەقسەی کرد و خۆی گورج کردەوە و لە جێیەکەی خۆی راپەڕیە سەرپێ.

ئەمیش گەڕایەوە جێیەکەی خۆی و لەسەر کورسییەکەی لێی دانیشت. ئافرەتەکە و کوڕەکەی لەودیو مێزەکەوە بەرامبەری بەبێ دەنگی لێی دانیشتن. جۆرە خەم و ناسۆرییەک بەروخساری سپیی ئافرەتەکەوە دیار بوو بێ پەروا دەیڕوانییە روخساری دکتۆر. دەیویست بەزووترین کات بێتە گۆ و سەبارەت بە نەخۆشیی کوڕەکەیەوە بۆی بدوێت. ئەمیش بۆ جارێکی تر بۆ هەردووکیان کەوتە بزە. هەروەکو ئەوەی پێیان رابگەیەنێت کە چارەسەریی نەخۆشییەکە سووک و ئاسانە. رووی دەمی کردە ژنەکە و پێی وت:

– ناوی کوڕەکەت چییە و تەمەنی چەندە؟

ئەویش بە دەنگێکی نزم لە وەڵامدا وتی:

– ناوی هیوا ئاشتیە و تەمەنیشی دوازدە ساڵانە.

دەستی بۆ پارچە کاخەزێك برد و کەوتە نووسینی داو و دەرمان. سەری هەڵبڕی و بە ئافرەتەکەی وت:

– کوڕەکەت تۆزێك سەرمای بووە و پێویستی بە حەوانەوە هەیە. ئەوەتا لە راچێتەکەدا ئەم حەب و دەرمانانەم بۆی نووسیوە. وەها چاکە خۆی گەرم رابگرێ و بۆ ماوەیەك پشوو بەخۆی بدات.

ژنەکە حەسرەتێکی هەڵکێشا و وتی:

– قسەکانت راستە، بەڵام گەر بەقسەمان بکات.!

ژنەکە بەردەوام بە چاوە رەشەکانییەوە دکتۆرەکەی دەدایە بەر نیگا، دەیویست هەندێك راز و نیازی تایبەتی خۆی بۆ بدرکێنێت، بەڵام لە ئاکامدا بێ دەنگ دەبوو قسەکانی قووت دەدایەوە. دکتۆر پێکەنی و بە میهرەبانیەوە بە کوڕەکەی وت:

– وەها چاکە لە قسەی دایکت





دەرنەچیت.

ئافرەتەکە زیاتر لە دکتۆر تێراما و دەمی هەڵهێنا و بە دەنگێکی نەرم وتی:

– دکتۆر ئێمەت نەناسیەوە؟

بە واق ورمانەوە تەماشای ئافرەتەکەی کرد و ئەم قسانەی سەرسامیان کرد. بۆ ماوەیەك لە روخساری ئافرەتەکە ورد بووەوە هەروەکو ئەوەی زۆر لە خۆی بکات تا بزانێت ئەم ئافرەتە کێیە..! دەمی دا بە یەکدا و بۆ ماوەیەك نەهاتە گۆ و ئافرەتەکەی نەناسیەوە.

ئافرەتەکە هاتە قسە و وتی:

– هەقی گلەییمان هەیە گەر نەمانناسیتەوە..! من خێزانی ئاشتی برادەری سەردەمی منداڵیتم.!

ئەم قسانە کاری تەواویان کردە سەری و لە ناخەوە هەژاندیان. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەنێو لەپی بە هێواشی کێشای بەنێوچەوانی خۆیدا. ئازارێکی تیژ لە نووکی پەنجەیەوە تا تەوقی سەری رەت بوو. لەو کات و ساتەیشدا تریشقەی ئاسمانیش بەردەوام یەك لەدووای یەك ژوورەکەیان دەهێنایەوە یەك. داوای لێبووردنی لە ئافرەتەکە کرد و بۆ چەند جارێك تەوازەی خواست سەبارەت بەوەی کە نەیانیناسیوەتەوە. لە ناخەوە ویژدانی ئازاری دەدا و زیاتر خەم و پەژارە دایدەگرت. رەنگ و رووی سوور هەڵگەڕا و لە جێیەکەی خۆی هەڵسایە سەرپێ و راچێتەی دەرمانەکانی دا بەدەستی ئافرەتەکەوە. بەرەو کوڕەکە هەنگاوی ناو خۆی نوشتانەوە و تەوقی سەری ماچ کرد. بۆ جارێکی تریش داوای لێبووردنی کرد دەرهەق بەوەی کە نەیانی ناسیوەتەوە. ژنەکە هەڵسایە سەرپێ و کوڕەکەیشی چاوی لە دایکی کرد و کەوتە سەرپێ. ئافرەتەکە دەستی بۆ جانتاکەی درێژ کرد، تاوەکو پارەی پشکنینی کوڕەکەی بداتێ. ئەمیش لە ئاستی خۆیەوە لە مەبەستی ئافرەتەکە تێگەیشت و سوێندی بۆ خوارد کە بە هیچ کلۆجێك پارەی لێ وەرناگرێت. ئافرەتەکە دەستی کێشایەوە و سوپاسی کرد و خواحافیزی لێکرد. بەرەو دەرگاکە رۆیشت. خۆی نوشتاندەوە و چەترەکەی هەڵگرتەوە. هەردووکیان لە دەرگای ژوورەکە چوونە دەرەوە و ئەمیان بەتەنیا بەجێ هێشت.

لەسەر کورسییەکە دانیشت و قورسایی خۆی خستە سەر مێزەکەی بەرامبەری و سەری خستە نێو هەردوو لەپیەوە. کەوتە تێرامان و بیرکردنەوەیەکی قووڵ. گڵۆپی قەد دیوارەکان بە باشی ژوورەکەیان رۆشن کردبووەوە. بەردەوام دەنگی هەورە تریشقەیش جامی ژوورەکەی دەلەراندەوە.

ئاگای لە دەورووبەری خۆی برا و تێکەڵ بە بیرەوەرییە دوورەکانی خۆی بوو. دەستی راستەی بۆ قەڵەمە رەشەکەی سەر مێزەکە برد. لەسەر پارچە کاخەزێك ناوی ئاشتیی کۆنە برادەرەکەی خۆی نووسی. بۆ ماوەیەك چاوی بڕییە وشەکە و لێی ورد بووەوە. هەموو رۆژانی سەردەمی منداڵیی خۆی کەوتەوە یاد. چەندین رووداوی ئەو سەردەمانەی هاتەوە پێش چاو. هەموو ئەو سەربوردە و رووداوانەی سەردەمی منداڵی گەر دڵتەزێنیش بن ئەوا مایەی گاڵتە و پێکەنینن. بەڵام ئێستا لەم ساتە وەختەدا بە پێچەوانەوە دەیخەنە سەر باری خەم و پەژارەوە. روخساری ئەمیش هەروەکو هەور و هەڵاتی ئاسمانی لێهاتبوو. یادەوەریی سەردەمی منداڵی هەست و سۆزی مرۆ دەوروووژێنن و بزە و پێکەنین بەروخسارەوە دەنەخشێنن. ئەوەتا ئێستا بیرەوەرییە کۆنەکان پڕ لە ناسۆرین و رووگرژی و خەم و پەژارە دەهێننە کایەوە. لەناخەوە هەژاو خەم و پەژارەیەکی لەبن نەهاتوو سەرتاپا جەستەی داگیر کرد. رەنگ و رووی سوور هەڵگەڕا. دەستی بۆ قەڵەمێکی سوور برد. نووکی قەڵەمەکەی لەسەر کاخەزەکە گیرکرد و هێڵێکی سووری بەسەر ناوی برادەرەکەیدا کێشا. زۆری پێنەچوو هێڵێکی سووری تری بەسەردا هێنا. ئاگای لە دەورووبەری خۆی

برا و نەیدەزانی بە چ کارێك هەڵدەستێت. بۆ چەند جارێکی تریش نووکی قەڵەمەکەی لەسەر وشەی (ئاشتی) گیرکرد. بەرەنگی سوور وشە بەرەش نووسراوەکەی لەبەرچاو ون کرد. تەماشای کرد بەتەنیا پەڵەیەك رەنگی سوور بەسەر رووی کاخەزەکەوە لکاوە. دڵ و دەروونی هاتنە جۆش. رەنگ و رووخساریشی هەروەکو پەڵەی سەر کاخەزەکە سوور هەڵگەڕا. بێ وچان تەماشای پەڵە سوورەکەی سەر رووی کاخەزەکە دەکرد، فرمێسك لە چاوانی دابارین، دڵۆپێك کەوتە سەر پەڵە سوورەکە و تەڕی کرد، بەڵام ناوی (ئاشتی) لەژێر رەنگی سوور و دڵۆپە فرمێسکەکەدا بزر ببوو.. ئاسمان لەو کات و ساتەدا بێ وچان دەیگرماند. باران بەخوڕ دەباری و داروبەرد و شەقام و خاك و خۆڵی زەویی تەڕ دەکرد. چاوی ئەمیش بێ وچان فرمێسکی دادەدا و دەکەوتە سەر کاخەزەکەی بەردەمی و رەنگە سوورەکەی تەڕ دەکرد. لەپڕ دەرگای ژوورەکەی کرایەوە و فەڕاشەکەی خۆی کرد بەژووردا، کابرایەکی کورتەباڵای لاوازی دەنگ زوڵاڵ بوو. بۆ ماوەیەك لە دکتۆر ورد بووەوە و دیقەتی دا. لە پاشاندا دوور لە خۆڕسکی خۆی بە هێمنیەوە وتی:

– کات و وەخت درەنگە و وەها دیارە چیتر نەخۆش و ناساخ رووومان تێناکەن.

سەری هەڵبڕی و چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی بەتەواوەتی کابرای فەڕاشی خستە دڵەڕاوکێوە. بۆ ماوەیەك بە واق ورمانەوە تەماشای دکتۆری کرد. سەری لەوە سوڕما کە دکتۆر چ بەڵایەتی.! بۆ جارێکی تریش قسەکەی دووبارە کردەوە. بەبێ جووڵە لە جێیەکەی خۆیدا رەق لێی راوەستابوو. هەر بەتەمای ئەوە بوو کە دکتۆر بێتە قسە و یەك دوو وشە لەدەمیەوە دەرچێن. ئەمیش بە چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانیەوە تەماشای کرد و وەڵامی نەداوە. ئەویش بەم هەڵوێستەی نیگەران بوو. لە پاشاندا لێبڕا پرسیار بکات و بڵێت:

– تێناگەم خوانەخواستە چی روویداوە و بۆچی چاوەکانت سوور هەڵگەڕاون..!؟

بە دانیشتنەوە دیقەتی داو قسەی لەدەم نەهاتە دەرێ. ئەویش بەرامبەری وەستابوو هەر خوا خوای بوو کە ئەم بۆی بێتە قسە و رازی دڵی خۆی بۆ بدرکێنێت. پاش وەستانێکی زۆر کەوتە قسە و وتی:

– هیوادارم دکتۆر لە خەم و پەژارە بەدوور بێت. با ئەوەیشت پێ رابگەیەنم کە ئەو ئافرەتەی پێشتر لەگەڵ کوڕەکەیدا دەرچوونە دەرەوە. ئەویش چاوانی سوور هەڵگەڕابوون..

بۆی دەرکەوت کەبواری ئەوەی نییە وەڵامی کابرای فەڕاش نەداتەوە. بۆیە بە هێمنییەوە هەڵسایە سەرپێ و بەدەنگێکی نەوی وتی:

– ئەوا من دەڕۆم و تۆیش پاش من دەرگاکان پێوە بدە.. لە سەردەمی منداڵیمدا برادەرێکم هەبوو بەناوی (ئاشتی)یەوە. بەڵام پاش ئەوەی ژنی هێنا باریان کرد بۆ شارێکی تر.

– ئەی ئەو برادەرەت ئێستا لە کوێیە.؟

– لە جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا کوژرا.

# چەند دەنکە قەزاونێک

سوارە نەجمەدین

من هەموو کوچەکانی ئەم شارە دەزانم، چاخانە نییە سەرم پیا نەکردبیّ، مەیخانەکان، مزگەوتەکان، دەزانم کلّێسا کۆنەکەش لە کوێیە، هەموو بازار شارەزام، گەرەکی گاوران و جولەکەکان، دەزانم نالّبەندەکان لە کوێن، ڕۆیشتووم بۆ گوزەری خومخانەکان، دەزانم لایلۆن فرۆشەکان و مزگەرەکان لە کوێن، مەکانی دەسگێر و مەیدانی گیرفانبڕەکان دەزانم، ئەوانەش کە شتی عەنتیکە دەفرۆشن، یان ئەوانەی شتی دەگمەنیان لا دەست دەکەوێت بۆ نمونە مۆمی هەنگوینی یان صابونێك چلّکی تەریقبوونەوە لێکاتەوە، مالّی قاوەگرەوەکان، شوێنی نهێنی سیاسییەکان، بە خیابانی گەنجە نازدارەکانیشا ڕۆیشتووم، هەموو جێگەیەك شارەزام، هەموو شوێنێك چووم... جگە لە دوکانی گولّفرۆشەکان نەبێت، ئاخر ئیشم پێیان نەبووە، کەس نەبووە گولّی بۆ بنێرم...

**یاداشتەکانی پیاوێکی غەمگین**

چەند ڕۆژێکە هەوالّی مردن ئەبیستم:
ئەمرۆ سالّیادی مردنی بەهرۆز بوو، پێریّ









لە پرسەی دۆستێکیش بووم، دوێنیّ هەوالّی مردنی نووسەری گەورەی کورد (ئیبراهیم یونسی)م بیست، ئەم ئێوارەیەکە هاتمە سەر (ف.ب) هەوالّی کۆچی دوای کەسایەتی ناوداری عەرەب دەروونناس ( ئیبراهیم فەقیّ)م خوێندەوە، بیر لەوە دەکەمەوە کەی سەرەمە؟ ڕەنگە ئەم شەو یان سبەی یان بۆ بەدبەختیم زۆر زیاتر بژێم...

**یاداشتەکانی خۆم**

ئێوارەی ١٦ شوباتە، هەموو خەلّك لە چاوەڕوانیدان، کەس نازانیّ سبەی چی ڕوو دەدات، هەندێك خۆیان بۆ بەرد وەشاندن ناوەتەوە و هەندێك تێلّاکانیان لە مشتیان قایمکردووە، پۆلیس و هێزە ئەمنیەکان هەموو لە ئینزاردان، ئۆپۆزسیۆن دوعای دەسپێکردنەوەی پشێوی دەکات.
هاوڕێم سبەی چی ڕوودەدات کەی موشکیلەیە، بارەگای کام حیزب دەسوتێت و چەند گەنج دەکوژرێت، کەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، خۆپیشاندانە یان ڕاپەرینە، حیزب دەروخێت حکومەت هەرس دەهێنێت، کەی کێشەی منە، ئەوەی گرنگە هێشتا تۆ لێرە نیت، هێشتا نەگەڕاویتەوە.
من دلّنیام بە دەسەلّات و موعارەزەوە، لە بچوکیان تا سەرۆکیان، ئەگەر لە چاوەڕوانی کەسێکدابوونایە هەرگیز بیریان لای ئەو داواکارییە بچوکانە نەدەبوو وەك: (ئازادی، چاکسازی، یان خزمەتگوزاری...)

**یاداشتەکانی پیاوێکی تەنها**

خوایە گیان
دەزانم ئەم تەنهاییە درێژە ناکێشیّ
بەلّام ئەو کەسەی بۆم دەنێری با شارەزای شەترەنج و بیرکاری بێت
ئەگەر وا نابێت، وا بکە ئیدی من بیر نەکەمەوە

**یاداشتی پیاوێك کە خوا هیچی بە قسە ناکا**

سێ ساڵم ویست تا فێری قسەکردن بووم و بیست و سێ ساڵە ئەمەوێت فێری بێ دەنگی بم ناتوانم

ئەچمە هەر شوێنێ قسە هەیە، دەمەوێت کەسێك تەریقم بکاتەوە بڵێ ( ئەرێ تۆ بۆ بێدەنگ نابیت؟) کەس نییە و هەموان وەك من حەزیان لە قسەیە، قسەیەك کە نە شوێن دەگرێ و نە هیچ لە مەسەلەکان دەگۆڕێت، بگرە هەندێ کات مەسەلەکان ئاڵۆز تر دەکات و کێشەی گەورەشی لێ ئەبێتەوە، بەڵێ هەموو کێشەی ئەم دونیایە زمان درووستی کردووە، ئەگەر کەس قسەی نەکردایە نە بوختان ئەبوو، نە عەشق، نە تۆمەت ئەبوو نە جنێو، نە رۆژنامەنووس ئەبوو نە سیاسەتمەدار...

**یاداشتەکانی چیرۆکنووسێك**

بیر لە چی دەکەیتەوە؟ دەتەوێ بگەی بە لوتکە، مەگەر ژیان لە دامێنا خۆشتر نییە؟ بیر لەوە دەکەیتەوە دەنگت خۆش نییە تا گۆرانی بڵێیت؟ رەنگت جوان نییە تا نمایش بکەی؟ بیر لە خوانی پڕ و رازاوە دەکەیتەوە؟ بێ ئاگا لەوەی لەزەت لە دۆ و کولێرەی گەرمدایە. بیر لە نەمری مەکەرەوە ژیان بە کورتی خۆشە.

بیر مەکەرەوە دۆستم بیر مەکەرەوە، گەر دەتەوێ بژیت بیر مەکەرەوە، ناکرێ لە یەك کاتدا بیر بکەیتەوە و رازیش بیت، یان بیر مەکەرەوە یان رازیبە بەوەی دەگوزەرێ...

لەوەتەی فامم کردۆتەوە، تەنها داواکاریم ئەوە بووە، بیر نەکەمەوە، لەوەتەی بیر دەکەمەوە دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ مناڵی بۆ ئەو سەردەمەی خەمی گەورەم بردنەوە بوو لە هەلوکێندا...

**یاداشتەکانی پیاوێك لە دەروازەی پیربووندا**

عەبدوڵڵا سەراج

# کۆڵلارە و کەشتی

دوو مێردمنداڵی نزیکە هاوتەمەن، لە ڕۆخی گۆلێکی شاری تامپرێ "Tampere"ی فنلاند، بیر و هەست و بۆچوونیان لە تەك یەكدیدا گۆڕییەوە.

قژ ڕەشەکەیان ناوی (یار)بوو، (کۆیرا)ش موو زەردی، زەری پێست بوو، هەرچەندیش باڵایان لەئاست یەکتریدا نەبوو بەڵام کۆڵلارە ڕەنگینە و کەشتییە کاغەزینەکەیان، جوداوازیی ڕەنگیان نەدەزانی. یار کۆڵلارە دەستکردەکەی خۆی هەڵدابووە ئاسمان و، کۆیراش، لەو گوزەرەدا، بەسەر تاوێرێکی گرانیتی ڕەشەوە، کەشتییەکەی دابووە دەم ئاوی گۆلەکەوە. هەردووکیان نۆبەرەی دایك و باوکیان بوون. خۆ ئەگەر (فاتیمە) و (کارا)ی دایك و باوکی یار بۆ جێگیرکردنی







ئەڤین و سۆزی هاوسەرییان، ئەو ناوەیان لێنابوو کە جگەرگۆشەیەکی زرنگ و چالاك بوو، ئەوا (مێریا) و (ئۆسمۆ)، بەناوی توولە سەگەکەیانەوە نۆبەرەکەیان ناونابوو، چونکە روخساری بەو توولە تووکن و نەرمۆڵەیە دەچوو، ئەو تووتکەیەی مێریاش هۆکاری یەکدی ناسینیان و، پاشان هاوسەرگیرییان بووە.

کۆڵلارەکەی یار، بڵند بڵند هەڵکشابووە جەرگی ئاسمانە شینە لێکچووەکەی ئاڵای ئەو وڵاتە کە چەندین پەڵەی سپی پێوە لکابوو. کەشتییەکەی کۆیرا، دوور، فرە دوور کەوتبووەوە لە چاوان و ڕۆخەکان.

ئەڵبەت خوێنەری دەلال، ئاسمانی بەرین و زەریای بێ بن دوو مەوداو پانتایی شیاو و لەبارن بۆ ئازادی و سەرفرازی، ئەوجا مەل و باڵندە و کۆڵلارە بن ڕووە و بەرزایی و جاویدانی هەڵبفڕن یان، ماسی و کیسەڵ و کۆڵلارە بن بەرەو قوڵایی و دوورایی بەندەران ڕۆبچن.

لە خولیا و مەراقدا هەردووکیان حەز و ئارەزوویان لە وەرزش بوو، بەتایبەتی تێنسی سەرزەوی بۆیە لە فێرگەدا سەرقاڵی دەبوون و پێکەوە گرێیانی دەدا. یار، لە هۆش و هەستە وروژاوەکەیدا، بە سواری کۆڵلارەکەی —کە وێنەی خۆی لە ژێرەوەی چەسپاندبوو— نیازی سەردانی کوردستانی لە مێشکدا بوو. کۆیرا پەیکەرۆکەیەکی قوڕی دەستکردی ڕەنگینی —گوایە خۆیەتی— خستبووە ناو کەشتییەکەی لە تەك سێ چوار تیکە سەموونداا.

خۆ گەر یار لە حەژمەتی دیداری زێدی وایدەزانی چوون مەلۆچکان ها.. کا.. زوو.. دەگاتە وڵات. هەڵبەتە کۆیرا، بیری لە ئازووقەی دوورایی شارانێك کردبووەوە کە ناویان لەسەر نەخشەیەکدا نەبوون.

منیش، ئا.. منی نووسەر، وام بە چاك و پەسند زانی پاش ئەوەی کۆیرا و یار (هەناردە)کانیان لە چاوان بزر بوون، یار، گرێی داوی کۆڵلارەکەی بخاتە ژێر خڕکە بەردێکی قورسەوە.. بۆ؟ ئا.. بۆ ئەوەی لە هاوڕێکەی نزیك ببێتەوە لەلایەکو، دیتبووی کۆیرا بەناو لەپی سەرە قژنەکەی ڕاگرتبوو لەلایەکی ترەوە. چاوانی لە خاڵێکی نادیار ناترووکاند! ئەگەرچی قژە سەری بار کوردانە تاشرابوو، پەڵەیەکی هێلکەیی بەنووای سەرییەوە بوو، ئەوا تووکە زەردەکانی سەری کۆیرا —لە

راستیدا بەلای رەنگی مەلۆی گەنمی درووێنەکراودا دەشکایەوە یان، بەکاری ناولۆدە دەچوو– ئەوا قیت لە شێوەی پۆپنەی کەڵەشێر، بە جێل راوەستاندبووی. یار، وایزانی کە ئەو کەسگەلانەی متووموورو و قایش و قورش و پۆشاکی ئالاوواڵا دەپۆشن، دۆستی نزیکی پەناهەندەکانن و... چووە تەکی و رایوەشاند.

– ها! گەیشتیتە کوێ!؟

کۆیرا چاوی خەواڵووی هەڵبڕی و بە ریتمێکی سۆزناک وەڵامی یاری دایەوە.

– گەیشتمە ئەوێ..

– ئەوێ.. کوێیە؟!

– ئەو شوێنەی ئارام و هەم نازانم کوێیە، وا.. لێرەدا.

پەنجەی دۆشاومژەی لەسەر کاسەی سەری خۆی جێگیر کرد بۆیە یار دەمی بەشکردەوە:

– با.. منیش، تۆ ئاسایی کۆلارەکەم ئازاد بکەم.

خێرا هەستا. داوەکەی لەژێر بەردەکە دەرهێنا چەمایەوەو هەتا شەنگ و تینی هەبوو، بەردەکەی هاویشتە ناو گۆمەکەوە و دەستی لە داوەکە بەردا.. چەندین بازنە شەپۆل زایین. بازنە لە باوەشی بازنە، لە رووکاری ئاوەکەدا بڵاو بوونەوە و... خامۆش بوون.

منیش هاتمەوە دەستبەتاڵ، نە کۆلارەیان پێدام، نە کەشتی. چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، مەرگت نەبینم، خوێنەری هێژا، هەرگیزا و هەرگیز.

ئوکتۆبەری ٢٠١١

* * *

**تێبینی:**

*** ئەم چیرۆکەم بە رێبازی بریختانە داڕشتووە.**

*** کۆیرا: بە زمانی فنلاندی واتا: سەگ و زۆر رێزی لێدەگیرێت و ئەندامی خێزانە.**

*** چیرۆکی کورت، مەرج نییە بابەتی ئاڵۆز و فەلسەفی لە خۆ بگرێ یان بە وشەی قەبە و رستەی ناوازە داڕێژرابێت، بەڵکو هزرێکی جوان و پڕ واتا بە دەربڕینێکی ساکار و سانا بدەرێنێت. چیرۆك هونەری گێڕانەوەیە بەر لەوەی هەواڵدەری بێت یان سیاسەت و وشە ئارایی.**

# دەسەچیلە

**عومەری مەولوودی / بۆکان**

نازانم لە کەنگێوە لێم ئەدا! زۆر جار بە دەستیەوە مردووم و زیندوو بوومەتەوە! هەموو لەشم بووە بە کەوکەمانە و جێی تەڕکەمکانی خوێنی تێزاوە و بووە بە خەریتە، نە ئەوەیە بمرم، نە ئەویە وازم لێ بێنێ.

نازانم کەی و چۆن بوو دەستی کێشاوە، بڵێی بەزەیی پێمدا بێ یان ماندوو بووە؟ ئەگەر قسە لە بەزەیی بێ دەبوو هەر لێی نەدابام، دیارە ماندووە. تەماشا! تۆ تەماشایکە، بەم دەست و ئەو دەست ئارەق دەسڕێ و وەك هەق ئەستێنێ لە بەرامبەرمەوە وێستاوە و بە مۆنەوە خێسەم لێ دەکا! دەڵێی قەباڵچییە و لەشی گرتووم بە قەباڵ! لەوە دەچێ زۆربەپەلە بێ! ڕەنگە قەباڵی دیکەی هەبێ!! ئەها! ئەوە دیسان ڕاستەوە بوو و دەستی دایەوە تەڕکەکە و منیش وەك تاوانکار دەست و پێم شەتەك دراوە و لە ئەلفەوە نایەمە بێ! تەنیا لە دەروونمەوە







خۆم دەدوێنم:

ئەرێ تۆ چت کردووە؟!! ئەو کابرا سپیکەلانەی ئێسکگرانە چی لە تۆ دەوێ؟ نەکا ڕووداوێکی ناڕەوا ڕووی لێداوی و من بێهەواڵم؟!! نەکا بە دزییەوە چاوت لە ئەستێرە کردبێ؟!! یان چاوەڕێی بەهاربووبێتی و دەسەچیلەت بۆ ئاوری نەورۆز کۆکردبێتەوە؟! کاری وات نەکردبێ؟ ڕەنگە وات کردبێ! بۆیە بە تاوانی شێت جخزرەبەت ئەدەن، تاوانس شێت زۆر گرانە! لەوانەیە مەرگ بێ، لەو گیروداره لە خۆم دووشك بووم و تەرکەکە وەکار کەوتەوە. لەگەڵ هەر هەڵێنان و داهێنانەوەیەك، کابرای بەڕواڵەت جوان و ئێسکگران دەڵێ:

دەی! بڵێ! یەك بە یەك ناویان بڵێ با بیاننووسم! بیان نووسم، دەیان سووتێنم، هەر ئەوەندە بیانسووتێنم، لە کۆڵت دەبنەوە! دەی بڵێ دەی. وەك ئەوەی خۆشە بووبێتم، ورە و زاتم بزووت، پێم لە جەرگم ناوە و وەجواب هاتم:

– جەناب لە کێ دەپرسی؟ ناوی کێت دەوێ؟ من زۆر کەس دەناسم، ناوی زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە دەزانم! لە کام قۆڵەوە دەست پێبکەم؟

جەناب وێڕای لێدان، قاقا دەکێشێ و ڕێزددانە زێڕەکانی وەدەردەخا، وا کە بیانبینم:

– نەفام! تۆی شێت من بە شێت دەزانی؟! سەت شێتی لە تۆ شێتترم ژێر کردووە! شێتی وام ژێر کردووە، دەستی بە دەمی سەگدا دەکرد، ناوی زۆربەی خەڵکم بۆچییە؟ ناوی ئەوانەم دەوێ کە دڵ و دەروونیان دەرهێناوە و شتوویانەتەوە و مێشکیان ئاڵوگۆڕ کردووە!! ناوی ئەوانگەلم دەوێ، ئەوانگەل! ئەوانەی لەگەڵتن و دەستیان لێ وەشاندووی! هەر ئەوەندە بەسە ناویان بێنی و بیاننوسم، دەیانسووتێنم. دەترسێی؟ هەڕەشەت لێ دەکەن؟ بەڵێنت دەدەنێ؟ لە هەڕەشەیان مەترسە، باوەڕ بە بەڵێنیان مەکە، ئەوەی دەیڵێن، هەمووی درۆیە، بە درۆ دەڵێن خۆشمان دەوێی، ئەگەر وایە بۆ دەستیان لێ وەشاندوو ی و شێتیان کردووی؟ دەزانی شێتی؟ هەست بە شتێی خۆت ناکەی؟ ئەوانەی لە دەورت کۆ بوونەتەوە، ئەوانگەلن! دەزانی ئەوانگەل چن؟ جندۆکەن جندۆکە! تۆ جندۆکەت لەگەڵە!! جوانیان لەبەرچاوت ناحەز کردووە! ناحەز بە جوان دەبینی! دەزانم ئێستا من لەبەرچاوت ئێسکگرانم، زۆرت قین لێمە، دەستت بڕوابە ددان هەڵم دەپچڕی، ئەوانە منیان لە پێش چاوی

تۆ وا لێکردووە، خۆیان زۆر ناحەزن، وەك خۆیان بیانبینی دڵت دەتۆقێ، بە قسەیان مەکە، لێیان مەترسێ، ناویان بڵێ با بیان نووسم، ئەگەر بیان سووتێنم، هەموو شتێك وەك هەیە دیبینی، من بە ئێسكسووك و ئەوان بە ئێسكگران دەبینی. دە بڵێ دەی، ئەگەر نەیڵێی، دەتخەمە تاریکخانە و تا دەمری دەتمرێنم، ئەگەر بێییتە سەر ڕێ، دەتبەمە دنیایەکی خۆش! پڕ لە بەهەشت و جوانی، ئەوەی دڵ بیخوازێ لەبەر دەستت بێ، وەرە چاو لە قوژبنێکی بکە و دنیای خۆشی ئێمە ببینە.

زاری وەك زارکی ئەشکەوتێکی تاریك تاریك بەڕوومدا کرایەوە. لە دەروازەی ددانە زێڕەکانییەوە چوومە ژوور و کەوتمە نێو قوڕگی و دەروونە ڕەشەکەیەوە.

نێو دەروونی دەشتێکی قاقڕ و پڕ لە دڕك و پێکوڵە! پێم لە هەر شوێنێ دائەنێم، دڕکەکان لە سینگی پێم ڕۆ ئەچن و لە پشتی پێمەوە سەر هەڵدەهەدن و رووبار رووبار خوێن وەڕێ دەکەون.

چاوەکانم بێئۆقرە بە کەلێن و قوژبنی دەروونیدا، وەك دوو پەرەسێلکەی سەرلێشێواو باڵ لێ ئەدەن. لە هەر کەلێنێکەوە ئەوانگەل ملەتاتکێیانە لەگەڵم! ددانە تیژ و درێژەکانیان لە ڕێچەوە دەبەن! چاوە داقڵیشاوەکانیان مۆرو خێس دەکەنەوە! تێکڕا هوروژمیان کردە سەرم.

یەك نقورچکم لێ دەگرێ! یەك جووزم پێوە دەکا و یەك دەست دەبا بۆ نێوگەڵم! یەکیان زوڕناژەنە و سەری زووڕناکەی ناوەتە کونە گوێم و پڕ بە پیکەکەی فووی پێدا دەکا. ئێستا و ئێستاش دەنگی ئەو زووڕنایە لە گوێمدا دەنگ ئەداتەوە، لەوانەیە هەتاهەتایە هەر لە گوێمدا بزرینگێتەوە.

زوڕناژەن قوباد چاوشە و هەر دەیژەنێ. ئەوانی دیکەی گشت کۆکردۆتەوە و بە هەوای زوڕنا هەڵدەپەڕن. گسکە کۆتەرە سەرچۆپی گرتووە. خاکەناز خانم بووە بە دۆی ئەو لەتە پێمەرە. شایی و لۆغان هەر دێ و دەروم دەگرێ و جەغز لە دەورم تەنگ و تەنگتر دەبێتەوە. ئەو شایی و دیلانە بۆ ئەوەیە من بە خێڵەکەیان زیاد بووم. هێندەی نەماوە دەستم بگرن و بمبەنە داواتەکەیان.

نازانم چۆن وەبیرم هاتەوە، نەنکم بە منداڵی بۆی گێڕابوومەوە کە ئەوانگەل لە ئاور دەچڵەکێنەوە لە دەرزی بێخە ڕەو دەکەن! وەبیرم هاتەوە شقارتەم لە





گیرفان ناوە ئاوری نەورۆزی پێ بکەمەوە. شەمچەم دەرهێنا و گۆگردم کێشا بە قەبرغەی قاوخدا و گڕ بڵێسەی سەند، بە کردنەوەی ئاور، هەموو زریکاندیان. زریکە هێند توند و تیژ بوو، نەمزای بە چ بارێکدا کەوتم و لەسەرخۆ چووم.

خۆشم نازانم چەندە بێهۆش بووم، کە وەهۆش هاتمەوە، تاریکخانە، تاریك تاریکە، هێندە تاریکە، هەست بە چاو ناکەم! ماوەیەکە تاساوم! لام وایە چاویان دەرهێناوم! هێندەی نەخایاند، لەوسەری تاریکخانەوە دەلاقەیەك کراوە و تاریخانە پڕ بوو لە تیشك و تیرێژ. هەر ئەوانەی پێیاندەگوتن ئەوانگەل، لێم کۆبوونەوە، دڵ و دەرونمیان دەرهێنا و شتیانەوە و مێشکمیان ئاڵوگۆڕ کرد و بەرگی ئاوریان بە باڵا بڕیم، ئاوێتەی گڕ و بەهار و نەورۆز بووم. ئەستێرەیەکی گەشی پرشنگداریان پێ ناساندم. لەودەمەوە شەوانە چاو لە ئەستێرە دەکەم، بە ڕۆژ دەسەچیلە کۆدەکەمەوە بۆ ئاوری نەورۆز.

**سەلاح شوان**

# تاقیکردنەوەیەک

(( ئەوەی لە تاقیکردنەوە دوا بکەوێت، مافی دامەزراندنی نامێنێت.))
( دەبوو زووتر دەربچووبام. ئەم ئۆتۆمبێلە شڕە قەت لەوە ناچێت بمگەیەنێت. ساڵەهایە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەم. بێکاری و جادە و شەقام پێوان بەسە. ئیتر دەرگای ئاوا بەخێرم لێناکرێتەوە. بەهەر حاڵ هێشتا زووە، بە پێش بێت هەر دەگەم. ئیتر منیش وەکو ئەم هەموو خەڵکە کارێکم دەبێت خۆمی پێوە خەریك بکەم و ژیانێکی ئاسایی پێکەوە بنێم)
پاسەکە بە نەڕەنەڕ و تەقوهۆڕ چۆڵاییە سەوزەکەی ئەو بەهارە و هەتاوە خۆشەکەی ئەو ڕۆژەی دەدایە دەست ماڵە نزمە پەڕپووتەکان و خۆی بۆ دامێنی باڵەخانە کۆنکریتییە بەرزەکان دەکوتا. لە پەنجەرە تەڵخەکەوە سەیرێکی شوێنە دیارەکانی ناو شاری کرد. بە باڵەخانەیەکی بەرز ئەو شوێنەی دیاری کرد کە بۆی دەچێت. لێڵی جامەکە و هەوا





تەڵخەکەی ئاسمانی شار، شوێنەکەی زۆر لە ڕاستییەکەی خۆی دوورتر دەهێنایە بەرچاوی . هەستی بە ناڕەحەتییەکی سارد کرد، وردە وردە دەرورونی دادەگرت. کە دەگاتە ئەوێ. هەموو خەریکی تاقیکردنەوەن. کابرای لێپرسراو پێیدەڵێت:
هێشتا زووە، بۆچی خۆت لە چێشتەخەوەکەت کرد. دەیەوێت قسەیەك بدۆزێتەوە لێپرسراوەکەی پێ قایل بکات، تا ڕێگای بدات لە تاقیکردنەوەکەدا بەشداری بکات، هەر چەند دەکات هیچ قسەیەکی بۆ نایەت. ئەو هەڵدەداتەوە و دەڵێت:
ـ ئەگەر ئەمە حاڵی یەکەم ڕۆژت بێت، دەبێ پاش دامەزراندن چۆن ڕەفتار بکەی. بە کوێدا هاتووی بەوێدا بڕۆرەوە, پێویستیمان بەکەسی وەکو تۆ نییە.
خەریك دەبێت بڵێت: ((تکات لێدەکەم بمبەخشە.خەتای من نەبوو، سواری پاسێکی شڕ بووم، ڕێگای نیو سەعاتی بە سەعاتێك پێ بڕیم، جگە لە نیو سەعات چاوەڕوانی. باوەڕم پێ بکە بە یەکەم پاسیش هاتووم، ئەگەر زووتر پاس هەبوایە لە شەبەقەوە لێرە دەبووم))، بەڵام زانی ئەویش دەڵێت: ((ئەی بۆچی بە تاکسی نەهاتی.)) ئەمیش دەست دەکات بە گیرفانیدا بە پەنجە پارە وردەکەی تاق و جووت دەکات. لەدڵی خۆیدا دەڵێت: ((تەنانەت بیرم لە ژن هێنان و ماڵ پێکەوەنانیش کردەوە، بەڵام بیرم بۆ تاکسی نەچوو. چو زانم وام بەسەر دێت.)) سەیرێکی بەشدارەکانی تر دەکات. هەموو وەکو میگەلێك لە پەچە درابن. کشومات خەریکی وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکەن. زۆری پێگران دەبێت دەست بکات بە پاڕانەوە و ئەو قسانەی بەبیریداهاتن بکات. بۆچیش، بۆ ئەوەی بکرێتەوە پەچەوە بەڵام ئەی....
لە زرووقانەوەی منداڵێك وریابوویەوە، ئاوڕی بەلای چەپدا دایەوە، منداڵێکی چاو سەوزی قژ زەرد بە باوەشی دایکییەوە بوو و بۆ دوو سێ مەڕ و بزنەکەی لێوار جادەکە دەزرووقایەوە کە زەلامێك بە پێش خۆی دابوون و بۆ فرۆشتن دەیبردن.
((بەپێی خۆیان بۆ سەربڕینیان دەبردن. من حاڵم باشترە. هەر هیچ نەبێت بە پاس دەڕۆم، بەڵام ئەنجام هەر یەکە.))
هەستە ساردەکەی ئەم بیرە و زرووقانەوە گەرمەکەی منداڵەکە لە مێشکیدا لێکیان دا و چەخماخەیەکی بڵاچەداریان لەناخیدا دایەوە.
(( دڵنیام یەکەم کەس دادەمەزرێندرێم.

کارەکەش وەنەبێت لەتوانام زیاتر بێت، ئەوەندە دەمێنێت مانگە و مانگ چاوەڕوانی مووچە بم ساڵە و ساڵ چاوەڕوانی ئم ئم بم ئمیش دەهێنم و ... ئم ئم دەکەم و ... پاش نیو سەدە ئم ئەبم ئەی چی ئەمەیە ژیان .))

منداڵەکە چەچە بچکۆلانەکەی لە گوێی چەپی گیرکرد، بەری کرد بەلایەوە حەزی دەکرد گازێکی سووک لە گۆنا گەشەکەی بگرێت، بەڵام ڕوومەتی گوشی و وتی:

ــ ڕاست دەکەی ئەمەی من دەیکەم لە بێئەقڵی زیاتر هیچی پێناوترێت.

دایکەکەی لەگەڵ ئەم قسەیەی (قادر)دا بەری کرد بەلایەوە، لەگەڵ ڕاکێشانی دەستی منداڵەکەیدا. وتی:

ـ بەریدە کوڕم. گوێی مامە بەردە.

دەستی لە ڕوومەتە تازە تاشراوەکەی قادر کەوت. قادر چاوی بوو بە چاوە سەوزەکانی دایکی منداڵەکەوە، تەزوویەکی فێنک بە دڵیدا هات. وتی:

ـ قەینا لێگەڕێ، بەخودا ڕاست دەکات، گوێ ڕاکێشانم پێویستە.

ئافرەتەکە تەریق بووەوە و وای زانی خەتای ئەوە، چونکە منداڵەکەی وا فێرکردووە دەست بۆ گوێی کەس نەبات. قادر ئەمەی بەهەل زانی. وتی:

ـ ناوت چییە چاو قەرسیل؟

دایکی ویستی چاوە سەوزەکانی خۆی لەچاوی قادر بشارێتەوە، بەشەرمەوە سەری داگرت. پاش کەمێك وەکو خۆی بە قەرزاری گوێ ڕاکێشانەکەی قادر بزانێت بە منداڵەکەی وت:

ـ بڵێ ئازاد.

چاوی هەڵبڕی بەبێ ئەوەی چاوی بە چاوی قادر بکەوێت. وتی:

ـ ئازادی خزمەتکارت.

ـ بەم بەیانییە ئازاد بۆ کوێ دەچێت؟

ئافرەتەکە خۆی لە پرسیارەکە گێل کرد و بەری کرد بەولاوە. بە زیادیشی زانی وەڵامی بداتەوە، بەڵام لەناخەوە هەستی بە هیچ ناڕەحەتییەك نەکرد بەرانبەر بەم زیادەڕەوییەی قادر. قادریش بە بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێت، حەزی دەکرد ڕێگاکە بە قسەکردن لەگەڵ چاوە سەوزەکاندا ببڕێت لە جیاتی ئەوەی بیر لە دواکەوتن و چۆن دەبێت و چۆن نابێت تاقیکردنەوە و دامەزراندن و ژیانی داهاتووی بکاتەوە. هەفتەیەکە هەر ئەم دیو و ئەو دیوی دەکات. ئەوەی پێ بکرێت درێغی لێنەکردووە. بە زەردەخەنەیەکەوە پش پشێکی بۆ دوو چاوە سەوزە دوو سێ ساڵانەکەی کردو و وتی:

ــ لەگەڵ مامە دێی بڕۆین خۆمان تاقی بکەینەوە، وەرە، بێ مامە بێ.





منداڵەکە باوەشی بۆ گرتەوە تا بچێتە باوەشی، دایکی بەڕوویەکی خۆشەوە وتی:

ـ نا ڕۆڵە، مامە ئەزیەت مەدە.

ـ ئەزیەتی چی؟

بەدەنگێکی زۆر نزم وتی:

ـ ئەو چاوە جوانانە پیاو خۆشی بۆ بە کوشت بدات بەخۆڕایی ناچێت.

لەگەڵ قسەکەیدا دەستی بۆ بن هەنگڵی منداڵەکە برد. لە باوەشی دایکی وەری بگرێت، بەڵام دایکی وەکو خۆی گرتبووی بیری ئەوەی نەبوو بیداتە قادر، بۆیە قادر لەگەڵ دەستدانە بن هەنگڵی منداڵەکە، دەستی کەوت لە سینگی دایکی، کۆترە کێویلکەکەی سەر سینگی ئافرەتەکە لەگەڵ دەستی قادردا ڕاچڵەکی، هێلانەکەی بۆ ساتێك شڵەژاند. قادر ویستی داوای لێبووردن بکات، تەزووەکەی پشت دەستی پەشیمانی کردەوە و وای بە بیرداهات داوای لێبووردن لە شتێکی وا کارەکە قووڵتر دەکاتەوە و ڕەنگە وا لە ئافرەتەکە بکات بیری بۆ ئەوە بچێت کە بە ئەنقەست وای کردووە، بۆیە خۆی لێ گێل کرد و دەستی کرد بەیاریکردن لەگەڵ منداڵەکە، ئافرەتەکە بە هۆی منداڵەکەوە نەیدەتوانی ڕووی بەولاوە وەربگێڕێت، حەزیشی نەکرد بەو جۆرە ڕوو بەلای قادردا وەربگێڕێت. نەوەکو بیری بۆ شتی تر بچێت، قادر لە پەنجەرەکەوە ئۆتۆمبێل و بازاڕەکەی پێشانی منداڵەکە دەدا و چەند ئاوڕیشی بەلای چەپدا دەدایەوە و دەیبینی ئافرەتەکە بەری بەم لاوەیە.

(( ڕەنگە پێی خۆش بووبێت، ئینجا ڕەنگەی بۆ چییە، کوڕێکی قۆزی وەکو من.ــ بەتایبەتی ئەمڕۆ ــ چ ئافرەتێك بە ئاوات نایخوازێت، خەتای خۆمە بەرتیل بە کچان نادەم و خۆمیان لێ نزیك ناکەمەوە، بەڵام تاکەی. ئەوا لەمڕۆوە دادەمەزرێم و پێویستە چاو سەوزێکی ئاوەها نەشمیلانە بۆ هاوسەریی ژیانم هەڵبژێرم، بەڵکو منداڵێکی ئاوەها چاو سەوزم لێی دەبێت.))

منداڵەکەی توند بەخۆیەوە نووساند و ماچێکی قژە زەردەکەی کرد. ئافرەتەکە وتی:

ـ بێ دایە کوڕم مامە ماندوو بوو.

سەیرێکی قووڵ و خەیاڵاوی ئافرەتەکەی کرد، منداڵەکەی زیاتر بە خۆیەوە دەنووساند وەك ئەوەی حەز نەکات بەهیچ شێوەك بیداتەوە بە دایکی. ئافرەتەکە چاوی داگرت. لەسەرنجەکەی شەرمەزار بوو . قادر پاش کەمێك سەرنجدانی ئافرەتەکە. ڕووی بەلای پەنجەرە تەلخەکەدا وەرگێڕایەوە. زەلامێك لەناو قەمەرەیەکی پان و پۆڕەوە چاوی

تێبڕیبوو. بەخیلی پێدەبرد کە منداڵێکی وا جوان و ژنێکی وا نازداری هەبێت وەکو بۆی چووبوو.

(( ژن و منداڵێکی وەك ئەم دووانەی هەبێت پیاو دەبێ چیتری لەم ژیانە کورت و کەم فرسەتە بوێت.))

ببڕای ببڕ ڕێگەم نەداوە بیر لەوە بکەمەوە وەك ئەو زەلامە ئوتومبێلکی وەها و خانوویەکی ڕۆژئاوایی باخچەی هەبێت و جۆرەها کەرەسەی خۆشگوزەرانی تێدا بێت، رەنگە ژنەکەی هیچی لەم ئافرەتە کەمتریش نەبێت، بەڵام چاو برسییە بەخیلی بە شتێکم دەبات کە هی من نییە.

ـ ئازاد ئازاد.... ئەها ئەوەش وەکو تۆ بەبەیە. دەڕوات ، تۆ دەتوانی بڕۆی.

بە تیلەی چاو ئافرەتەکەی بینی زەردەخەنەیەکی دوو دڵانە بەسەر روویەوە بوو.

(( ناهەقی نییە. ئێستا وا دەزانێت خەڵکی هەموو دەزانن من نەناسم و لەگەڵیدا سازم کردووە، بەڵام وایش نییە. ئەوە بەخیلیم پێدەبەن. هەقیانە، بەڵام ئەی ئەگەر مێردەکەی چاوی پێبکەوێت.))

قادر ویستی منداڵەکە بداتەوە دەستی دایکی نەوەکو ئەم چەند ساتە خۆشەی خراپ بشکێتەوە، بەڵام منداڵەکە قۆڵی لەملی توندکرد و خۆی پێوەی نووساند.

((منیش ئەگەر ژنێکی وام هەبێت و لەگەڵ یەکێکی وادا ببینم هەزار شتم بەبیردا دێت، تۆ بڵێ منیش ئەگەر ژن و منداڵێکی وام هەبێت، پاش ساڵێك دووان لێم بێزار بێت و وا لەگەڵ یەکێکی تردا بکات، ئەگەر وابن هەر ئێستام باشترە، بەڵام خۆ ئەم بەستەزمانە هیچ گوناهێکی نەکردووە، منیش.))

ئافرەتەکە بەجۆرە پاڕانەوەیەکەوە وتی:

ــ دەبێ دایە کوڕم، ئەوەتا گەیشتین مامەشت بێزار کرد.

قادر سەیرێکی دەرەوەی کرد نزیك ئەم شوێنە بوو کە بۆی دەچوو، ویستی منداڵەکە بداتەوە دەست دایکی، بەڵام منداڵەکە لێی نەدەبووەوە، هەر چەندی کرد دڵی نەدەهات بەزۆر بیداتەوە دایکی، هەوڵیدا وا بکات. منداڵەکە خەریك بوو دەست بکات بە گریان. سەیرێکی سەعاتەکەی کرد هێشتا ئەوەندە وەختی بەدەستەوە مابوو لەو وێستگەیە رابوەستێت و بەپێ بگاتە جێ، بۆیە بە ئافرەتەکەی وت:

ــ قەینا لێی گەڕێ منیش هەر لێرە دادەبەزم.

ئافرەتەکە هەستی بە شڵەژانێکی زۆر کرد، بۆیە نەیتوانی هیچ بڵێت. کە پاسەکە راوەستا ئافرەتەکە چاوی بڕییە منداڵەکە و





هەستا. قادریش بەدوایدا دابەزی.

قادر لەگەڵ دابەزیندا بەدوو شەقاوی فراوان خۆی لە پاسەکە دوور خستەوە، چونکە واهەستی کرد یەك ساڵی تەواوە لەناو ئەو پاسە شەق و شڕەدایە، بەڵام هەر کە ئافرەتەکە ئاوڕی دایەوە و قادر چاوی بە چاوە سەوزەکانی کەوت، هەستی کرد لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەو پاسە شەق و شڕەدا ساتەوەختێکی زۆر خۆشی لەدەست چوو، بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت منداڵەکەی بەسینگی خۆیەوە نووساند، ئافرەتەکە چاوی پێوە بوو لەوە پەشیمان بووەوە کە جارێکی تر هەوڵی لێوەرگرتنەوەی منداڵەکەی بدات، قادر کەوتە تەکی و بە بێ ئەوەی هیچیان هیچ بڵێن پشتیان لە چوار شەقامەکە کرد و بە کۆڵانەکەدا داکشان.

سەرووی دوو دەرختی بەرز لە حەوشەکەوە دیار بوون، قادر چاوی بڕییە گەڵا سەوزەکانی دارتووەکە. وردە وردە لەگەڵ گەیشتنە ئاستیاندا هەردوو دارەکە لێك نزیك دەبوونەوە، تا جووت بوون، دار سەرووەکە کەمێك نووکە تیژەکەی نەبێت لەسەرووی دارتووەکەوە دیار بوو، ئەوەی تر بەتەواوی تێکەڵ بە سەوزایی دارتووەکە ببوو. قادر لەبەر خۆیەوە وتی:

با لێپرسراوەکە هەر چاوەڕێ بێت، من ئەمڕۆ خۆم لە شتێکی تردا تاقی دەکەمەوە، چی دەبێت با بێت.

١٩٧٩/٣/١٢ بەغدا

**سیروان کەریم**

# مردنێک بە دیار داهۆڵەکانەوە

من خۆم دەمزانی کە ئەم دواکەوتنەم لە ساتی خۆی، باوکم توورەتر دەکات و قەهری خۆی و کێڵگەکەی لە مندا بەتاڵ دەکاتەوە، ئەو بەیانییە نازانم خەتای خۆم بوو، یان هی ئەو ماندووبوونەی دوێنێی کێڵگەکە بوو، وا دوایخستم بۆ کێڵگەکەی باوکم، من کوڕە تاقانەی باوکم، دەبوو هەموو بەیانییەك لەگەڵ سێ خوشکەکەم و باوکمدا، کەمێك دوای ئەوان لە کێڵگەکە ئامادەبوومایە، ئەگینا باوکم ئەمیدایە بەر خڕکە بەرد و دار، منیش بۆ خۆی ئەو بەیانییە کەمێك دواکەوتم، هەر چۆنێك بێت بە هەڵەداوان خۆم گەیاندە لای کێڵگەکە، باوکم پیاوێکی ئێجگار توورە بوو، بە ئەندازەی ڕووبارێك، کە ڕەحم بە خۆی و ئینسان و ئاژەڵ نەکات و سەرنەگومیان کات لەخۆیدا، باوکم بەو ئەندازەیە توورە بوو، ئەو کاتەی کە بە عارەقەیەکی زۆر و قەمیسێکی شڕی ڕەشەوە چوومە ناو کێڵگەکەوە، لەو کاتەدا باوکم خۆی نوشتاندبۆوە سەر بێڵەکەی و خەریك بوو بە گۆلە پێچاوپێچەکانەوە و بامێی دەچاند. هەرسێ خوشکەکەشم هەریەکەیان خەریك بوون بە کاری خۆیانەوە، یەکێکیان چاڵی بۆ گۆلەکان لێ دەدا، یەکێکی تریشیان دەیویست



گۆلەکان بۆ باوکم درێژ بکاتەوە، ئەوی دیشیان خەریك بوو چۆلەکە و تەیر و باڵندە و داڵەکانی هەڵدەفڕاند، بۆ ئەوەی ئەو گوڵ و سەوزەواتانە نەخۆن، کە لە بەشی پێشەوەی کێڵگەکەدا بوون. باوکم بە بینینی من زیاتر پەشۆکا، لە پڕا پەلاماری خڕکە بەردەکانی داو دارێکی گرت بە دەستییەوە و کەوتە وێزەمەوە، من وەك گیاندارێك کە تاوانێکی گەورەی کردبێت، لەناو لێزمەی دار و بەرد و ڕقی باوکمدا دەستەمۆ بووم، هەموو جەستەم کوترا و لە زۆربەی لاشەمەوە خوێن دەرچوو، ئەم هاوار کردن و خوێنبەربوونەم هیچی لە ڕەحمی باوکم نەگۆڕی، ئەو هەر بەردەوام بوو لەو بەچەپۆکدان و دار و بەردە بە گیانمدا، من هەر هاوارم دەکرد بە ئاسمان، بە خوا، بە مەلائیکە، بەڵام سوودی نەبوو، هەر سێ خوشکەکەشم بە دیار یەکەوە دەگریان بۆ من، ئەوان چەند مەترێك دوور بوون لە منەوە، بۆ کەس نەبوو لە عەزابدانی یەکێکماندا بێت و دەستی باوکم بگرێت و لێی بپاڕێتەوە و کەمێك عاتیفە نەگریسەکەی بجووڵێنێ، تا کەمێك دەستی سووك داگرێت بۆ سەر گیانمان، نازانم چەندی لێدام، بەڵام دوایی چەند برینێکی قووڵم بە جەستەی خۆمەوە بینی، وای!

چەند بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە، وەك کوڕە تاقانەیەك برینەکانم هەر خوێنی لێ دەچۆڕا، من هیچ شتێکم بۆ نەدەکرا تەنها ئەوە نەبێت، لە دڵەوە جوێنم بە باوکم دەدا، بێ ئەوەی زمانم بجووڵێنم، دوایی کە منیان هێنایەوە ماڵ، دایکم کردمیە باوەش و خستمیە سەر سەکۆ قوڕینەکە و لەبەر سێبەری هەیوانەکە دایانم و زۆر سوپاسی (ڕەحیمە گەڕ)ی کرد، کە شوانێکی گوندەکە بوو منی هێنایەوە ماڵ.

(ڕەحیمە گەڕ) زۆر لە باوکم پاڕایەوە، پێی وتبوو ئەو گوێدرێژەی خۆتم بەرێ و دوو لە کچەکانیش بابێن لەگەڵمدا و کۆمەکم بکەن، تا ئەو کوڕە خێر لەخۆنەدیوە بەرینەوە بۆ گوند، بەڵام باوکم زۆر بە توندی ئەو داوایەی ڕەتکردبۆوە، دوایی بە ناچاری مام ڕەحیم هەر چونێك بوو منی بەو هەموو عارەق و خوێنەوە گەیاندەوە ماڵ، دایکم چوو لە (کوون)ەکە، کە بە ژاش داپۆشرابوو، هەندێك ئاوی ساردی بۆ هێنام، من لەتاو ئازار وامدەزانی ژەهری (سوکرات) دەخۆمەوە، من نە تامی خواردنم دەکرد، نە تامی دونیا، من تەنها تامی ئازارم دەچەشت، دوایی چوومە بەر ئاوێنە لاکێشەکەی بەر هەیوانەکە، بە فرسەخێك کات گەیشتمە بەر ئەو ئاوێنەیە، هەندێ برین و ئاوساوی ترم بینی، کە لە

بەشی پشتەوەی جەستەم دەرکەوتن، هەندێکیان شوێنی خڕکە بەرد و ئەوانی تریش شوێنی لیسەکە بوون، کە باوکم بێ ڕەحمانە بۆ سەر جەستەم دایدەوەشان، ئەو لیسە جگە لە نەفرەتییەکی گەورە هیچی تر نەبوو بۆ ئێمە، دایکم لەو کاتەدا خەریکی پەڕۆ سووتاندن و قرچاندنی ڕۆن بوو، بۆ سەر برینەکانم، کەچی لەو کاتەدا بۆنی ڕۆنەکەم دەکرد و حەزیشم بەوە دەکرد ئاوێنەکە بشکێنم و ئیدی هەرگیز سەیری ئاوێنە نەکەم، ئاخر ئەگەر ئاوێنەکە نەبووایە من ئەو هەموو برینەی ترم نەدەبینی کە بەشی پشتەوەی جەستەمیان داپۆشیبوو، ئەگەرچی ئەو ئاوێنەیە باوکم هەرگیز بۆ جارێکیش لە بەردەمیدا نەوەستا و جامانە لارەکەی لەبەر چاك نەکرد و دەستی بە خۆیدا نەهێنا لەبەری، ئیدی ئەم خەیاڵە پەشیمانی کردمەوە لە شکاندنی ئاوێنەکە.

دایکم لەو کاتەدا هاتە بن دەستم و لەسەر (لبادە) بۆرەکە داینام و بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە، کەوتە تیمارکردنی جەستە بچووکەکەم، من لەو کاتەدا واهەستم دەکرد، جەستەم هەموو ئازاری دونیای هەڵگرتووە.

دایکم بە دەستە میهرەبانەکەی خۆی پەڕۆ سووتاو و ڕۆنەکەی خستە سەر برینەکانم، ئەو ئافرەتە مرۆڤێکی بە سەلیقە بوو لە تیمارکردنی جەستەی ئێمەدا، چونکی ئەمە بەردەوام پیشەی هەمیشەیی بوو، ئەگەرچی دایکیشم نیوەی جەستەی بەردەوام برینی پێوە بوو، چاوی لای چەپیشی بەر گورزی باوکم کەوت بوو، بۆیە لە گوندەکەماندا بە (نەسیمە کوێر) ناوی دەهێنرا، دایکم تا دوابرین دووعای کرد، منیش تا دوابرین هاوارم کرد... هاوار... هاوار...

(نەسیم)ی دایکم لە هەر بنمیچی ژوورێکدا، چەندین نوشتە و دوعای شێخ و مەلا و ئەولیای شاردبۆوە، بەڵکو تۆزقاڵێك ئەم تووڕەییەی باوکم ئەهوەن بێتەوە، بەڵام نە نوشتە و نە دوعا بەهایەکی ئەوتۆیان نەبوو، بۆ ئەو توڕەییەی باوکم، من بڕیارم دا کە چاك بوومەوە، یەکەم کارم سووتاندنی ئەم دوعا و نوشتانە بێت، کە هەریەکەیان لە بنمیچی درزێکدا خۆیان مەڵاس دابوو.

لە کاتی هەر لێدانێکی دایکمدا بە دەستەکانی باوکم، من و ئەو سێ خوشکەم، تەنها گوێمان لە نرکەی باوکم بوو، دایکم وەك پیشەی هەمیشەی لە بەردەوام باوکمدا دەکەوت و بێ ئەوەی دەنگی هەناسەیشی بێت، نازانم دایکم بۆ وا ئەفسانەیی بەرگەی ئەو لێدانانەی باوکمی دەگرت، لە دوای هەر لێدانێکی دایکم باوکم دەچووە دەرەوە و بەرەو کێڵگەکە بەڕێدەکەوت، ئیدی شەو بووایە، یان ڕۆژ، باران یان لافاو، بۆ ئەو هەر یەك شت بوو، ئاسایی بوو ئەگەر ئێمە لەگەڵی نەڕۆین، چونکی ئەوە یاسایەکی تایبەتی خۆی بوو، ئێمە لە دەرەوەی ئەو یاسا چەوتە بووین، ئەو مەغریبەی کە باوکم لە کێڵگە هاتەوە و بە گوێدرێژ و سەگەکەوە، لە ملەی ئەودیو ماڵەکانەوە بەدەرکەوت، هەر سێ خوشکەکەشم (نەهێ، بەهێ، خەجێ) بە دوایدا، ئەو سەگ و گوێدرێژەکەی بە خوشکەکانمدا دەناردەوە و خۆیشی دەچوو بۆ نوێژی جەمەعەت، ئینجا دەهاتەوە، ئەگەرچی باوکم لە دەرەوە بە کەسێکی ئەهوەن و هێمن حسابی بۆ دەکرا و بە (مام عەزین)ی باخەوان بانگ دەکرا.

عەزیزی باوکم، ئەو مەغریبە کە منی لەسەر (سەکۆ)کە بینی، هیچ ڕەحم و لوتفێکی بۆم نەجووڵا، هەر وەك ئێوارانەکانی تر، دایکم چووە پیرییەوە و جامە ماستاوەکەی نایە بەردەستی و ئینجا باوکم دەستی کردە خواردنی نان و ماستاوەکە، من گوێم لە مڵچەمڵچی باوکم بوو، چاویشم لەسەر ئەو باڵندانە بوو، هەندێکیان بە ئاسماندا ڕەوویان دەکرد، هەندێکی تریشیان خۆیان ئەخزانە ناو هێلانەکانی خۆیانەوە، وای! چ مەیلێکم هەبوو بۆ فڕین، فڕینێك بۆ شوێنێکی بێ کێڵگە، بێ دۆزەخ، بێ ئازار، بێ... بێ... بێ...

باوکم وتی :(هۆزان، بەیانی لە کاتی خۆیدا لە کێڵگەکە ئامادەبە.!)

بێ ئەوەی یەك وشەی تر بڵێت ڕۆیشتە باڵکۆنەکەی سەرەوە، لەوێ نوێژی شێوانی دەکرد و ئینجا فتیلەکەی دەکوژاندەوە و دەخەوت، ئیدی لە بەربەیاندا لەکاتی سڵاو کردنی مەلای بەیانیدا، بەخەبەر دەهات و دایکمی بە دەنگێکی ناساز هەڵدەستان و چای پێ لێدەنا و تفاق و خواردنی بۆ دەپێچایەوە، بۆ ڕۆژێك ئەگەر دایکم کەوچکە چا، یان سەرقاپی کەتیرەکەی بیر بچووایە، ئیدی ئەو ماڵە دەبووە دۆزەخێکی بچووك بۆی، ئینجا بەیانیان دوای بەخەبەرهاتنی دایکم، دەچووە ژووری خوشکەکانم و بەخەبەریانی دەهێنا، سێ خوشك بوون (نەهێ، بەهێ، خەجێ) باوکم لەڕقا وا ناوی نابوون، ئەو بەردەوام دەیگوت :(کچ زەعیفەیە، پێویست بەوە ناکات ناوی درێژی هەبێت، من سەد کچم هەبێت ناوی پێنج پیتی لێنانێم.!)

دوای بە خەبەرهێنانی خوشکەکانم،

هەرسێکیان بە بێدەنگ دەچوون دەموچاویان دەشووشت و بەرکولێکیان دەکرد و لەگەڵ باوکمدا دەڕۆیشتن و گوێدرێژ و سەگە بۆرەکەش بە دوایاندا.

ئەو سێ خوشکەم، کە جلی کاریان لەبەردەکرد، ئیدی بۆیان نەبوو دەنگیان لێوە بێت، باوکم دەیگوت: (مرۆڤ کە جلی کاری لەبەرکرد، دەبێت شتەکانی تر دانێت، قسە، دڵداری، نەخۆشی، دڵخۆشی... هتد)

هەرسێکیان بە دوای یەکدا بەرەو ئەو کێڵگەیە دەڕۆیشتن، کە دەکەوتە بەشی خۆرئاوای گوندەکەمانەوە.

بۆ (عەزیز)ی باوکم کێڵگەکە جەنەتێکی بچووکی زەمینی بوو، ئەو هەمیشە دەیگوت :(من ئەگەر ئەم جەنەتە بچووکەم نەبێت، ئیدی هیچ شتێك نییە لەم زەمینە بۆی بژیم.) کەچی جەهەنمێکی بچووك بوو بۆ من و ئەو سێ خوشکەم، هەرچەندە ئازاری زۆری ناوکێڵگەکە، ئەو خوشکانەمی ڕام کرد، بۆ مانەوەیان لە ناو ئەو ئازارە بەردەوامەی ژیاندا، ئەوان خەریك بوو دەبوونە سێ کێڵگەوان، سێ کێڵگەوان، کە هەموو دونیا بکەنە کێڵگەیەکی بچووك.

کاری من لەو کێڵگەدا ئەوە بوو، ڕۆژی سێ جار ئاوی خواردن بۆ کێڵگەکە بێنم، چێشتەنگاو، نیوەڕۆ، عەسر.

باوکم داهۆڵێکی گەورەی دانابوو، کە ناوی نابوو(داهۆڵە سەعاتەکە) من بە سێبەری ئەو داهۆڵە ئاوی خواردنم بۆ دەهێنان، سێبەری داهۆڵەکە ئەگەر بە لای چەپدا بووایە، دەبوو من یەکەم کاروانی ئاوم بهێنایە، ئەگەر سێبەری داهۆڵەکە نەمایە، ئەوا دووەم کاروانم دەهێنا، ئەگەر سێبەری داهۆڵەکەش بکەوتایەتە لای ڕاستەوە کاروانی سێیەمی ئاوەکەم دەهێنا، ئەوە کاری بەردەوامی من بوو. من دوو مەتارەم لە کۆڵ دەنا، مەتارەیەك بە دەستی چەپ، دانەیەکی تریشم بە دەستە ڕاستەوە هەڵدەگرت، بە توولە ڕێگاکەدا دەڕۆیشتم، بێ ئەوەی خۆم خەریك بکەم، بە سەیرکردنی باڵندە و هەور و بارانەوە، کە دەچوومە سەر کانییەکە و خۆم شۆڕدەکردەوە و دوو قووم ئاوم دەخواردەوە و شڵپێکی ئاوی قایمم بە دەموچاومدا دەدا و مەتارەکانم پڕ لە ئاو دەکرد و دەگەڕامەوە، من لە دوورەوە بە مەتارەکانەوە بەدەردەکەوتم، کێڵگەکەی باوکمم دەبینی، بە شێوەیەکی زۆر جوان داهۆڵەکانی چەقاندبوو، لە بەشی دواوەی کێڵگەکە دارقەیسییەکان چووبوون بە یەکدا، لە بەشی ناوەڕاست دار هەنارەکان، بامێ و سەوزەواتەکانیش لە بەشی پێشەوە، ئەمە زیاتر لە وێنەیەکی جوانی نیشان دەدا، ئەگەر







بهاتبا و مرۆڤ لە دوورەوە وەك من سەیری بکردایە، ئەو کیلگەیە ئەگەرچی لە دوورەوە جوان نیگای دەبینرا، بەڵام ئینسانی تێدا زیندانی کرابوو، ترسناکترین زیندانی دونیا، کیلگەیەکە کە ئینسانی تێدا زیندانی بکرێت.!

دوو ڕۆژ دوای تێهەڵدانەکەی من، ئەو خوشکەم، کە پیشەی پاراستنی کێڵگەکە بوو، خەڵافابوو بە خەیاڵێکی کورتەوە، لەو کاتەدا کۆمەڵێك داڵ کە سەر بە زەمینێکی دووری دونیا بوون، خۆیان هاویشتە ناو سەوزەواتاکانەوە، باوکم سەیری (خەجێ)ی کرد، مەشغوڵە بە خەیاڵێکەوە، خەیاڵێك کە ئینسان دەبات بەرەو دیوە نادیارەکانی مردن، لەو کاتەدا باوکم یەکسەر خڕکە بەردێکی توندی بۆ هاویشت و دای بە لاچەپی سەریدا و بە عەرزەکەدا کەوت، خوێن بە سەر و لوت و گوێیەوە فوارەی بەست، من دڵم داخورپا و بەزەییم بە خۆمدا هاتەوە، چونکی شتێك لە ناوەوە پێی دەوتم (هۆزان) ڕۆژێك تۆش نۆرەت دێت.(خەجێ) چەند جارێك زۆر توند قیژاندی، بەو قیژەیەی کە ئازاری هەموو دونیای تێدا کۆببووبۆوە، ئەو داڵانەی هەڵفڕاند، کە بوونە هۆی کوشتنی، داڵەکان فڕین و تا لە چاو ون بوون هەر سەیری داڵەکانم کرد و گریام، دەمزانی ئەو داڵانە، باڵندەیەکی نەفرەتی مەرگاوی بوون، لەگەڵ نوقمبوونی داڵەکان لە چیاکەی ئەو بەری گوندەکە، ڕەشەبایەکی توند هات و داهۆڵەکانی ڕووخان، بە داهۆڵی سەعاتەکەیشەوە. لەو کاتەدا (خەجێ) بەدەم پلیکانەوە و ئازارەوە نوقمی مردن بوو، باوکم چوو داهۆڵەکان چاکبکاتەوە و بیانچەقێنێتەوە، ئێمە هاوارمان کرد، باوە (خەجێ)ی خوشکمان مرد! باوکم ئاوڕی دایەوە و لە چاوانیدا تەلیسمێکی ترسناك دیاربوو،وتی: (پەلە مەکەن، ئێستا دەڕۆینەوە.)

دوایی تەرمی (خەجێ)مان لە گۆڕستانەکەی سەر گردۆڵەکەکە ناشت و بە درۆ وتمان بە ڕووداوێکی کوتوپڕ مردووە، داهۆڵێك بە دەم ڕەشەباوە دایەتی بە سەریدا، دوو ڕۆژ پرسەیەکی ساردمان بۆ دانا، پرسەیەك چەند جارێك داڵەکان هاتن، بەسەر پرسەکەدا قیڕاندیان، من هەر کاتێك ئەو داڵانەم دەبینی خەیاڵە جوانەکەی (خەجێ)م بیردەکەوتەوە، ئیدی دوای پرسەکە بەو هەموو برینەی گیانەمەوە چوومەوە نوشتەکانی دایکمم دڕاند و بیرم لە مردنێکی ترسناك دەکردەوە بۆ خۆم، مردنێك کە ناشیرینی هەموو دونیای هەڵگرتبێت بۆ من...

سەرگۆن پۆڵس

# مەیخانەی سەگ

و: لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

لێتان ناشارمەوە منیش جاجار بیر لە چییەتیی شیعر لە گرنگیی دۆزەکە دەکەمەوە بە جۆرێک لە تۆبە وەک هەمووان و هەژاریی ئەفسانەیی پاسارییان و زۆربەی جاران کە نوستووم خەون دەبینم پێم بە پیاوێکی نوستووی ژێر چیایەک دەکەوێ و شەقی لێ دەدەم وەئاگای بهێنمەوە بەرایی بە نەرمی ئینجا بە هەڵەوەڕی و هاوار دا بە ئاگا بێتەوە و جارجار وەئاگام دێنێتەوە تاکە جیاوازییەک لە نێوانی ژیان و نوستندا ئا ئەم پێوەندییە شووشەییەیە لە نێوان ڕێککەوت و بەمەبەست لە نێوان ئەوەی بەخۆت بە ئاگا بێیتەوە و یان بە پێڵاو بەئاگا بهێنرێیتەوە، تەنانەت ئەگەر کێویشی لێ نەبێ تەنانەت گەر لەوێش نەبێ!

بەرەبەیانێک ئەوەی مەترسیی لێ دەکرێ هەرهەمووی ڕوودەدا و بەبێ ئاشت بوونەوە وەک ئەو برادەرەم دەڵێ کە تێزێکی لەبارەی بێدەنگیی ئەبولهەولەوە نووسی بۆ وەدەست هێنانی بڕوانامەی دوکتۆرا بە خۆت و بەختی خۆت بەرەبەیانێک ئەوەی مەترسیی لێ دەکرێ هەرهەمووی ڕوودەدا کانیاوی گوندی تێدا لە پشت پەرژینەوە دەگوێزێتەوە ناو دەمی پیاوێک کە تینوێتی دەیڕازێنێتەوە خەون دەبینێ کە تیپێکی مەشق پێ کراوی دوژمنان بیابان بە پێلەقە بە درێژایی شەو دەکاتە ناو بۆڕیی هەناسەیەوە، بەبێ ماندوو بوون، بەرەبەیانێک کە مەترسیی لێ کراو ڕوو دەدا و هاتوچۆ قەدەغە دەکرێ و لە بن تەونی حوکمە عورفییەکاندا نهێنی دەدرکێەیەکی نزم سواری هەڵمەکانی ڕووبار دەبێ چاوەدزکێ بەسەر نوستووانی لە دوو ڕۆخیدا بە کونە بارانییە دوانزدەکانییەوە دەکا. یان لەوانەیە بەسادەیی بڕوام بەوە هەبێ، کە ئەم داپۆشینە بڕپرسیارە بە سەتڵ ئافەریدەیەکی سەوز هەڵدەگرێ لەچاوەڕوانیمدا لە بیری حەفتاکاندا نوستبوو لە منداڵیشەوە یان لەوانەیە بڕوایەکی کوێرانەم بە " مافووری سەر با " هەبووبێ زانایانی کێشکردن لێیم خۆش ناکاتەوە کە چامەگەل پێویستیان بە سەوڵ نییە دا هەموومان بەرەو ڕۆخەکەی دی بپەڕێنێتەوە و هەموو وشەیەکیشی تێدا ، دەلاقەیەکە ڕابووردووی لێوە جاسووسی بەسەر زیندووانەوە دەکا.

لە بارودۆخی وادا من بە دەوری شوورەکانی جیهاندا دەسووڕێمەوە کە بە وردی شوێن ڕەخنەکان لە دەفتەرمدا تۆمار دەکەم و بە بزمار دەیانخەمە سەر نەخشە بیر لە هاوسێکانی " ئیبن خەلیل " [1] دەکەمەوە لە نیویۆرکدا بە ئازایەتیی خەونبینەکانەوە دەگەڕێ، بە " ئەبو فیراس " [2] وەک دیلێکی وڵاتی ڕۆم بەکێشی ( بەحروتتەویل ) [3] لەگەڵ کۆتردا دەدوێ و لەو کاتەدا کە خەریکە عەرەبیم لەبیر دەچێتەوە چاوەکانم دەنووقێنم و خەون دەبینم دا فەرهەنگ لە یادەوەریی بهێنمە بەرچاو ناو لەناو سەرمدا کەشتیی نووح لە ناو دەریایەکی بەیەکداداوی ئافەریدەگەلێکدا هەر ماسییەک تێیدا بەدەم مەلەکردنی / سەر ڕێسمە / لە دەرەوەی پەنجەرەیەکی هەر دوو لا بەتاک پوولەکەکانی خۆی ڕێکدەخا لەناوەڕاستی زمانمدا ٖەیبیانی تێ دەڕێژن لەسەر پەنجەرەکاندا لە تەلارەکانی گورگە خاوەندارەکان گورگە گێڕەرەوەیەک دەردەکەوێ ونجڕ تیژ هەڵەڵە لێدەدا دەچرپێنێ منگە بە مردن دەکا چون سێڵاو درێغیی شیعرم بۆ دەگێڕێتەوە: سەرێکی بژ لە خەونەکانمەوە هەڵدەبەزێ

لە کیفی یادمدا لە بەردەکانی " مەعەڕڕات " [٤] کە شاعیران داوادەکەن چاوکۆڵ بکرێن دا گفتوگۆیەك لەگەڵ " گیراوی دوو بەندیخانە " [٥] یان لەگەڵ نزیکترینی بێچاواندا منگەمنگ بە چرپە دەکا و هەڵەڵە بۆ مردن لێ دەدا وەك بڵێی بۆڕییە ئاوێکم بە چەکوشێك کردووەتەوە. چون سێڵاو درێغیی شیعرم بۆ دەگێڕێتەوە تریشقەی شەو هەروەها گوترا شاعیرێك بە ولاتانێکدا گەڕاوە خەوزڕاوێك بە شاپلێتەگەلێکی زێڕی خاوێن فەرمانڕوایەتییان دەکا لەرزەیەکی تەنیا تێدەکۆشێ لە کونێکی مەچەکیەوە هەڵبێ لەو هەیوانە ڕۆدەنیشێ کە بۆخاوەنسکالا دوورەکان ئامادە کرابوو لەو هەیوان دادەنیشت بۆ لمێك ئامادە کرابوو ستار گرتن نازانێ چاوەڕوانی قەتارێکی لەبیرکراو دەکا لە بیری هەزاراندا بە دوو دەستی نزاکارەوە دیباجێك دوو دەستی کە یکیان ئەوی دییان پشت گوێ دەخەن پینەی دەکەن و مەرەکەبێکی زۆر لەپڕ لە گۆڕی چامەی حائییە [٦] هەرە گەورەکەوە دەچێتە ناو خوێنبەری چامەی بائیی [٧] ئەبهەر لە دەستی ئەو چاونابیینایەی بە چاوی سێیەم سەیری ئەدەبەکەی کردم و گریا [٨].

خودا لێ خۆش بوو هەموو ئێوارەیەك یان لە دەوروبەری دوورەپەرێزیی بەناو دەفرێکی زیویندا دەکرد و هەر کە خۆراوا خەریکە هەڵێ بۆ لێوەکانی بەرز دەکاتەوە ( واتە دەفرەکە نەك ئێوارەکە ) مارێکی ڕەشبەڵەك بوو دووچاو ڕێژراو بە پاشکۆی بۆرانەکەوەییەکان خوداش باشتر دەزانێ ( لێرەدا لەوانەیە گێڕەرەوە شان هەڵتەکێنێ یان شێتانە لە قاقا بدا یانیش دەست بە گریان بکا ) بە لار و لەنجەوە لەبنی دەفرەوە سەردەکەوێ و لە دوو برۆی چرپیدا لە حەسانەوە دەگەڕێ = سەرێك لەپڕ لە سەنگەری دەممەوە باز دەدا کە لێوەکانم لە تینووان دەکەمەوە دانەکانم بە کیسەگەلێکی لمدا هەڵدەزنێ هێرش بەرەو پێشەوە دەبا پرچی بژە بەلام لە ناو دەمیدا وەك پەرجۆ کۆترێك دەگورگێ [٩] گورگ دەگمێنێ جەنگ و گەمارووەکانم بیردەخاتەوە و جاروباریش بە خەمێك مەخجەنیقێلێکی ڕووناکیی ژەنگاوی دادەمەزرێنێ بەدەوری قەلای ئەو وەهمانەدا کە ڕابوو و شەوێك جێی سەر گردەکەی جێهێشت

گورگەکەم کە بە جوانی لەناو کۆمەڵە داردا دەیگماند، کۆترەکەم کە بەرخەکان ڕاودەکا بۆ ئەوەی ئەو ڕێگا درێژانەم بیر





بخاتەوە کە برِیونی دا بگات و بە گەیشتنی ڕزگارم بکا لە کیزکردن بەسەر فانووسەکانی قیتاراندا و لە جووتبوونم لەگەڵ گردە بە ڕانی کیژاندا زنجیر کراوەکان. ئەوجا بیبان نووست و گلێ حەسایەوە.

خۆم دیتەوە لە مەیخانەی کیسەڵدا نوستووم و کەروێشك لە مەیخانەی سەگ و ڕێوی و پیاوی کار لە مەیخانەی جرجدا و پەپوولە و مارمێلکە و مەیموون بەتەکمەوە قوماربازێك نوستووە قۆڵی لە کورسییەکەوە شۆڕ بووەتەوە و شاژنێکی دینار و جۆکەرێکی لە دەستدایە. چەند پزیشکێکی ڕیشن ، سەرتاش و مانیکان و مامۆستا و بازرگانانی مالات و بازرگانانی چەك و ئەندازیارێلێك فەرمانڕەوا و جێگر و خودا نازیان دەکێشن و ئەگەر پێویست بوو دەوڵەت بە تۆپگەل و ژیانی هەزاران شاعیر و بێکارە پاسیان دەکا کرێی بەرزی ئەوتۆ وەردەگرن تەنانەت لە خەونێکی گەورەترین گەشبینیمدا نایگەمێ لە پشوویەکی شلی سەر دەریالووشی هێمندا لە ژێر مانگی خۆراوادا کە نووسینی بە ئینگلیزی و ڕووسیی لەسەر لایە تاریکەکەیدا هەڵگرتووە. دروشمگەلێك لە " دەریای هێمن " دا خاوەنەکانیان جاڕ دەدا.

خۆم لەلایە تاریکەکەی جیهاندا دیتەوە نوستووم هەموو بەیانببەك لە کتێبخانە گشتییەکەی ئازاراندا لە ڕەگێك دەکوڵمەوە بە تۆم ببەستێتەوە، تۆ، هەمیشە تەنانەت من ڕاڕا دەبم ناوت بێنم چونکە ، ژەێك نیت یانیش زەوی یان شۆڕش، درەختێك هەژارێك لەتەك تۆفاندا کەس ناو نابەم بەرێکی بەلام من تۆم دەمەوێ هەست بە گرنگیی دۆزەکە بکەی! بلام ئێمە هەر لەسەرەتاوە دەست پێ دەکەین واتە بە دەرخستنی هەرچی ڕاستگۆییەکمان هەیە بەرەو ئەو نێچیرەی دەمانگەیەنێتە ناو دلی واتا چونکە واتا هەمیشە لەوێندەرێ بەسەبرەوە لە کۆتاییی چامەدا تووتن دەکێشێ چاوەڕوانیی گەیشتنت دەکا و بە سووکڕوانییەوە زەردە دەکاتۆش هەناسەبڕکێتە یان دەگرییێ یانیش بە یەك پێوە دەگەی یانیش لە نیوەوە بە ئیفلیجی یانیش لە مانوویی بەمردوویی خاوەن قەرزەکان بە تێلای قانوون ڕاوت دەنێن یانیش لەبان سەدیەی گواستنەوەی نەخۆشاندا ویستم ئەوە لەم چامەیدا تاقی بکەمەوە کە بە قەلەم و برسێتی و شاپلێتە و بەرد هێرش ببەیتە سەر خۆت؟ بۆ ئەوەی هەندێك خوێن بکاتە ناوکۆشی خوێنەر؟ کەچی من پێویستە باوەڕیشم پێ بکەی ( دەزانم باوەڕم پێ دەکەی ) باوەڕ

به پێویست بوونی دەکەم باوەڕێکی سەیر لەپڕ پەیدادەبێ چونکە من کە ئەمە دەڵێم لەخۆم دڵنیا نیم!

بۆیە لەناو جەرگەی شەودا دەرچمە دەرەوە بۆ کڕینی پاکەتە جگەرە و سەر لە برادەرەکەم دەدەم بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی شیعرەوە بکەین و جنێو بەرووی خۆراوادا هەڵدەین کە هەردووکمان بەشێوەیەکی کاتی دەژین بە قەرز و بە جۆرێك لە هەستی قووڵ بە کوێری و زۆر میزکردن لەسەر تابووتی سەرمایەداریی خەرجی زۆر وەك بڵێی بەرمیلێکی تەواوی بیرەی هەرزانمان خواردبێتەوە.

لە دەرگا دەدەم ئینجا لە دەرگا دەدەم ئینجا هاوار دەکەم کورە گەواد! کورە بڕام بیکەرەوە کابرا و گوێم لە جموجوولێکی پاشەکشە دەبێ چون پەرێکی بەرەو قووڵاییەکان و ئینجا لە دەنگێك بە ئینگلیزییەکی زنجییانەی تێکەڵ بە زارێکی فەڵەستینی دەبێ کە هەڵە ناکا ئێ کورە قەحپەیینە چیتان گەرەکە دانتان بۆ پێدا نانێم ك، س، م، ح، ( منگەمنگێك بە بەهیچ زمانێك کەس تێی ناگا ( پێکەنینی بێزاری بە عەرەبی ).

سەر لە بەیانی دەچمە فلمۆر کە گەڕەکێکی زنجییانە لە سانفرانسیسکۆ لەسەر شێوەی هارلم لە نیویۆرك بۆ ئەوەی سەر لە برادەرە فەلەستینییەکەم بدەم لە دووکانە بە شیش پەرژین کراودا (لە ئەمریکا گشت دووکانەکان لە گەڕەکە هەژارەکاندا بەشیش پەرژین کراون ) بەیانیت باش تەندروستیت چۆنە لاوۆ؟ وەك خۆشییەکی خووپێوە گیراو بەرەومن بهاوێ: وڵاتی عەرەسەکان دەتەوێ خۆت بخنکێنی، وەها نا؟ دەهێڵن بچی درەختێك بە کرێ بگری! یانیش دار تەلەگرافێك؟ لەم ڕۆژانەدا کاروباری شیعر چۆنە؟ لەوانەیە لە مەبەستم گەیشتبی، ڕوونە وەك دەبینی من شتێکی کەمێك نەزانراوم بە ئامانج گرتووە چونکە هێشتا تەواو نەبووە ئەی برادەر بەوپەڕی سادەییەوەش ئەمە دەڵێم نامەوێ بەخراپ لێم تێ بگەی ئەمە وشەگەلێکە بەسادەیی بە عەرەبی نووسراونەتەوە بەم بۆنەیەوە ئەمە بۆیە دەڵێم بۆ ئەوەی بەوە تاوانبارم نەکەی کە لە ژێر کاریگەریی شاعیرێکی " جیهانی! " دا ئەمەم نووسیوە هەچ شاعیرێك بەم شێوە نووسینە خۆی بخاتە مەترسییەوە تەنانەت نابێتە ناوخۆییش! شاڵاتی داهاتوویشی بە چاوی هەڵۆیەکی تا لێ هاتوودا دەبینێ یان پیاوێ چاوەڕێی سەردانی مانگانەی خاوەنماڵ دەکا و ئەمەش چاك دەزانێ کە پیاوی هەژار





ناتوانێ کرێی خانوو بدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بۆ ڕابواردنیش یانیش بۆ تێر کردنی حەزێکی نامۆی بەرەو تۆقاندن، یانیش لەوانەیە چونکە سەگ دەزانێ کە پۆلیسی جیهان و مێژوو هەموویان لەپشتییەوەن دەرگا بە پێڵاوەکانی دەکوتێ، بە تایبەتی بە پاژنە پڕ لە بزمارەکان...

کەواتە ئەو ساڵانەی ماویەتی لە چاوەڕوانیی ئەو جەللادەدا بەسەر دەبا کە لە شێوەی بەرگی پەرستارێکی فەرمیی نۆژدارێکی دڵەوە دێ لە پشتییەوە زنجیرێکی ئاسنین و چاکەتێکی شێتان دەشارێتەوە.

زەردەخەنە درۆزنەکەی زەوی بە بابەتی ئەم چامەیە پڕ دەکا.

( سان فرانسیسکۆ ١٩٧٥ )

**لە کتێبی ( ئەگەر لە کەشتیی نووحدا نووستبی ) چاپی یەکەم - بڵاوکراوەکانی " ئەلجەمەل " - ئەڵمانیا - ١٩٩٨.**

**پەراوێزەکانی وەرگێڕ:**

( ١ ) ڕاستییەکەی " خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی - الخليل بن احمد الفراهيدي - گوایە کێشەکانی شیعری عەرەبیی داهێناوە یا ڕێکخستووە.

( ٢ ) ئەبو فیراس ئەلحەمدانی: شاعیرێکی ناسراوی عەرەبە، ماوەیەك ڕۆمەکان بە دیلیان گرتووە و چامەیەکی بەناوبانگی هەیە لە دیلێتیدا کۆترێکی پێ دەدوێنێ.

( ٣ ) ئەلبەحروتتەویل " البحر الطويل " یەك لە کێشە شیعرییەکانە.

( ٤ ) مەعەڕڕات - ناوی شار و شوێن و شارۆچەیە لە سووریا. زێدی شاعیری گەورەی عەرەب " ئەبولعەلائولمەعەرری " یە.

( ٥ ) گیراوی دوو بەندیخانە، بەعەرەبی " رهين المحبسين " نازناوی ئەبولعەلائولمەعەرری - ی شاعیری عەرەبە، کە چاوی نابینا بووە، لە بەندیخانەدا نابیناییەکەشی بە بەندیخانەیەك داناوە و خۆی بە گیراوی ناو " دوو بەندیخانە " داناوە.

( ٦ ) چامەی حائی، ئەو چامەیەیە سەرواکەی بە پیتی ( ح ) کۆتایی دێ.

( ٧ ) چامەی بائی، ئەو چامەیەیە سەرواکەی بە پیتی ( ب ) کۆتایی دێ.

( ٨ ) ئاماژەیە بۆ شیعرێکی " ئەبولتەییب ئەلموتەنەببی " کە لە دێڕێکیدا دەڵێ:

**أنا الذي نظر الاعمى الى ادبي**

**واسمعت كلماتي من به صمم**

واتە: من ئەو شاعیرەم کە لەبەر بەرزیی شیعر و ئەدەبییاتم چاوکوێرانیش سەیری ئەدەبییاتی منیان کردووە و وای لە گوێکەڕ کردووە گوێ لە وشەکانم بگرێ.

حەمید زاملی

# گەڕانەوەی لەقلەق

٧

و/ سالار ئیسماعیل سەمین

زۆر نەگۆڕابوو، لەو سەرلەبەیانییە ساردەی کە چەند ساڵێك پێش ئێستاکە لەیەك دابڕاین. لەو کاتانەدا دەترسا و دڵتەنگ بوو. نەیدەزانی چی بکات ئەوەندە نەبێ دەیویست گەڕانێکی نێو شەقامەکانی شار بکات. ئەو شارەی کە وەسفی دەکرد و دەیگوت:

ئەم شارە لەگەڵ خەونەکانی خۆیدا دەژیا جوانییەکەشی دەگەڕایەوە بۆ باخچەکانی سەر ڕووبارەکە و ئەو کێڵگە بەپیتانەی کە شۆڕ دەبوون بەرەو ڕۆژهەڵات. شەقامەکان کپ و خامۆش بوون. ئاوماڵەکە و قوڕاو و بارانی شەوی ڕابوردووی پێیەوە دیار بوو.

لە شەقامی قوتابخانەکەی ناوەندیدا. لە پاڵ بورجی کاتژمێرە دێرینەکەیدا. درێژەیان بە راوەستانەکەیاندا.

وتی پێم:

– لەقلەقت لە بیرە..؟

– بەڵێ یەکێك بوو لە شارەکە.

– دیمەنێکی جوانی هەبوو ئەوکاتەی لەسەر یەك پێ ڕادەوەستا بەسەر بورجەکەوە، تەماشای چواردەوری خۆی دەکرد.

– پێویستە پێت خۆش بێ کە پێت دەڵێن حوسێن لەقلەق.

– کێ نازناوی لەقلەقی بۆ دانای..؟







یەکەمجار خلود و دووەم جاریش خەڵکی شار بەو ناوە بانگیان دەکردم.

– ناوێکی نهێنی نەبوو لە نێوان من و ئەدەبدا. وای لێهات بەردەوام نازناوەکە لەگەڵ ناوە هەقیقیەکەمدا بوو.

– هەقی بوو ئەو ناوەت لێ بنێ. لەبەر ئەوەی تۆ لەسەر یەك پێ رادەوەستای هەتا ئەو دەڕۆیشت بۆ قوتابخانە و دەگەڕایەوە.

تۆ بڵێی هەتاکو ئێستاکەش هەر بەو ناوەوە بانگم بکات...؟

هەموومان بەو ناوەوە بانگت دەکەین لەبەر ئەوەی تۆ یەکەم کەس بووی شانازیت بە لەقلەقەکەی ئەم شارەوە دەکرد. کە کۆچی کرد و ئەوە چەند ساڵێکە نەگەڕاوەتەوە.

لە بیرت چوو چۆن بە شێوەیەکی ئاسایی و بەئەمانەتەوە هێلانەکەی بەجێ دەهێلا و باشیش دەیزانی ئێمە پارێزگاری لێ دەکەین لە پاشانیشدا کۆچی دەکرد بۆ شوێنێکی نادیار.

– تۆ بڵێی ئێستاکە لە کوێ بێ.. هەست دەکەی مابێت و نەمردبێ..؟

– نەخێر برای من. لێرە ڕووداوەکان دڵگرانیان کرد و ڕۆیشت، ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی.

– پێخۆشحاڵم بە نازناوەکەم. پاش بیستنم بە شووکردنی. ڕۆژانە چەند حەبێکی ئارامکەرەوە دەخۆم. ئەگەر ڕەحمەتی خودا نەبووایە چاکبوونەوەم لەم نەخۆشی گەدەیە مەحاڵ بوو.

بەتوندی لێوەکانی گوشی بەیەکەوە و تەماشای بورجی کاتژمێرە راوەستاوەکەی کرد و وتی:

– هەموو شتێك دەبێتە رابردوو. لەوانەیش نەمری و شار و لەقلەق و راپەڕینیش.

هێشتا شەفەق دەرنەکەوتبوو. برینەکان و ڕووداوەکان. نەهامەتییەکان و هەڵکوتان بۆ سەر ئەو خەڵکە نووستبوون. هەناسە ترسناکەکان تازەبەتازە پێشوازییان لە سروەی ساردی بەرەبەیان دەکرد. فرمێسکەکان بەشێوەیەکی برایانە بەرەو داوی یەکتر دەڕۆیشتن. جاران هەستم نەدەکرد فرمێسکەکان وا خەماوی بن. لەو رۆژەوە یەکترمان ناسی هەست بە خولیابوونێکی جۆراوجۆر ئازایەتییەکی یەکلاکەرەوە دەکەم.

ئەوەی زۆرتر سەرنجی راکێشام خوێندنەوە بوو بۆ کتێب و چۆنیەتی پەیداکردنیان، لە کتێب کڕیندا بەشداریمان دەکرد. هەرچەندێکیش دەیگوت:

(ئەو کەسە شێتە کە کتێب دەدا بە یەکێکی تر . ئەو کەسەیش شێتە کە دەیگێڕێتەوە). زۆر جار کتێبمان دەدا بەیەکتر بۆ خوێندنەوە. هەتا ڕادەیەکی شێتانەیش کتێبی خۆش دەویست. زۆر جاریش ناوەڕۆکی ئەوانەی کە دەیخوێندنەوە بۆ ئەو خەڵکەی دەگێڕایەوە. بەشێوەیەکی جوان ڕووداوەکانی شرۆڤە دەکرد. دووبارە بە بۆچوونی خۆی دایدەڕێژایەوە. دژی توندڕەوی و خوێن ڕشتن و بۆنی باروود بوو. زۆر دڵگیر بوو بەلامەوە. بەهیچ شێوەیەك لەیەکتر جیانەدەبووینەوە. یەکەم برادەری گیانبەگیانیم بوو. تەنانەت جێگای نهێنییەکانمی دەزانی. تا وای لێهات کەلوپەل و پارە و بیروبۆچوون و پرۆژەکانمانیش دابەش دەکرد لە نێوانماندا. تەنیا لە کاتی ڕاپەڕیندا بەشداریم نەکرد لەگەڵیدا. کە ئەو سەرکردەی راپەڕین بوو. کە چەند ڕۆژێك پێش ئێستاکە بەرپابوو. ئەو کاتەی کە بینیم داوای لێبوردنی لێ کردم سەبارەت بەوەی ئاگادارمی نەکردووەتەوە. لەبەر ئەوەی تەندروستی تەواو نییە و کەمئەندامە. دڵنیای کردمەوە کە هەموو هەق و مافێکی وەردەگرێ. بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە هەموو خەونەکانی لەبار چوون. ئێستا بەتەمای هەڵمژینی دوواسرەوی پڕ لە ترس و پڕ لە غەمی شارە خۆشەویستەکەیەتی.

کە ئەنجامەکەی نادیارە. بە هەموو بڕوایەکیەوە تەماشای کاتژمێری قوتابخانەی سەر بورجەکە دەکا و دەڵێ:

– چاوەڕوانی گەڕانەوەمبە تا ئەو کاتەی کە دەبینی لەقلەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی خۆی.

– چاوەڕوانم ئەی هاوڕێ خۆشەویستەکەم.

– لە بیرت نەچێ هەوڵمدا بۆ هەلی لەدەستچووم. بەڵام نەمتوانی پێی بگەم.





ئەوەتا شارەکمان لە چاوەڕوانییەکی تازەدایە وەکو جاران.

– خەمێکی تر تێکەڵی رووحم مەکە. تۆ تەنیا چیرۆکیت و لەگەڵتا دەژیم. بەسە زۆر دواکەوتین ئامادەبە. دووا تەماشاکردنە لەسەرخۆکەی بەرەو ماڵە بەجێماوەکەی لەقلەقەکە بوو. کە چەند ساڵە بەجێی هێشتووە. پاش ئەوە هیچ قسەیەکی نەکرد. تەنیا ئەوە نەبێ تەماشایەکی ئەو ڕێگا قیرتاوەی کرد کە لە باشوورەوە دەهات. ویستم سەر بنێمە سەری و وتم:

– هەتا ئێستا بەتەمای نەمریت. وانییە..؟

بزەیەك گرتی و وتی:

– تکات لێدەکەم لە ڕابردووت وازبێنە.

تەماشایەکی پاشی خۆی کرد، لەوە دەچوو دووبارە نازناو و بیرەوەرییەکانی بەجێ بهێڵێ. بەسەر شەقام و خانووە لەبیر کراوەکاندا، کە هەتا ئێستاکە بۆنی باروود و ترسیان لێدێت.

– ئەو کاتەی جێگیر بووم نامەت بۆ دەنێرم.

– تکات لێدەکەم وشەی لەیەکدابڕان و ماڵئاواییم ناوێ.

– ئەوە ڕاستییەکە دەبێ بەدوایدا برۆین.

– بۆ کوێ دەڕۆی..؟

– خۆم دەدەم بەدەستی هێزە دەوڵەتییەکانەوە. لەگەڵ تێکەڵبوونی دوکەڵی جگەرەکانماندا بەرەوپێش، لە دوورەوە سەربازە کەلوپەل لەبەرە بەڵەك بەڵەکە دەوڵەتییەکان وەدەرکەوتن. دڵمان بۆ لەیەکدابڕان دەستی کرد بە لێدان. لەگەڵ دابەزینیدا چەند جارێك دای بەسەر شانمدا و ڕۆیشت.

چەند جارێکی ئاوڕی دایەوە. لەنێو سەرنشینی ئەو ئۆتۆمبێلە سەربازییەدا کە لەوحەیەکی شینی بیانی پێوەبوو ونبوو. بەهیچ شێوەیەك گۆڕانکاری پێوە دیار نەبوو چ لە شێوەی ڕوومەتیدا و چ لە ڕاوەستانەکەیدا وەکو لەقلەق. چاوەکانیشی ئاسمانی بوون. بەکامی دڵەوە بەرەو لای ڕۆیشتم و بزەیەك گرتی و وتی:

– رۆژگار زووبەزوو دەڕوا و ئەوەندەت زانی گەڕامەوە.

بەسەرسوڕمانێکەوە وتم:

– ئای دوای ئەم هەموو ساڵانە لەقلەق دەگەڕێتەوە..!!

– بەڵێ

تۆ ڕاوەستانەکەیت بینی بەسەر بورجی کاتژمێرەکەوە

– نەخێر هەتاکو ئێستا

– دەبا وەکو جاران پێکەوە بەشدار بین لە بینین و پیاهەڵدان و پێشوازی بۆ گەڕانەوەی.



چنوور نامیق

# خۆرێک لە پاڵ شەوی یەڵدا

بەدیار کوانووی شەوی یەڵداوە دانیشتووم
مێژوویەک شەوگاری تەنیا ئەسوتێنم
هەناسەی ئۆغرێکی دوور لە دەروونما دێت و دەچێ
نەزەر ناکەم وتەماشات ئەخۆمەوە
وا لێوم شەکرە خەم ئەگرێ
ئیرەیی بە نۆتەکانی خەیاڵبوونم
ئەوەندەی ترنامۆت ئەکا...
ئەی ئادەم
من کچی خۆرم
وریا بە
نەبا تەماشات لە خەمی چاوما داگیرسێ
ناڵەم ئاوەدانی قەقنەس ئەسوتێنێ
ئاگەدار بە پەنجەت بەپرچم گرِ نەگرێ







بە ماچێکی زەوتکراوم
خەیاڵ نابێ
ئیرەیی بە نووری چاوم
بینینت رۆشنتر ناکا
ئێستاکە من زۆر ئازادم
وریابە ئاشنای ئازیزم
چرپەکانت وەک نزای مۆمێکی لەرزۆک لەناخمدا لەبیر نەچێ!
ئێستا من دڵم ئازادە
خاڵییە لە خەونەکانت
ولاتێکم ئالام ناوێ
ئاگردانی یەڵدایەکی بێ حیکایەتی پیاوانم....
ئێستا تاراوگەم لە مەنفا
ئێستا مەنفام لە تاراوگە
حەزەر ناکەم و رێ ئەبڕم
نەزەر ناکەم و تەماشات ئەمخواتەوە
ئێستا خاڵیتر دەبێژم
نا هیچ ئالایەکم ناوێ
رێ نادەمە هیچ ئیمپراتۆرێکی تینوو
بۆ ساتێ بمکاتە پەنا!
ئاشنای هەناسە و دیدەنیم
من ئێستاکە کچی خۆرم
وریابە
وریا بە
وریا
پەنجەت بەتاڵەکانی پرچمەوە دانەگیرسێ!!



حەمە کاکەڕەش

# من و خۆم

کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە
.کەسێک نییە من و خۆم ئاشت کاتەوە
لە هەموو دنیا خۆش دەبم لە خۆم
.نەبێت
کەس شک نابەم منی لە لادانێم
.خۆمی شێت کردووە
لە شەڕی نێوان من و خۆما
من، من ناکوژم لە داخی خۆم
خۆم، خۆی ناکوژێ لە داخی من

لە شەڕی نێوان من و خۆما
هەزاران تەرم کەوتوون، تەرمی خەون و
.خەیاڵەکانم
کە من پێدەکەنم خۆم دەگری
کە خۆم پێدەکەنێت من دەگری
من لە خۆم تێناگەم
خۆم لە من تێناگات
دەڵێی هەر یەکەمان لە مەملەکەتێکی ترەوە
.هاتووین
من لە خۆم هەراسانم، خۆم لە من هەراسانە
.کە چی هەر پێکەوە دەژیین
چۆن دەبێت؟ من و خۆم پێکەوە بمرین
.کە هیچ شتێکمان لە یەک ناچێت







گوناهە من و خۆم بخرێینە یەک گۆڕەوە
من لێرەم و خۆم لەوێیە
خۆم لێرەم و من لەوێم
.کەچی بەردەوام پێکەوەین
من خوێنم وەک ڕووناکی دەدرەوشێتەوە
کەچی خۆم خوێنی پڕە لە تاریکی
من بێبڕواترین پیاوی دونیام.
.خۆم دڵی لە دەستی خواوەندایە
باران وەک منداڵێک دەگری
من باران دەکەمە کۆڵ
تا بیبەمەوە بۆ ئاسمان
ماڵی من ئاسمانە
خۆم لەسەر زەوی بە جێدەهێڵم
.ئەترسم ئاسمانیش پڕ بێت لە بێهودەیی
من خۆم نیم
خۆم من نییە
!ئەی کێم؟
من و خۆم (پێکەوە و) تەنیاین
خۆم و من (تەنیا و) پێکەوەین
من تا ئێستا خۆم نا ناسم
خۆم تا ئێستا من نا ناسێت
تارماییەک لە گەڵمایە
.نازانم من (تارماییم) یان خۆم
من گوناهەکانم دەخەمە ئەستۆی خۆم
.خۆم گوناهەکانی دەخاتە ئەستۆی من
من نهێنییەکان لە خۆم دەشارمەوە
خۆم نهێنییەکان لە من دەشارێتەوە
!من و خۆم پێکەوە نهێنین
من دەستم پڕە لە ڕووناکی
خۆم دەستی پڕە لە تاریکی
.دەستەکان پڕن بە کراوەیی
من دەستم بە ڕەنگی پەپوولەکانەوە ڕۆیی
بۆ کەنارەکانی باران
خۆم پەپوولەکانی سپاردە بێڕەنگیی بیابان
و بێهەستیی مەرگ
من لە پەنجەرەی سێوەکانەوە
هەموو شتەکانم بازنەیی دەبینی
ئاسمان و سەرزەوی و مردن و ئەشق
خۆم لە باڵی پەپوویەکەوە وەک دڵۆپێ
تاریکی دەچۆڕایەوە ناو باغ
دووریی نێوان من و خۆم نانووسرێتەوە بە
سێبەری وشە
وەک دووریی نێوان خۆم و من وایە
من سپی سپی دەچمەوە
خۆم ڕەش ڕەش دەچێتەوە
نێوانی سپێتیی من و ڕەشێتیی خۆم
وەک نێوان ڕەشێتیی خۆم و سپێتیی من
وایە
من لە دەریاکاندا ماسییە برینداره‌کانم
تیمار دەکرد
خۆم لە بیابانەکاندا مارەکانی
.دەلاواندەوە
دەستم ناگاتە ڕەنگەکانی ناوەوەی من
لە بەر (بێڕەنگیی) دەرەوەی خۆم

ناهێڵێ گوێم لە دەنگی ناوەوەی من بێ
.ڕژاوە بەسەرما دەنگی دەرەوەی خۆم
ئەمەوێ گوێ لە هاژەی خەیاڵی ناوەوەی
من بگرم
هەراسانی کردووم هاواری هیچی
.دەرەوەی خۆم

من لە وێنەکاندا لە نێوانی عەشق و
مناڵیدا ڕاوەستاوم
دەستێکم کردۆتە ملی خەیاڵ و
.لەگەڵ جوانیدا بزە دەمگرێ

خۆم لە وێنەکانیدا
لە نێوانی تەنیایی و پەشیمانیدا
.دەستەکانی شۆڕ کردۆتەوە

من نامەکانی خۆم ناخوێنمەوە
خۆم نامەکانی من ناخوێنێتەوە
کەچی یەکتر بێنامە ناکەین
.چاوەڕێی وەڵامی یەکترین

من دەڕۆم بۆ دەریا تا شەپۆلێک بکەمە
گۆڕی خۆم
خۆم دەڕوات بۆ بیابان تا من لە دووریی
ئاو بمرم
.من و خۆم بیابان و دەریاین پێکەوە

من شەوم
خۆم ڕۆژە
بە پێچەوانەی سروشتەوە
ئێمە شەو و ڕۆژێکین پێکەوە هەڵدێین و
.ئاوادەبین

من نەبووایە چۆن خۆمم دەناسی
خۆم نەبووایە چۆن منم دەناسی

من لە خۆم ناچم
خۆم لە من ناچێ
.بەڵام ئێوە هەردووکمان نابینن

کە بیر لە خۆم دەکەمەوە
تەواو هەراسان دەبم
کە بیر لە من دەکەمەوە
خەریکە نەیناسمەوە

هەر کەسە و خۆی لە شتێک دەشارێتەوە
من، من لە خۆی دەشارێتەوە
.خۆم، خۆی لە من دەشارێتەوە

کە شادومانی دەڕژێتە دڵی منەوە
خۆم لە غەمناکیدا ون دەبێت،

من چیرۆکەکانم بۆ خۆم ناگێڕمەوە
خۆم چیرۆکەکانی بۆ من ناگێڕێتەوە
من و خۆم دوو چیرۆک و یەک بەسەرهاتین
خۆم و من یەک بەسەرهات و دوو چیرۆکین





من ئاوێنەکانم (شکاند) (تا خۆم) نەبینم
.خۆم ئاوێنەکانی( شکاند) تا من نەبینێت

(ڕەنگەکانی من ناچنەوەهاسەر خۆم
ڕەنگەکانی خۆم ناچنەوە سەر من
من و خۆم بێڕەنگین و هەزار ڕەنگی
.نائومێدیمان لێ دەڕژێ

من جوانییەکانم ڕادەوەشاند  تا
بدرەوشێتەوە
خۆم خۆڵی گۆڕی منداڵەکانی دەکردە چاوی
.جوانییەکانەوە

سەردەمی درەوشانەوەی من
.خۆم بە تەم داپۆشی

نانووسرێتەوە نزیکیی و دووریی نێوان من
و خۆم
.ئەمە نووسینەوەی نائومێدییە

پێکهاتەی من خەیاڵ و فڕین و ڕامانە
پێکهاتەی خۆم کوشتنی خەیاڵ و فڕین و
ڕامانە
من و خۆم کوشتن لە نێوانماندا ڕاوەستاوە
.نەک ژیان

من لە هەموو شتێک دوور دەکەومەوە لە
خۆم نەبێت
خۆم لە هەموو شتێک دوور دەکەوێتەوە لە
من نە بێت
من و خۆم پێکەوەین
هەمووشتێکمان لە یەک دوور کەوتۆتەوە

(خۆم ئەیەوێت منی ابیر بچێتەوە
من ئەمەوێت خۆم
کەچی خۆم بیرکردنەوەی منی
داگیرکردووە
.من بیرکردنەوەی خۆمم داگیرکردووە

من غەمەکانم دەشۆمەوە
خۆم ئاگر لە شادییەکانم بەردەدات
من و خۆم ئاو و ئاگرێکی تێکەڵین

خۆم منی پڕکردووە لە بۆنی هەراسانی
.ناتوانم بۆنی گوڵەکان بکەم

کەناری بێدەنگی من پڕە لە شوێنپێی
خەیاڵ
(خەیاڵی وەک یادگار ابە جێ ماوە
خۆم خەیاڵی منی کوشت
خۆم دەنگێکە وەک مردوو
.مردوویەک ژیانی داگیرکردووم

من لە تینوێتیدا دەمرم

...خۆم گیرفانەکانی پڕە لە ئاو
ئاو من دەچمەوە سەر ڕەنگەکانی تۆ
من دەچمەوە سەر درەوشانەوەی تۆ
(من)ببە
با لە خۆم دوورکەومەوە
ئاو خۆم دەچێتەوە سەر ڕەنگەکانی مردن
خۆم دەچێتەوە سەر تێکدانی یارییەکانی
منداڵی
خۆم دەچێتەوە سەر (بێهەستیی)
بیابانەکانی تەنیایی
(خۆم بڕوای (بە نەرموشلیی ئاو نییە
خۆم ناهێڵێ ئاو بە پەنجەکانی باخچەکان
بژمێرێت
خۆم ناهێڵێ ئاو تۆزی سەر لێوەکان
بژێنێتەوە
ئاو من
من دەچمەوە سەر تۆ
من لە دڵۆپەکانی تۆیا دەتوانم هێلانە
(ادروست کەم
من لە دڵۆپەکانی تۆیا جێگام دەبێتەوە
خۆم بیر لە دەربەدەرکردنی ئاو
دەکاتەوە بۆ بیابان
.ئاو من ببە من

.من و خۆم بۆ یەکتر دەگەڕێین
.پێکەوە

ئاو من و خۆم شەڕمانە
کەس هەست بەم شەڕە ناکات
کەس (شەڕگە و) (کوژراو و) پێکراوی ئەم
شەڕە نابینێ
ناوی دەنێم: شەڕی کپ، شەڕی من و خۆم
..........
ئاو من ببە من
ئەمەوێت سەفەرکەم بۆ شارێک شوێنێک
.دوور دوور کە خۆمی لێنەبێت
زۆر کەس هەن شارەزای
زۆر شارو وڵاتن
کەچی من هێشتاکە شارەزای خۆم نیم. چی
.دەوێت
خۆم دەبینم
ئا دەیبینم هەر بۆ ئەوەی پەستمکات
هەر بۆ ئەوەی هەراسان بم
بە ناوی منەوە قسەدەکات
دەگری پێدەکەنێت کوفر دەکات
بەناوی منەوە دەڵێت: دڵم پڕە لە نووری
خواوەند
دەڵێت: لەخەونمدا خودام بینی خەریک بوو
قاچی شکاوی چۆلەکەیەکی دەگرتەوە
بەناوی منەوە دەڵێت: ئەمشەو تا دەمەو
.بەیان مەستبووم مەست
.......................

١ -١١, ٢٠٠٦٢٠٠٧ /١/٩ ...........

# هــيچ

هێمن عـــوسمان عەبدوڵڵا

-١-

هەردوو دەستم بەسەرمەوە گرتووە

دەبێ وای بقوپێنم

هیچ تەنەکەچییەک بۆی ڕاست نەکرێتەوە

-٢-

هەناسەم توووند بووە

پێدەچێ گرێ درابێ

-٣-

خەیاڵم

بەبزمارێکەوە هەڵواسراوە

دەستم پێی ڕاناگا





تا بیکەمەوە ناوسەرم

-٤-

وێنەی خۆم بە دیواری ژوورەکەمەوە دەکێشم

جارێک بێ چاو

جارێک بێ پێیەکانم و

جارێک بێ دەستەکانم

جارێک بێ خەونەکانم و

جارێکیش بەبێ خەیاڵەکانم

جارێک دەم بەپێکەنین و

جارێکی دیکە بە دەم و چاوی چرچاوی و

نیگەرانییەوە

دواجار تەماشایان دەکەمەوە

هیچیان من نیم

-٥-

لەناو خۆمدا بۆ شوێن دەگەرێم

من پڕم

پڕ

پڕ

شوێن دەست ناکەوێ تا دڵێکی لێ دابنێم

-٦-

گەورەترین گرفتم ئەوەیە ناتوانم

لەگەڵ کەسانێک ژیان بکەم

وەک من بیردەکەنەوە

وەک من خەون دەبینن

وەک من خەیاڵ دەکەن

وەک من کات تێدەپەڕێنن

-٧-

تەپەی پێی پیاوێک لەناو سەرمدا

ئارامی لێهەڵگرتووم و

بە مایکێکەوە پڕ بە کووچەخامۆشەکانی سەرم

هاواردەکا

"بەختەوەری ئەوەیە مرۆڤ لەدایک نەبێ

ئەگەر لەدایکیش بوو

دەست بەجێ بمرێ *"

-٨-

منداڵیمم بدەنەوە

لە ئینجانەیەکی دەخەم و

نزیک گەورەبوونم دایدەنێم

-٩-

کتێب دەکرم و نایخوێنمەوە

لاپەڕەکانی دەکەمە کەشتی و

لە نێو سەرنشینەکانی بەشوێن کچێک دەگەڕێم

-١٠-

هیچم لێ وون نەبووە و

بەشوێن شتێکدا دەگەڕێم و نایدۆزمەوە







-١١-

هەناوم گەرمە

پشکۆیەک لەگەدەم دایە

-١٢-

بەکارکردن لەناوخۆمدا سەرقاڵم

سەرەڕای ئەوەش نامپەرژێ

پرچم شانە بکەم

پێڵاوەکانم خاوێن بکەمەوە

-١٣-

سەبەتەی ڕەنگەکانم لێ وون بووە

تا هێندێک

لە خەونەکانمی پێ بنەخشێنم

پێدەچێ هی ئەوەبێ ڕەشبینبم

-١٤-

دەنووسم

تا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە

بۆ دەنووسی؟

کۆتایی زستانی ٢٠١٢

* وتەیەکی "ئەمیل سیۆران"ە

د. وریا عومەر ئەمین

# سێڕوان

دوای دامرکانی پشکۆی خۆرنشین
تارای ڕەش ئەکشێ لە پیرۆزەی شین

مرواریبیەکان ..ئەکەونە دزە
زەمین ئەپژێنن بە نمەی بزە

لەتەک مانگی نوێ هی گەش و درشت
ئەبنە ملوانکەی گەردنی سروشت



گزنگ ٩٦

ئەم ڕەشبەڵەکە .. ئەفسووناویە
ژوانی نهێنیی بوون و ..جوانییە

نازێ تۆش یێکێ لەو گەوهەرانەی
هۆشبەستی نازی ئەم ئێوارانەی

کە چرۆکانم بۆت ئەجریوێنن
شنەکانی سۆز بەرەو تۆم دێنن

ڕوویان تێ ئەکەم لەوێ ئەتبینم
لێیان ئەبیستم ئاوازی ژینم

عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

# هەر تۆ..

مانگـو ئەستێرە جوانن..
کاتێک دەستەملانەی
نیوە شەوێکی فێنک دەبنەوە،
هەور هەن جوانن
کە بە باخچەی پاشاکانی بەهارا
هەر لە سەحەرەوە تا ئێوارە
بێوچان پیاسە دەکەن.
دڵۆپە باران هەن ..
هەرچەندە تەمەنیان زۆرکورتە..
بەختەوەرن بەوەی کە جوانی تاڵان دەکەن.
ئەسری خوناو، کە خۆی





بە پەلکی گیایەکەوە هەڵدەواسێ
نەبادە .. زەوی قوتی بدات
یان خۆر جەستەی بشێوێنی
چەندە جوانە !!
جووتێ مەمکی سپی
کە بە کازیوەی بەیانیانێکی خامۆشی
ئەم شارەدا بەجووتە .. بێباکانە دەفڕن
چیی بۆ جوانی دەهێڵنەوە ؟!
دەڵێن .. فریشتەکانی عەرش‌و
پەریەکانی سەرسەکۆی
ئاوریشمینی بەهەشت
شۆخترین نیگاو .. جوانترین روخسارن.
بەڵام من چی بەچاوەکانم بڵێم؟!
کە لەدنیایەکی جەنجاڵ بە مانۆری جوانی،
لە درزێکی دڵمەوە دەڕواننە گەردوون‌و
هەرچەند بڕکەن ..
دواجار .. هەر تۆ دەبینن!!!

**بێستوون مینە**

# زەوی بەردەبێتەوە



تازە بەتازە دڵم خۆشە دەڵێن
گایەکەی زەوی لەسەر پشت پیربووەو
توانای هەڵگرتنی زەوی نەماوە.
من لەوە دەترسم ڕۆژێ پشتی بشکێوو
هەموومان سەرگەردان ببین
گاپیرە دەهێندە مەمان سوورڕێنە
بووەستە بەس ووریابە لەڕاستی جەهەنەم
لەوێ.
خۆتان بگرن زەوی بەردەبێتەوە
فڕۆکەکان هەڵکەن
ئۆتۆمبێلە کان تووڕدەن
شەقامەکان بپێچنەوە
باڵەخانەکان ببەخشنوو
عاموودەکان چەپکێ دڕی ووشک.





لێرەوە من دەزانم زەوی و ئاسمان
تێکەڵ دەبن
من دەزانم ئەستێرە دەکەونە ژێر پێیان
شەق لەمانگ هەڵدە درێ
ڕۆژیش گیانەلاَیەتی.
لێرەوە نوێژ لەسەر پەڵە هەورێک دەکەم
کەلەبێ بارانی دا گیان دەسپێرێ..
لێرە دەبێ من بەمناڵێکی سەربێشکەبڵێم
باوکە دەمەوێ هەناسەیەک بدەم
بەکێژۆڵەیەک کەدووکەزی درووست کردون و
دەچێتە قوتابخانە
دەڵێم دایکە تینوومە.
من لێرەوە لەمرۆڤبوون دادەچۆڕێم.
هەرلێرەش نیچە شێت دەبێ و
کافکاش بەرچاووی تاریک.
گووڵەکان ووشک دەبن و
عاشقان دەست بەتاڵ
گۆرانی بۆ ڕۆبۆتێک دەڵێن.
خەمی بوونەوەرەکانمە
ئیتر مرۆڤ نامێنێ
ئەوانیش چیتر پێناکەنن.
منیش بەدەم نووسینەوە
شەقێک لەو زەوییەی بەردەمم دەدەم و
وردوو خاشی دەکەم
دواتریش پارچەکانی دەخەمە ناو زبڵدان

٢١ \١١\٢٠١٢

**هاوژین صلیوە**

# چەپکێ پۆرترێتە شیعر

بووم بە لافیتەیەکی ڕەش،

ئەوەتانێ هەموو ڕۆژێ

دێوەزمەی مەرگ

)پرسەنامەی ( پۆلێ پەپوولەم لەسەر

دەنووسێ.

***

کاتێ خۆرەتاو

بەسەر چیاوە ئاودیوو دەبێ ،

سێبەری چیاکان دەترسێن و

خۆیان دەهاونە دیوەکەی تر.

***

خۆرەتاو ڕوومەتی دەریا ماچ دەکات ،

دەریاش بەشێک لەهاڵاو و هەناسەی

خۆشەویستی خۆی پێدەبەخشێ.

***

چاوی خۆر گەلێ تیژە ،





لەهەر شوێنێ درزی هەبێ

تێی دەڕوانێ.

***

(...)

بەفرگر زەبەلاح ترین و بەتەماح ترین جانەوەرە ،

بەفرگر دزێکی زۆر مەعلانە ،

هەرگیز نەکەی سیقەت پێی بێ!

هەر خۆراکەی بەئامانەت لەلای داینێی

وەکو هەنگ شیلە و تام و بۆی دەمژێ!

ڕۆحی دەخوات و دەیکوژێ.

گۆسکە سەلاجەیەکی

بەوەفایە بۆ شەڕاب ،

تا تیای بمێنێتەوە

بەتامتری دەکات.

***

جەستەم تابووتی ڕۆحمە و

لەناویا هەڵیدەگرم ،

تاوەکو کۆنفرانسی گۆڕستان.

***

شوتی دەریایەکی خوێنە

کەنارەکانی قەوزەی سەوزن ،

تاوانێکە ئەو هەموو مرۆڤە ڕەش پێستە

لەم دەریا خوێنەدا کوژارا و خنکێنراون.

***

کەمردم بەکەوچکی خاکەناس

تێر تێر بریانی دەخۆم.

***

مانگ جاڵجاڵۆکەیەکە ،

بەتەونی تریفە

خۆی شۆڕکردۆتەوە نێوکانی.

***

ئەم زەوی یە دێمییە

شەقاڵ شەقاڵ ،

زەندۆڵ زەندۆڵە

تیمساحێکی گەلێ برسی و زەبەلاحە ،

ئاگات لێی بێت نەکەویتە

دەرزی شەقاڵی دەمی یەوە و قووتت بدات.

***

گوڵە گەنم هەرزەکارێکی (عاشقە)

پرچی بەجێڵ ڕەق کردووە ،

ناو قەد باریک دوو پەلکە گەڵای دەستیشی

بەسەر جەستەی شۆڕ بۆتەوە و

ناو بەناویش

بەدەم مۆسیقای _ با _ وە سەما دەکا و

چاوەڕێی گوڵە گەنمێکی چاو بەکلی ڕەشگوڵ دەکا.

درەختی ئاسمان

کاتێ گەڵای بەفر دەوەرێنێ ،

سەراپای زەوی یەک بۆن دەیگرێ ،

بۆنی پاییزێکی سپی.

***

سەرەتای بەهارە و

دار هەناری عاشق و دڵ تەڕ

گڕی گرتووە بۆ تیشکی خۆر ،

سەراپای بووە بە پشکۆ و ژیلەمۆ.

***

ئەم دار مێوە چەند جوانە ،

ئەوەتانێ لەسەد لاوە






شەرغەی مێشەنگوینی گرتووە.

ئەم سپینداره تاوان بارە و

قژی هەزارەها کچی بڕیووە.

سەری ساڵە و

بەدیار پەرداغە ئاگرێک و

قاپێک مەزەی پشکۆوە دانیشتوومو

یاری لەنێو لۆچی گریانێکی منداڵیم دەکەم

***

خەمی مووی سپی

لەسەر تابلۆیەکی پیر

دەمنەخشێنێت.

***

هەلاق خانە وەرزی پاییزە

ئێمە درەخت و مەقەست ڕەشەباو

قژمان گەڵای وەریو.

***

دەنکە تەرزەیەک پەپولەیەکی کوشت،

هەنگێک ئاخی هەڵکێشا،

خاڵخاڵۆکەیەک باڵەکانی خۆی سوتاند!!

بولبولێک چریکاندی

شاعیرێک گریا.

***

با ماچی گوڵی کردووە ،

بۆیە دڵی زۆر خۆشەو هەردەڕواو

هەلهەلەی لێدەداو

بۆنی ماچی لێدەبارێ و

چوکلێتەماچ دەپرژێنێ.

# دەستێکی ساخ

تەیب قادر

لە دەستێک دەگەڕێم
هەناری بە حەرامی نەگرتبێت
پیاسەی ئەزیەت نەدابێ
کۆڵانەکانی شاری نەقۆپاندبێتەوە
دەستێک لە ئاو بێ
هەیوانی نەکردبێتە لانەی جیقنە
شەقامەکانی نەنووشتاندبێتەوە
باخچەی نەخنکاندبێ
ئاوازی تەمی فەرامۆش نەکردبێ
دەستێک ساخ ساخ بێ



گزنگ ٩١
خوزەیران ٢٠١٢

لە جیاتی گەنم ، هەوای بۆ چۆلەکەکان روو نەکردبێ
لە جیاتی شەو ، جەهەنەمی بۆ ژوان نەبردبێ
لە جیاتی پرتەقاڵ ، گەچی نەکردبێتە شەربەت
لە جیاتی ساوار ، گریانی بۆ مشکەکان دانەنابێ
لە جیاتی زبڵ ، گوڵی لە باخچە دەرنەکردبێ
لە جیاتی رۆشنایی ، تەمی نەخستبێتە گیرفانی کۆترەکان

دەستێک خەون باش باش بناسێ
بزانێ لێواری هەرمێ بۆ چ شتێ بەکەڵک دێ
بزانێ قۆرییەکی پڕ هەوا بۆچی باشە
بزانێ جۆگەلەی هەست کەی تینووی دەبێ
بزانێ کراسی بیرکردنەوە لە کوێ بەدەست دەکەوێ
بزانێ یەک تاک گۆرەوی سوودی نییە
بزانێ فرمێسک بێ چاو دەخنکێ
بزانێ بەرد سروودی رووبارە
بزانێ منداڵ پرچی لۆکەیە
بزانێ هەور کەشتی زەوییە
بزانێ پێڵاو سێبەری گەڕانەوەیە

تێبگا خەون لە خەرەند ناچێندرێ

تێبگا خۆڵ ناخورێتەوە

تێبگا کە با کەمی کرد چیبکەین باشە

تێبگا دونیا بە تەنیایی پڕ ناکرێتەوە

تێبگا تاریکی ناکرێتە هەیوان

تێبگا پیاسە لە دانیشتن باشترە

تێبگا باران کات نازانێ

تێبگا هەنجیر بۆچی پێویستە

تێبگا باینجان ناوەوەی سپییە

تێبگا هەوا بێ بخوور خەریبە

دەستێک ڕەنگی لە بە ئاگابوون بێ

حەز بە هەتاو بکا

کەرتێک سەموونی تەنیای خۆشبوێ

بەدەم دیوارێکی پیر پێبکەنێ

هەموو کات قاچەکانی لە حەوشەی سینگە بچووکەکان بێ

خەم لە ڕژانی تاکێک گۆرەوی بخوا





بە مۆسیقا نەڵێ وسبە

سێبەری کەستەکێک بەکرێ بگرێ و

ئاوەدانی لە ژێر پێی پانتۆڵەکاندا بچێنێ

بە هەنارێکی دڕاو

بۆ بازاڕی قۆخەکان بێ و

لەگەڵ خۆیدا

بەردی نەرم و دوکەڵی شکاو بباتەوە

دەستێک نێو دەستی پڕ لە هەیوانی

بچووک

بچووک بێ و

دەستە تەنگەکان فراوان بکاتەوە

ئەحمەد عارف

# بە پیریش تێر نابم لە عیشقت

دەروازەیەک بۆ خەنـــــدە
هەناســـەیەک پڕ گریان ،
پەنجەرەیەک بکـــەرەوە
با بارانــــــی گریانـم
تەمی یأســـت راماڵـــێ ، .
ئەمشــــەو لای تۆ میوانـــم ..
* * *
تەمەنێکـە من و تـــۆ
لە تولە ڕێـــی ژیانا
گەرای ژینـــی نوێ دەخەیـن
دەستت بخە نێو دەســــتم
باعیشقێکی بەردەوام
بدەینەوە بە ژیـــــان ..
* * *
ئەستێرەیەک بە پیـــری
ئاسمانی مەی رۆشن کرد ، .
دەستت بدە ژێر باڵـــی
نەبا بەر لە گەورە بوون
دابکشێ و بچـــــۆرێ ...
* * *
ئاسمان چەندە بێگەرد بـێ
بە بێگەردی تـــۆ ناگا ،
جریوەی ئەستێرەکـان
هەرچەندە گەشاوە بـــن
ناگون بە بیرەوەری
کۆڵانـــــی منداڵیمان ..
* * *
بۆ شکۆی تـــۆ هیوایەک
لە شەقەی باڵانیـــدا ،
دەستە و نەزەر راوەســــتام





روحی کردمــە هێلانـە ...
* * *
نەکەی هەرکیز خەمانـت
بە هێلانەی کوکوختـی
بوونم بکەی ئازیزم ، .
چونکە بۆ خۆم ئەوەندە
سەرگەردانم پێویست ناکا
ئاوازی خەم رامژێنــــێ ..
* * *
دەمێکە نەچوومەتە
نوێژە زیکری شیعرەوە ،
ئەمرۆ لە دوای غوسڵی نوێژ
دەرگای تەکێی عیشقی تۆم
لەقاند و بوم بە سۆفی ..
* * *
تارماییەکان کەوتنـــە
بن میچی رووناکییەکان ،
گۆزەی بێ ئاو تینوتر
لە رووحی بەفرینی مـن ،
بۆ زنەی خۆشەویســــتی
کاتی عیشقت دەداتە چاو ، .
مەرۆ بەجێم مەهێڵــــــە ...



**ڕووزار ئەحمەد**

# ئەی بۆنە هەمیشە تەنیاکە

ئەی بۆنە هەمیشە تەنیاکە و
ماڵ بێ چراکانی دەم ڕەو ودابڕان
ئەی ئەو یادەی لەبەهارەکانیشدا
پەپوولەکانت ئومێدی گەڕانەوەیان نەبوو
و
پڕ بوون لەتەنیایی و پرسیار
ئەی کۆچەریەکانی گەرمیان و هەڵبجە
بەردەوام هەورێکی ڕەش و
مشتێک لەجەندرمەکانی جەنگ و
شەپۆلێک لەو شەرانەی کە پڕ بوون
لەخوێن
قەت قەت یەخیان بەرنەدای
ئەی لێوی منداڵە وشک بووەکانی نێو لم و
کچانی بەحەزرەت گیان دەرچوو
مەڕۆن ئاوڕێک بدەنەوە
دەڵێن ڕاوەستان لەچەقی ڕێگاکان
زوڵمە لەکات و خۆ بەدەستەوە دانە
ئاخر دابڕانی هەتا هەتاییش زامێکی
سەختە و
مێژوویەکی برینداره لەکوڵی نیشتیمان
ئەی بۆنە هەمیشە تەنیاکەو
ساڵیادی تەمەنێکی بەقیافەت
بەسیە ئەمەندەی تر بەچەک و بەرد ولم
پڕم مەکە
من لێوان لێو بووم لەپاش ماوەی جەنگ و
خوێندنەوەی لاپەڕەی پاڵەوانەکانی دەم
هیچ
مەڕۆن خوێنی ڕژاوی ئەم کوڕەوە کۆ
کەنەوە
بیبەن لەوێ دوور دوور





لەسنووری ئەو بەردانەی بنێژن
کەبۆنی هەڵەبجە و گەرمیانی لێوە دێ
ئای لەعیشقی من و چیرۆکە پڕ
لەتراژیدیەکانی ئەنفال
زۆر بوون ئەوانەی بەپیرۆزیت گەمەیان
کرد و
تاوانەکانیان لەو نیوە شەوەیا هەڵواسی
کە تەنها خودا چاوی لێبوو
ئەی ئەو بۆنەی هەموو بەهارانێک
وەک باڵندەیەکی تەریو لەئامێزی
تەنیایمانەوە گر دەگری و
قافییەی هیچ دەنگ و هیچ ڕەنگ و هیچ
ئاوازێ ناتگرێتەوە
ئەڕۆی دوور دوور بێ خوا حافیزی
بێ ئەوەی بڵێی ئەگەر ئەم جارە بێمەوە
ئەی بۆنە هەمیشە تەنیاکە
وەک ئەو ماچانەی لەپەنجەرەی خەمەوە
هەڵدەوەرین و
نەگەیشتنە دەم ڕۆخانەی شارەکەم
ئەی چیرۆکی بەر ئاگردانی
دێوەخانەکانی ئێمە
ئەی ئەوانەی بەر لەمردنتان
لەبستێکی قەد گەرمیانا لەکافێکی ناو
کەرکووکا
لەحائێکی سەر حمرینا شۆڕشێک بوون
ئێستا یان لەگۆڕەپانی قوتابخانەیەک دا
یان بەقەد لافیتەیەکی ڕەشەوە
چەند دروشمێکی شکاون لێرە و لەوێ
بڕۆن ماڵ ئاوا
ئەی پەپولەکانی هەستانەوەی فەصلی
بەهاران و
کۆترە کێوییەکانی دەم قووللە ڕوخاوەکانی
شارەکەم
ئەگەر ئەمجارە هاتنەوە ملوانکەیەک
لەسرودەکانی (هەڵمەت) و
هۆ هۆ یەک لەشوانەکەی مەردان
بەرداغێک لەچایەکەی حەمەی گوڵناز
و..................................
برژێنە نێو خامۆشی ئەم شارەوە
بڵێ ئەم جارەش دێینەوە
گرێک وەک باوە گوڕگوڕ تۆڵەیەک
لەزەمبوور درێژ تر و
چاوێک لەهەڵۆ دوور بینتر بۆ ئێوە
ئەگێڕمەوە
ئەی بۆنە هەمیشە تەنیاکەی من
وەک ئەو پیاسانەی کە هەر خۆم لەگەڵ
خۆما ئەیکەم
وەک ئەو یارانەی کە چاوەڕوانی جەنگ
خۆشەویستەکانیانی هەڵلوشی و
ئێستا بەدیار ئاوێنەی تەلخی بەختیانەوە
تاڵە سپییەکانی قژیان بەتەمەنێکی هیچ
ئەسپێرن
ماڵ ئاوا ئەی بۆنە هەمیشە تەنیاکەم



عوبێد ئەحمەد

# زەنگ

ZENG

زۆر دەترسم لەم وەحشەتە
لێوان لێوە لە غەریبی و
بە کەناری ماڵئاواییم گوزەر دەکا و
کسپەیەک لە دڵمەوە دێ و ڕادەچەنم
زەنگی لێ دەداو پێم دەڵێ
- زۆر نزیکە ئەم فیرقەتە
بە ئازاری غوربەتەوە بۆت دەگەڕێم
لە هەرکوێ بیت هەر دەتبینم
لە نووری ئیلاهی دەچی
من هەمیشە لەگەڵ تۆدام... بۆ کوێ بچی





عەترم بە تاڵی پرچتەوە
قردێلەم وام بە قژتەوە
گوڵێکم وام بەسینگتەوە
ڕێگەیەکی داخراوم گرتۆتەبەر
مەرگ لە دەرگا چاوەڕێمە و بانگم دەکا
- موسافیر.. دەی زووکە دەی
وەدوام کەوە... بەرەو سەفەرێکی ئەبەدی
خەریکی چیت؟!...
خەرمانی عومرت با بردی
مەرگ درۆزنە و ڕاست ناکات
بایی دوو سەد ساڵ موحیبەت و فرمێسک و دابڕانم
پێیە بۆ تۆ
بایی دوو سەد ساڵ شیعر و گوڵ و وەفاداریم
پێیە بۆ تۆ
ئەی مەرگ پەلەم لێ مەکە.. توخوا
دە با تاوێ نیگام ببڕمە رووخسارە پڕ نوورەکەی

حەبیبەکەم
تا بزانم خێڵە.. یان.. نا
ئەگەر خێڵ بوو ئەوا لای من جوانتر دەبێ
دەبا تاوێ بڕوانمە خاڵی سەر گۆنای لای چەپی
تا بزانم لێی دێ یان.. نا
ئەی مەرگ.. تۆش وەرە تاوێ خۆشەویستی بکە
بڕوانە خۆری بەیانیان
بڕوانە زەردەی ئێواران
بڕوانە ئاوێزانی خاک و باران
بڕوانە گوڵەباخی باخچەیماڵان
ئیتر هەڵمژە شنەی شەماڵی بەهاران
وەرە بڕوانە ناکامیم.. ناخی هەلا هەلام
لەوە زیاتر برینداری مەکە
ئەی مەرگ لێم گەڕێ.. با تاوێ
لە سەرنجی جوانێکدا.. ڕابمێنم
ئاسک ئاسا چاو دەگێڕێ و بانگم دەکا
– وەرە و لەسەر باڵم تاوێ بنوو





با هیلاکی ڕێگەت دەرچێ
ئەی مەرگ لێم گەڕێ.. گیانم مەکێشە تۆ
خۆم دەمەوێ.. هێدی هێدی لەسەر باڵی ئەودا بمرم
دەی لێم گەڕێ... خۆم دەمرم.. لەسەر باڵی ئەو
خۆم دەمرم
لێم گەڕێ



ئەحمەد مەتەر

# گاجووت و گاڕان

و: لە عەرەبییەوە: مستەفای سەیدمینە

گاجووت لە گاڕانێ هەڵات
گاجوت  هەڵات ،
هەرچی گوێلکی گاڕانێ  بوو
ڕاپەڕین  و
کردیانە بەزم و هاتە هاتە
دەگریان ، لە خۆیان  دەدا
بۆ ڕابەری
ڕێگای دووری هاتونەهات
هەر دەمو دەست
دادگا و کۆبونەوە پێکهات
یەکیان گوتی :جا چ بکەین؟





کزنگ ٩٦

قەزاو قەدەرە!
یەکیان گوتی :سپڵە و کافر و بەد فەڕە!
یەکی دیکە هەڵیدایە:
با ئاوە و ئاو چێ ئەو کەرە!
هەندێکیشیان هاواریان کرد:
ئاخیر دەرفەتی بدەنێ
بەڵکو پەشیمان بێتەوە !
سەرکردەکەمان بێتەوە!
لە کۆتایی کۆبوونەوە
جێیەگەشیان لەخۆ بەش کرد
ئالیک و جۆیان لێ بڕی
دوای ساڵێکیش
ڕووداوێکی یەکجار سەیر
پەردەی بێدەنگی دادری:
گاجووت هەر نەگەڕایەوە و،
گاڕان دوای کەوت بە خڕی......!

حوزەیران ٢٠١٢

# سیمفۆنیای حەوا لەجەستە سستەکانی "نەبەز جۆلا" دا..

## بەئەفسانەکردنی چەمک و تێڕوانینەکان

جومعە جەباری



ڕەنگە (ئەفسانە) وەك زەروورەتێکی ژیان بەبەردەمی ڕۆژانەی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدا تێپەڕێت.. بۆ نا.. هونەرمەندی شێوەکار لە تابلۆکانیدا وێنەی ئەفسانە دەکێشێت.. میوزیکژەن بەئامێرەکەی ریتمەکانی ئەفسانەیەك دەژەنێت.. نووسەریش ئەو ئەفسانانە لەتای هۆنینەوەی نووسینێکدا دیاریدەکات و دەیخاتە بەر دیدە.

هەرکەسەو بەئامراز و شێوازێك بویەر و گرفت و کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان





وەردەگێڕێتە سەر زمانێکی "ئەفسانە" چونکە بەبێ ئەفسانەکان ئێمەی مرۆڤ لاشەیەکی وشکهەڵاتووی زیندانی جەستەین، شێوەکاریش توێژێکی هەست ناسك و لاشەتەڕ و خاوەن هزرە، گەر هاتوو ئەفسانەکانی خۆی بزرکرد، ئەوا جارێکی دیکە ڕەنگ و ڕووناکایی لە دەروونێکی ناسك و تەڕەوە بۆ داناڕێژرێتەوە، دەروونێك جوانی و ڕاستی خۆیان لەپێناوی چاکسازی و پاکسازی کۆمەڵگەدا بە بوونەوەرەکانی دیکە دەبەخشن، ئەوانە لەبەردەم وێنە ئەفسانەییەکاندا (ڕاستی) بەوێنە دەکێشنەوە..

لەم سۆنگەیەوە دەکرێ بلێین "ئەفسانە" بەخشینی دەسەڵاتە بەڕەنگەکان، هەر وەك چۆن "ڤان کوخ" _هەرچەندە گۆشەگیریش بوو_ بەڵام لەڕێگەی ئەفسانەکانی ناخی خۆیەوە توانی هێزی گێژەڵۆکی ڕەنگەکان و جووڵە بازنەییەکانی ناو تابلۆکانی خۆی بدۆزێتەوە.

بەڵام بەبڕوای من (گۆشەگیری و تێکەڵنەبوون) بە بارە ئیرۆسییەکان دوو دوژمنی باوەکوشتەی نیگارکێشە، بەوەی هەریەکەیان لەمەرسەم و ژوورێکی تەنیادا گیردەکات و، لەدواییدا هەموویان بەیەك شێواز و تەکنیکەوە کارەکانیان نمایش دەکەنەوە، لەم بارەشدا بینەری ئاسایی ناتوانێ بەتەواوی بەرهەمەکان لەیەکتر جودا بکاتەوە و، جۆرێك لەدەق بەستوویی و کلێشەبەندی لەناو تابلۆکاندا بەدی دەکرێت. هەندێك لە هونەرمەندانی شێوەکار سوود لەچەمکی بینینی بەرهەمەکانی دیکە وەرناگرن، چونکە کاتێك چەمکی کەڵك لێبینین و، پێداچوونەوە و، سەرلەنوێ داڕشتنەوە هەر فۆتۆکۆپی شتەکانی پێشوو بێت، ئەو کاتە هەست دەکرێ گۆشەگیری لەپێناوی ئەفراندن و داهێناندا نەبووە.. بەپێچەوانەشەوە کاتێك لەو پێناوەدا دەبێت، کە نیگارکێش بۆ قووڵایی خود و زات شۆڕبێتەوە و، خۆی لەو گوریسانە ڕاپسکێنێ، کە بۆ لاساییکردنەوە ڕایدەکێشن. بەڵکو دەبێت هەوڵبدات لەناو دونیای لاساییەکان و دووبارەبوونەوەی شێوە و وینە و فۆرمەکاندا شێوازێکی ئەفراندن و فلیڤانانە بۆ خۆی داڕێژێت و هەر بەو شێوازەش هونەرەکەی و تابلۆکانی بناسرێنەوە، هاوکات پێویستیشە لەناو ڕەسەنایەتی و کولتووری شارستانیماندا حاڵەت و تێڕوانینە ئیرۆسییەکان بدۆزێتەوە و، مەوداکانی جوانی و مەعریفییەکانی لەسەر تەوزیف

بکات، هەر وەك چۆن هونەرمەند "نەبەز جۆلا" ڕێچکە و ریتمی فڵچەکەی بەم ئاقارەدا دەبات و لەسەری بەردەوامە..

لەمێژە هونەری ئەم زاتە گوشار لەهزرم دەکات و، ختۆکەی هەستەکانم دەدات. وەلێ دووهەمین پیشانگەی لەیادی ٨ ی مارسدا لەهۆڵی ( ) کردەوە، کە لەژێر ناوی (خانمی ئاڵتوونی) مەهانەیەکی باش بوو، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە هونەر و تێڕوانینەکانی نەبەز جۆلا بناسێنم.

نازانم بۆچی هونەرمەند ناوی خانمی ئاڵتونی لەو پێشانگایە ناوە؟ بەڵام تابلۆکانی گوزارشت لەئێش و ئازارەکانی گرنگترین قوتابخانەی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکەن، کە ئەویش "ئافرەتە". گوزارشت لەو تێڕوانینە هەڵانە دەکەن کە کۆمەڵگە هەیەتی بەرامبەر بە رەگەزی مێ و لە چۆنیەتی جەستەیەوە دەڕواننە تواناکانی، ئافرەت وەك بوونەوەرێکی قەتیسبووی ناو زیندانەکانی کۆمەڵگە و، دەسخەڕۆی یاسا و رێسای حکوومەتەکان و، داب و نەریتەکانی عەشیرەت و هۆز و کۆمەڵگە و کوچە و کۆڵانەکانی.. ئافرەت رەنگە لای هەموو کەس "نیوەی کۆمەڵ" بێت، بەڵام وێدەچێت لەلای نەبەز جۆلا و تابلۆکانی (هەموو کۆمەڵ) بن.

رەنگە لەم سەردەمەی متبوونی هەستەکاندا، دووبارە جۆلای هونەرمەند عەشق لەنێو تابلۆکانی دەورووژێنێت، نەك عەشق بەو مانایەی گەنجانی ئەم سەردەمە بێ رۆحە دەیزانێت، بەڵکو عەشقی رەسەن و خاڵی لەبارەگەکانی لەزەتی جەستە و، ئیرەیی و، بۆچوونی هەڵە..لەلایەکی ترەوە لەتابلۆیەکیدا باس لە توانەوەی مرۆڤەکان دەکات لەنێو عەشق و خۆشەویستیدا، کە رەنگە هەندێك جار ئەو خۆشەویستییانە تاك لایەن بێت و، ببێتە ژمارەیەکی دیکە لەنێو زەریای عەشق..

بۆچوونی مەعریفی و هزری دەوری خۆی لەنێو تابلۆکانی نەبەز جۆلادا بینیوە، چونکە ئەو بەفڵچەکەی ئەو هێڵە ڕەنگاوڕەنگانە دەکێشێت، کە جڵەوی ئەو پرسیارانەن لەدەروونی هەمووماندا قەتیس ماوە و، زۆربەمان خۆمانی لێ غافڵ دەکەین و، هەندێکیش لە فەرهەنگی خۆیدا رەشی کردووەتەوە ونایەوێ باسی بکرێت.

ختۆکەی چەمکەکان بەزەبری فڵچە و مەعجوونی رەنگەکان کار و پیشەی نەبەز جۆلای شێوەکارە، بۆیە ئەم جارەش "ئافرەتی" وەك فیگەری سەرەکی تابلۆکانی هەڵبژاردووە، چونکە هەموو





دونیا لەدەوری ئافرەتدا دەخولێتەوە، رەنگە هەر ئافرەت بێت هۆکاری هەموو کارێکی باش و خراپی مرۆڤەکانی سەر زەوی..

هونەرمەندی شێوەکار "نەبەز جۆلا" بێجگە لەوەی تێڕوانینێکی تایبەتی و هونەری خۆی هەیە بۆ تابلۆکانی و، لەسەکۆی "هونەر بۆ هونەر"ەوە برەو بەکارەکانی دەدات، هاوکات ئیمانی بەوەش هەیە کە "زمانی بینین هاوسێی زمانی ئاخاوتنە" چونکە هەردووکیان ئامرازێکن بۆ رووناککردنەوەی هزر لەناو رۆشنبیراندا و، حاڵیبوونی شێوەکان لەناو خەڵکی ئاساییدا، ئەمەش رێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی زمانێکی جیهانی، کە هەموو جۆرە بینەرێك تام و چێژی خۆی لێ وەرگرێت..

دیارە کە نیگارکێش فیگەرەکانی لە سرووشت و کۆمەڵگە و دەوروبەرەکەی خۆی وەردەگرێ و، دەیکاتەوە بە ڕەمز بۆ بونیادنانی دیمەنەکان، ئەو فیگەرانە دەبنە رەمز بۆ ئازادبوون لە کۆت و بەندی ئسلووبگەری، چونکە تابلۆ تەنیا پڕکردنەوەی بۆشایی نییە، بەڵکو کۆکردنەوەی ڕەگەزەکانی شکڵ و جووڵەکانی ڕەنگە، بۆ ئەوەی ئەو گەمە زەینییە یەکلابێتەوە کە ئامانج تێیدا خولقاندنی زمانێکە بۆ بینین.

هەمیشە هونەرمەندی فلیڤان لەکاتی کارکردندا ئەو پرسیارە لەخۆی دەکات: "چۆن ئەوی تر بەشداربکات بە ڕوئیاکانی خۆی ؟" هەمیشە هونەرمەند لە سیاحەتی دۆزینەوەی ئەو دیمەنانەیە، کە بەڕەنگ "ئیرۆس" تێردەکەن تا چیرۆکە ئەفسانەییەکانی زات لەناو فەزا و، شکڵ و، ڕەنگدا بخاتە بەر دیدی بینەر، بێگومان هونەرمەندی شێوەکار "نەبەز جۆلا"ش دێتە ڕیزی ئەو جۆرە هونەرمەندانەوە..



## نەبەز ئەحمەد خدر جۆلا

ناسراو بە (نەبەز جۆلا)

١٩٧٣ لەدایك بووی کەرکووك–ئیمام قاسم

دەرچووی ئامادەیی بەشی وێژەیی

دوو پێشەنگای تایبەتی

١– لە سالّی ٢٠٠٧ لە چەمچەمالّ لە هۆلّی چەمچەمالّ بۆ یادی ئەنفال.

٢– لە سالّی ٢٠١٢ لە هۆلّی شکور مستەفا بۆ یادی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان.

لە چەندین پێشەنگای هاوبەشدا بەشداری کردووە.

دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری رۆشنبیریی چەمچەمالّ.

دەستەی دامەزرێنەری گروپی مانگران لە چەمچەمالّ.





دەستەی دامەزرێنەری مالّی رۆشنبیرانی کەرکوك.

سکرتێری سەنتەری رۆشنبیری چەمچەمالّ.

# تەنگژەی شانۆی کوردی

کارزان عومەر

لەنێو ژانرە هونەرە جوانەکاندا شانۆ بەسە تۆپ و دایکی هونەرەکانی دیکە تێتە ناسین، بەو پێیەی شانۆ ڕاستەوخۆ هەست بینین و بیستنی مرۆڤی بینەر بەرەو لای خۆی پەلکێش دەکات و دەیخاتە گێژاوی بیرکردنەوە و ڕامان و دایەلۆگ و ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پرسیاری دەکاتەوە، ئەمەش وا دەکات پەیامی شانۆیی بکارێت گوزارشت لە فەلسەفەی خودی ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگە بکات و تەواوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بخاتە ژێر پرسیارەوە.

زۆربەی ئەوانەی سەروکارێکیان دەگەڵ ڕەوتی شانۆدا هەیە وای بۆ دەچن، کە شانۆی کوردی ئێستە لە تەنگژەیەکی مەزندایە، ئەگەرچی هەندێك ئەو کلۆڵی و داماوییەی شانۆی کوردی بۆ نەبوونی دەقی شانۆیی خۆماڵی دەگەڕێننەوە، هەندێکی دیکە بۆ نەبوونی هۆڵێکی شانۆیی و کە هەموو پێداویستییە نوێیەکانی لەخۆگرتبێت، لێ ئەمڕۆ ڕەوت و









ڕێباز و قوتابخانە و ئاراستەکانی شانۆیی لە دنیادا هێندە گرینگی و پابەند نابێ بەم هۆکارانەی ئاماژەیان پێ دەکرێت، ئەمڕۆ بزاوتی شانۆیی لە دنیادا ئاراستەی یەکجار نوێ و مۆدێرنیان وەرگرتووە، کە لەو قاوغە کلاسیکیی و باوانە نەماونەتەوە، کە هەندێك کەس پێیانوایە نەبوونی هۆڵ و تێکستی خۆماڵی ئاستەنگن، چونکە دەکارین دەقێکی جیهانی بهێنین و ڕەنگدانەوەی هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ململانییە هەمەچەشنەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگە و تاکەکانی بەرجەستە بکات، هەروەسا مەزنترین داهێنانی تیادا ئەنجام بدەیت، لەهەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی ئێمەش بێت، کە ئەمە دەوەستێتە سەر دەرهێنەری لێزان و بەتوانا و بەئەزموون، کە چۆن ساتوسەودایی و چارەسەری ئەو دەقە دەکات، بەتێڕوانینێکی جیاواز لەو کار و بەرهەمانەی، کە پێشتر نمایش کراون.ئەگەرچی هەندێك لەوانەی لە بواری شانۆدا کار دەکەن وای دەبینن، کە ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیریی جەماوەری شانۆیمان لە ئاستێکی نزمدایە، یاخۆ هەر جەماوەری شانۆییمان نییە، ئەمەش دیسان پاساوێکە، ناتوانێت هەموو کەس قایل بکات، چونکە بەرهەمی جوان و داهێنەرانە نمایش بکرێت و جەماوەر خۆی

تیادا بدۆزێتەوە و گوزارشت لە کۆژانەکانی بکات دەبێتە مایەی ئەوەی جەماوەری شانۆیی بەمگێز و ئاستێکی دیکە بێتە پێشەوە و بەرهەمەکەی تۆ بەگەن بکات.کەواتە دەکارین بێژین شانۆی کوردی نها لە ئاستی پێداویستییەکانی سەردەم و ئەم قۆناخە نوێیەدا نییە و ناتوانێت بەم ئاستەی ئێستەی بینەری شانۆیی بۆ نێو هۆڵی شانۆکان یاخۆ بۆ بینینی نمایشێکی شانۆی بکێش بکات جا لە هەر کوێیەك بێ، بۆیە ئەو بەرهەمە تاك و تەرایانەی، کە ناوە ناوە نمایش دەکرێن ناتوانن بەرسڤی پێداویستییە دەروونی، کۆمەڵایەتیی، کولتووری و ڕامیارییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێمە بدەنەوە و خواست و خەونەکانی خۆی تیادا ببینێت.هەروەا خاڵێکی دیکەی گرینگ ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی لە بواری شانۆدا کار دەکەن هەم خودان باکگراوندێکی مەعریفی و شانۆیی سەنگین نین، هەم وەك پەیکەرێکی سڕی بێ گیان زۆرجار ڕۆڵی ئەو کاراکتەرانە دەگێڕن بەشێوەی پێکەنینێکی هەرزان، نەك لە ستایلێکی کۆمیدی بەرز و بەپێز یاخۆ بەواتایەکی دیکە پێی دەوترێت تەهریجکردن.بەم پێیە ئەم دابڕان و دوورکەوتنەوەیەی بینەری شانۆ زیاتر پێوەندی بەو بەرهەمە شانۆییانەوە هەیە، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا نماشکراوە و کەشاکێکی نەرێنیان لای جەماوەری شانۆ چێکردووە.کەواتە وێڕای ئەو هەوڵە جوانانەی لەئارادان بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتێکی جوان و داهێنەرانەی شانۆیی کوردی، لێ ڕەوتی شانۆی کوردی لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێتەوە، کە ڕەنگە ئۆباڵی ئەم تەنگژەیەش زۆربەی هەرە زۆری بکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی خۆیان بەپێشەنگی شانۆی کوردی دەزانن و زۆرجار بەکردەنی بوونەتە بەربەست و ئاستەنگ چێ دەکەن لەبەردەم بزاوتێکی کاراو سەنگینی شانۆی کوردی.



گزنگ ٩٦ حوزەیران ٢٠١٢

# ئازەر نفیسی: خوێندنەوەی لولیتا لە تاران

**و : سەمیرە حسێن جاف**

خانمە رۆماننووس ورەخنەگری فارس ئازەر نفیسی لە ناوەڕاستی پەنجاکان لەدایکبووە، لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەند وناسراو،باوکی ئەحمەد نفیسی لەسەرەتای شەستەکان پارێزگاری شاری تاران وپاشتر ئەندام پەرلەمانی ئەو وەڵاتە بووە. لەم ماوەیەدا ئازەر بە زەمالە ت دەردەچێت بەرەو سویسرا بۆ خوێندن ، بەڵام لەساڵی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە ئێران پاش دەستبەسەرداگرتنی باوکی لەلایەن کاربەدەستدانی وەڵات بەهۆی دروستبوونی کێشەیەك لەنێوان خۆی ووەزیری ناوخۆی ئێران، لەم دەمەدا ئازەر لەئێران دەمینێتەوە تا کۆتایی شەستەکان. لەهەفتاکان ئازەر خوێندنی زانکۆی تەواو دەکات لە زانکۆی ئوکلاهوما، و لەوێ دەچێتە ڕیزی رێکخراوی قوتابیانی ئێرانی ، ولەساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە تاران، ودەستبەکار دەبێت لەزانکۆی ئەم شارە وەك مامۆستای زانکۆ لیکچەری وێژەی ئینگلیزی دەڵێتەوە،هەر لەسەرەتاوە ولەئەنجامی کارو نواندنی چالاکی یە مەدەنییەکانیان خۆی وقوتابیەکانی رووبەڕووی تەنگەژە وئارێشەی زۆر دەبنەوە وبەو هۆیەشەوە ئازادی یە تاکە







کەسییەکان وجموجۆڵیان سنوردار دەکرێن، تا وای لێدێ گفتووگۆی نێو لێکچەرەکانیان زیاتر باسکردن وڕاگۆڕینەوە دەبێت لەبازنەی ئەو توندووتیژیانەی لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا بەرپابوو بوو، لەساڵی ١٩٩٥ ئازەر دەست لەکاردەکێشێتەوە لە مامۆستایەتی لەزانکۆ پاش ئەوەی لەبەرکرتنی رۆب رەتدەکاتەوە.دواتر هەموو رۆژێکی پێنج شەمموان حەوت لە کچە قوتابی یە هەرە بەتواناکانی داوەت دانیشتنە وێژەییەکانی ماڵەوە دەکات وباس لە ئەدەبیات دەکەن. لە٢٤ ی یۆنیو-ی ساڵی ١٩٩٧ ئازەر کۆچ دەکات بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی وەکو مامۆستایەکی میوان لەزانکۆی جۆن هوبکنز وانە بڵێتەوە تا لەو کاتەدا ولەساڵی ٢٠٠٣ کتێبی(خوێندنەوەی لولیتا لەتاران) ی بڵاوکردەوە،ئەو کتێبەی پاش تێپەربوونی سەد هەفتەش بەسەر دەرچوونی لە ریزی یەکەمی لیستی کتێبە پڕ فرۆشەکان بوو، کە بۆ سەر ٣٢ زمان وەرگێردرا .

*** لە کتێبەکەت( خوێندنەوەی لولیتا لەتاران ) دەڵێیت ساڵی ١٩٧٩ گەڕاویتەتەوە ئێران پاش ئەوەی حەڤدە ساڵ لە دەرەوەی وەڵات ژیایت، دەکرێ باسێکی دۆخی خوێندنت وسەربوردەیەك لەسەر ژیانتمان بۆ باسکەیت؟**

ئازەر نفیسی: لەئێران لەدایکبووم، تا تەمەنی سیازدەساڵی پاشتر کۆچم کرد بۆ بریتانیا بەمەبەست تەواوکردنی خوێندن،وبۆ ماوەیەك لە سویسرا مامەوە، دواتر ساڵانی خوێندنم لەزانکۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەواوکرد، هیچ کاتی بەتەواوی لەئێران دوور نەکەوتومەتەوە تەنانەت ئەو کاتانەی لە دەرەوەی وڵات بووم، لە پشووەکان دەهاتمەوە سەردانی ئێران، بەڵام زۆرترین کات کەلەو سەردانانەم لەئێران مابێتمەوە ماوەی ساڵێکی تەواوی خایاند، ئەو کاتە بوو کە باوکم زیندانی کرابوو.

*** دەکرێ روونکردنەوەیەکمان پێ بدەی لە هۆکاری هەڵبژاردنی کتێبێك کە چەندین جۆری ئەدەبی لەخۆ دەگرێت وەکو رۆمان، رەخنەی ئەدەبی وژیاننامە ؟**

ئازەر نفیسی: ئەم بیرۆکەیەم ئەو کاتە بۆ هات کە خەریکی نووسینەوەی کتێبێك بووم بەفارسی لەسەر نابۆکۆف لەژێر ناونیشانی( خوێندنەوەیەکی رەخنەییانە لەسەر رۆمانەکانی فلادیمێر نابۆکۆف) ، بەردەوام خەریکبووم لە تێکەڵ کردنی راستی و فانتازیا و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریاندا دێت لەنێو رۆماندا، کاتێ

سەرقاڵی نووسینەوەی کتێبەکە بووم بیرم دەکردەوە چەند جوان دەبوو ئەگەر بێت لەسەر هەموو زەمەنە جیاوازەکان بنووسمەوە، ئەو قۆناغانەی ژیانم کە تیایدا خەریکی خوێندنەوەی رۆمانەکانی نابۆکۆف دەبووم، لە بەشی کۆتایی کتێبەکەم چەند ئاماژەیەکم داوە لەسەر ئەم بیرکردنەوەم، بەڵام لەئێران بۆمن گرانە باسی وەها راستی بکەم، نەك لەسەر ئاستی سیاسی، بەڵکو لەسەر ئاستی تایبەتی خۆم،بۆ نموونە، ویستم ئەوە روونبکەمەوە کە چۆن بۆ یەکەمین جار خوێندنەوەم کرد لەسەر نابۆکۆف،بەڵام بەر لەوەی ئەمە بڵێم دەبوایە کەسایەتی ئەو پیاوە بناسم کە کتێبێ نابۆکۆف-ە پێدام، چونکە پەیوەندییەکی سۆزداریم هەبوو لەگەڵ ئەو پیاوە، ولەراستیدا ئەم م لە چاپی فارسی کتێبە کەمدا وتووە، بەڵام هاوڕیانم ئامۆژگاریان کردم کە ئەو دێرە بسڕمەوە وبلاوینەکەمەوە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم کتێبەم نووسیەوە ئەوی بۆم نەدەلوا لەئێران بینووسمەوە . سەرەڕای ئەوەی نووسەر روانگەیەکی روونی دەبێت بۆ ئەوەی کە نیازێتی بینوسێتەوە بەر لەوەی دەست بداتە نووسینی، بەڵام کاتێ دەست دەداتە نووسین ، کۆمەڵێ شت وکەرەستە دەدۆزێتەوە کە پێشتر درك وپەی نەبردوون ! بەم شێوە کتێبەکە دەست دەداتە نووسینەوەو وبونیادنانی خۆی وجیهانەکەی.

*** لە ئەدەبدا توانە جێگرەوەکان بوونیان هەیە، وەك ئەوەی لەکتێبەکەی تۆدا بە روونی ئەم خەسلەتە بەرچاو دەکەوێ ؟**

ئازەر نفیسی: دەکرێ ئەدەب وا بخوێنرێتەوە کە لەزەتێکی هەستپێکراوی تەواوە، لەڕاستیدا لەزەتێکی دەگمەنە لەجۆری بوونی نیە، خوێندنەوە تیژکەرەوەی خەیاڵی مرۆڤە، وجۆرێك لە بەردەوامبوونی پێکەوەبوون دەبەخشێت لەنێوان تاکەکان وشوێنەکان کە هەمیشە پەی مان پێ نەبردووە لەواقیعدا، ئەمەیە لایەنی جێگرەوە لە ئەدەبدا، بەدانانی خوێنەران لە وار وجێگەی نوێ وجودا لە باو ، رووبەڕووی زۆر لە ئەگەرەکانیان دەکاتەوە، بەجۆرێك وایان لێ دەکەیت ئاوێزان بن لەگەڵ کەسایەتی وشوێنەکان بەدەر لەکەسایەتی خۆیان وئەو ئەزموون وتراژیدیایانەی تیای ژیاون . گرینگی کتێبیش لەو کاتانەدا زۆرتر دەبێ، لەسەردەمی سیستەمە تۆتالیتاریی وچەوسێنەرەکان، ئەو سیستەمە ستەم زادانەی ئازادییە تاکە کەسییەکان زەوت





دەکەن،کتێبەکان لەتوانایاندایە ببنە فریادرەسی هەندێك کەرامەتی رووشاو وبزوێنەری روحی تاك لەخەوشاندن، وخوێنەرانیش حەز دەکەن روو بکەنە جیگەیەکی نوێ دەرك بکەن کەوا ئارامگەیە وشادی پەخشە بۆ هەمووان، وئەدەب بەجیاوازی سەرچاوەکانییەوە لەتوانایدایە خوێنەر پەلکێش بکات بۆ ئەو جێگەیانە، ئەدەب واتە ئاهەنگ گێرانە بەژیان.

*** چۆن بوو رووتکردە ئەدەب ؟**

ئازەر نفیسی: نایەتەوە یادم کەی ئەوە روویدا، لەبەر ئەوەی ئەدەب بەشێکی گرینگ بوو لە ژیانی بنەماڵەکەم ، لەتەمەنی سێ وچوارساڵیمدا کاتێ باوکم دەیبردمە نێو جێگەکەم وچەند چیرۆکێکی بۆ دەگێڕامەوە لە ئەدەبی کلاسیکی فارسی، شێوازی گەمەکردنی باوکم لەگەڵمدا سەرنج راکێش وسەیربوو، کاتێ دەیویست شتێکم لێ داوا بکات، یان ئامۆژگاریم بکات ئەوە لەنێو چیرۆکەکە پێی دەوتم، یاخود کاتێ هەڵەیەکم بکردبا ئەوە لەرێگەی چیرۆکەوە پێی دەوتم کە باوکێك هەیە کچەکەی زۆر زۆر خۆشدەوێ بەڵام کچە باوکی تورەدەکات بەکرداە چەوتەکانی! ئیتر بەم شێوەیە پێکەوە چیرۆکمان دروست دەکرد، ولەمنداڵییەوە ئەدەب مەنزلگەی من بووە، وەبیرم نایەت کاتێك بەسەرمدا چووبیت وکتێبم تیایدا نەخوێندبێتەوە.

*** کاریگەرییە سەرەکییەکانی بواری ئەدەب کامانەن لەژیانتدا ؟**

ئازەر نفیسی: لەکتێبەکەمدا باسی ئەوەم کردووە کاتێ باس لە کاریگەرییە ئەدەبییەکان دەکەم زۆر دەشڵەژێم، ئەدەب تێکەڵەیەکە لەهەموو شتەکان، چیرۆکەکانی باوکم لە چیرۆکە کلاسیکییەکانی فارسییەکان سەرچاوەیان گرتبوو،لەپاڵ ئەمانەشەوە چیرۆکەکانی لافونتین ، هانز کریستسان ئەندرسۆن، وچیرۆکە ئەفسوناوییەکانی لە رۆژهەڵات ورۆژئاوا ناوبانگیان دەرکردووە بۆ دەگێرامەوە وەکو سەندریللا و شاجوانی خەوتوو.کاتێ دەستم بەخوێندنەوە کرد، هەموو شتێکم چنك کەوتبا دەمخوێندەوە،ئەدەبی فارسی وئەوروپی، سەرەتا ئەدەبی روسی وفەرەنسی ودواتر ئەدەبی ئینگلیزی زۆر کاریگەریان تێکردم، لەو چرکە ساتەوە گەیشتمە راستییەك ئەویش ئەوەیە کە ئەدەب نیشتمانی نییە، لەم روانگەیەوە سەرم سوڕدەمێنێ لەو تومەتانەی بەرەو رووم دەکەنەوە کەتەنها لەسەر رۆمانە رۆژئاواییەکان دەنووسمەوە، لەکاتێکدا من لەسەر ئەو کتێبانە

دەنووسمـەوە کـە لەنـەواختنی ئەقلمدایـە . لـەویٚ کۆمەڵـە شـتێك هـەن گـەردوونین پەیوەست نین بە شوێنێکی دیاریکراو، بۆ نموونە کارە هونەرییـەکان ئینتیمایـان نیـە بـۆ ناسـنامەیەکی دیـاریکراو، سـەرەڕای ئـەوەی شۆناسـێکی باشمـان پێـدەدات لەسەر کەس وشـوێنە دیاریکراوەکـان، کـە دەکرێت پێکەوەبوونێك ونزیکبوونەوەیەکی باش درست کەین لەئاستە جیاوازەکانەوە، گرینگترینیان ئاستی گەردوونە.

*** لەکتێبەکەتدا باسی ڕووداوێك دەکەیت لە تاران ڕوویداوە، کاتیٚ لەزانکۆ وانـەت دەوتـەوە یـەکێك لەقوتابییـە توندڕەوە ئیسلامییەکانت ئاماژە بـە بیرکردنـەوەی ئیدوارد سەعید دەدا، بۆ پێت وابـوو ئـەو ئاماژەیە لە بەرژەوەندی ئیـدوارد نـەبوو؟ وەك ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و چـالاکوانێکی سیاسی نووسینەکانی ئیدوارد سەعید چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟**

ئازەر نفیسی: زەحمەتـە تـوانج لـە ئیـدوار سەعید بگیرێت ، لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتی زۆر لایـەن دەکـات، وخـاوەن پاشـخانێکی ڕۆشنبیری پتەو وکەسایەتییەکی کاریزمایی هەیە، پێدەچێت میوزیكٚ لەسـەرووی ئـەو شتانەیە کەبایەخی پێدەدا، وکاتیٚ باس لـە میوزیـك دەکـات درك بـەوە دەکـریٚ کـەچ لـەزەتێك وخۆشـییەکی پـیٚ دەبەخـشێت، خـــــەڵکێکی زۆر بـــــــەڕەنگاری را و بۆچـوونەکانی دەبنـەوە، مـن لـەوان نـیم، کێشەی من لەگەڵیدا تـەنها لەچوارچێوەی ئەدەب دایە. ئەوەی من کۆك نیم لەگەڵیدا ،ئیـدوارد کۆمـەڵێك ئیـشکالیاتی جـودا دەروژێنـیٚ سـەبارەت بـە خوێندنـەوەی بـۆ دەقـە ئەدەبییـەکان، پـاش ئـەوەی گـوێم لـــەئاماژە توندەکـــەی ئـــەو قوتابییـــە توندڕەوەم بووم، کتێبەکـەی ( ڕۆشـنبیری وئیمپریالییـــەت) ئیـــدواردم خوێنـــدەوە، گەیـشتمە ئـەوەی لەگـەڵ زۆرێـك لـە را وبۆچـوونەکانی ئیـدوارد هـاوڕا نـیم، لـە نووسـینەکانی ئیـدوارد کۆمـەڵیٚ رای دژ بەیەك بوونیـان هەیـە لـە تیۆرییەکانی،ئـەو لەلایـەك نووسـەرێکی ڕۆژئاواییە،تەنانـەت تیۆرییە ڕەخنەییەکانی دژ بە داگیرکـەر لـە بیرکردنـــــــەوە ڕۆژئاواییەکـــــــەی هەڵقولاٚوە،ولەلایـەکی دیکـە پێموانییـە لـە توانـادابیٚ کـاری هونـەری پەلکێـشی نێـو بەرژەنوەندییـە سیاسـییەکادا بکرێـت، زۆربەی ئەو نووسەرانەش کەباسیان لێوە دەکـات ڕەنگـە دواکـەوتووبن، بـەلاٚم وا هەسـت دەکـەم کـە هێـزی جـیٚ گـۆرکی ئـەدەب ئەوەیـە کـە ڕەئـەکانی خـودی نووسـەریش دەبـەزێنیٚ ئەمەیـە کـە لـە ئەندیشەی ئیدوارد سەعید دا بوونی نییە .

*** کتێبەکـەت ( خوێندنـەوەی لولیتـا لـەتاران ) لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٣ بلاٚوبۆتەوە لە ویلایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمیرکا، بیرت لەوە کردبـووە ئایـا چـۆن خوێنەران پێشوازی لێدەکەن لێرە ؟**







ئـازەر نفیـسی: مـن زۆر ڕەشـبینم بـە هـەر شتێك کەبەندە بە کـارە ئەدەبییـەکانم، وە پرسیارم لەخۆم دەکرد چۆن توانیم خانەی بلاٚوکردنـەوە رازیکـەم کـەوا ئـەم کتێبـەم بلاٚوکاتـــەوە، لەراســـتیدا گرێبەســـتەکەم لەســـاڵی ١٩٩٩ بـــەر لـــە ڕووداوەکـــانی سـیپتەمبەر واژووکـرد، بـەلاٚم بلاٚونـەبووە تاوەکو پـاش شـەڕی عێـراق ، بۆیـە تـەواو گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی کە کەس نابیٚ بیخوێنێتـــەوە ،بـــەلاٚم ئـــەوەی جێـــی سەرسـوورمانم بـوو پـاش بلاٚوبوونـەوەی ســـەرکەوتنێکی گـــەورەی بەدەســـتهێنا ئـەویش بـەهۆی سروشـتە ئەدەبییەکـەی ، زۆر دڵخۆشـم کـەوا لمـەو دوا کـاتیٚ تێکـەلی خـەلك دەبم چـیتر سـەبارەت بـە خـامنئی وخاتـەمی لـێم ناپرسـن ، بـەڵکو لەسـەر کتێبی لولیتا وبۆچوونەکانیان لەسەری لـێم دەپرســن، دیــاربوو لەســەر ڕۆخــساری ئەوانـەی کتێبەکـەیان خوێندۆتـەوە بایـەخ بەو جۆرە چیرۆکانە دەدەن کە لەو کتێبەم نووسـیومن، وئـەوان ئاگـاداری نین،چـونکە زۆربـەی چـیرۆکەکان ئـەوانی لـە ئێـران نووسومن لەسەر کەسانێکی ئاسایی بوونە، دەمویست ئاگاداری خەلك بکەمەوە لەسەر کـۆی ئـەو ڕووداوانـەی لـەئێران ڕوودەدات لەریگـەی چـیرۆکەوە، چـونکە سیـستەمی فاشــی خــەلکی لــە چــرۆکەکانی خــودی خۆشیان زەوتکردبوو ونەیدەهێشت باسـی لێوەبکـــەن، وپەرچـــدانەوەی ئـــەو سیـستەمەش بـەوە نییـە بـە گوللـە وئـاگر ڕووبـەڕووی بیتـەوە، یـاخود داوابکـەیت سیـستەم بگـۆردریٚ، بـەڵکو بەوەیـە کـە چـیرۆکەکەت بگێڕیتـەوە ، هەربویـە ئـەو سـەرکەوتنەی بەدەسـتهێنا کـە هـەرگیز چاوەڕوانم نەدەکرد !.

*** بەشـێوەیەکی گـشتی تـۆ رازیـت بـەو پێشوازییەی خەلك بۆ کتێبەکەت ؟**

ئازەر نفیسی: بەلیٚ بەدڵنیاییەوە، وزۆریـش دڵخۆشم بەوە، کتێبەکەم جێـی سەرسـامی خەلکێکی زۆر بوو، لەکۆبوونەوەیـەك بـووم لـە فیلادلفیـا وبـەئامادەبوونی ٤٠٠ کـەس وتم پێیـــــان لەمـــــەودوا لەهـــــەموو کۆبوونەوەیـەك دەڵـێم " ئـەی ئاشـقانی کتێب لـە جیهـان یـەکبگرن" ، راسـتییەك هەیـــە دەبـــیٚ بیـــزانین ئەوەیـــە بـــوونی دیموکراسـییەت لەئـەمیرکا بـەواتای ئـەوە نایا کە چاودیری نییە لەسەر کتێب وچاپـی کتێـب، دایـان رافیـتش کتێبێکـی نایـابی هەیە بەناونیشانی( زمانی پۆلیس)باس لەو چـاودێرییە دەکـات کـە گرۆپـە چـەپە

میانڕەوەکان وگرۆپە راستە میانڕەوەکان لەسەر کتێبە پەروەردەییەکانی قوتابخانە دەیکەن، بۆیە دەبینی زۆربەی رەفی کتێبخانەکان بەتەواوی خاڵی بوونەتەوە لە کتێب،ولەنێوانیان کتێبی هاری بۆتەر، وسەبارەت بە کتێبخانە گشتییەکان دەبینی رووبەڕووی داخستن دەبێتەوە بەهۆی نەمانی لایەنی دارایی وبەڕاستی ئەم کارەش دەبێ جێی گرینگی پێدانی هەر هەمووان بێ . لەبەر ئەوە کتێبێ ( خوێندنەوەی لۆلیتا لەتاران) م نەنووسییەوە تاوەکو بە ئەمریکان بڵێم سەیرەکەن چەندە ئێمە نەبوونین لەئێران! بەڵکو بۆ ئەوەی بەخەڵکی بڵێم بەدەر لە شوێنگە خەیاڵ زۆر گرینگە، وهیوادارم توانیبێتم شتێك پێشکەش بکەم خزمەت بە دۆزەکەم بکات .

* **پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

ئازەر نفیسی: دوو پرۆژەم لەبەر دەستدایە، یەکەمیان وەرگێرانی کتێبە رەخنەییەکەم لە سەر نابۆکۆف لەفارسییەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، ئەوەی راستە لە رێگەی کتێبەکەمەوە بۆم دەرکەوت کە خەڵکێکی زۆر گرینگی بە ئەدەبی نابۆکۆف ئەدەن، وە دەخوازم کتابەکەم وەرگێڕدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی، پرۆژەکەی دیکەم لەسەر دایکمە کە لەکاتی نووسینەوەم بۆ (خوێندنەوەی لۆلیتا لەتاران) مرد ، بەر لە جێهێشتنم بۆ ئێران پەیوەندییەکی قووڵم هەبوو لەگەڵیدا، وبەردەوام بیرم لە پرسیاری بزربوون دەکردەوە، لەو روانگەی کە دایکم دایکی مرد کاتێ تەمەنی چوار ساڵان بوو، ولەژیانیدا گۆمەڵێك لە ئازیزانی لەدەستچوو، ئەوانی کە خۆشیانی دەویست، ویستم کتێبێك بنووسمەوە لەسەر تێگەیشتنم بۆ چەمکی بزربوون ، وچۆن دەتوانم ئەو شتانەی بزرمکردوون یاخود لەدەستم چوون بەدەستیان بهێنمەوە لەرێگەی کرداری نووسین، دەمەوێ دووبارە دایکم بدۆزمەوە، وئەوەی ئەویش دۆڕاندی بیگەڕێنمەوە بۆی، وئەوەی منیش لە غیابی ئەو دۆڕاندم ولەدەستم چوو..

**تێبینی:**

**ئەم ئەنتەرڤیوە نرمین شیخ ئەنجامی داوە لەگەڵی لە گۆڤاری(** Asia Source **) بڵاوبۆتەوە** ..

## قەهار شێخانی:

# من پێم ئاساییە ، ئەگەر گروپی ئەدەبی جیاجیاش هەبێت



سازدانی دیمانە / سەنا جەباری



قەهار شێخانی زیاتر وەك تێکست نووس بەدیار کەوتووە ،ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە لە بواری تێکست نووسیندا ،زیاتر بوونی خۆی سەلماندووە ،ناوبرا لە رێگەیی بەرنامەیەکی ئەدەبی لە ڕادیۆی هەولێر خزمەتی بە زۆربەی لاوە شیعر نووسەکانی کردووە ،بۆیە ئێمە وەك تاکە گۆڤار دەمانەوێت هەر جارە و دەنگێگ لەو دەنگانە بەسەر بکەینەوە و دەنگییان هەڵبڕین ، کە بەراستی خزمەتی خۆیی و دەورو بەر و ئەدەبییان کردووە.

**★ چۆن دەستت بە خوێندنەوە و نووسین کرد؟**

هێندەی من تێگەیشتبم هاتنە نێو دنیای خوێندنەوە ئەوەندە ئاسان نییە.بەراستی بۆ خوێندنەوە جا لەهەربوارێك بێت،دەبێ بەرنامەی بۆ دابڕێژی ئەگەرنا بروناکەم خوێنەرێکی سەرکەوتووبی.من رەنگە لەدەستپێکدا بەرنامەیەکی وام نەبووبێ بۆ خویندنەوە ، بەلام دواتر بەپێی تێپەرینی کات و دانانی بەرنامە بۆ خویندنەوەی خۆم هەستم کرد ، رۆژ بە رۆژ خۆشەویستی کتێب لەلام گەورەتر دەبێت و ئاستی بیرکردنەوە و روانینی من بۆ ژیان جۆرێکی ترە.هەرچەندە ئەوکات کتێب وەك ئیستا ئەوەندە زۆر نەبوو،وە جگە لەخوێندنەوەی ئەوکتێبانە زۆرجار گفتوگۆش دروست دەبوو لەلایەن ئەو کەسانەی کە لەو ماوەیەدا ئەم کتێبەیان دەخۆێنددەوە.ئەو گفتوگۆیانەش تاموچێژێکی تریان دەدایە ناوەرۆکی کتێبەکە.

سەبارەت بەنووسینیش دوای چەند سالێك بەردەوامبوون لەخوێندنەوە.هەستم کرد بەهرەیەك،حەزێك،پاڵنەرێك هەیە لەناخی من بۆ نووسین.ئەوەبوو دەستم بەنووسینی شیعر و پەخشان کرد. دواتر دەتوانم بڵێم : شیعر زاڵ بوو بەسەر هەموو حەزەکانی ترم ، کەهەم بوو لەبواری نووسیندا. تا ئێستاش بەردەوامم لەشیعر نووسین.

**★ ئایا شاعیری جاویدانی چۆن سەفەر بە نێو دنیا بینینی خۆیدا دەکات ،تۆ چۆن بەو سەفەرەوە بێ وێستگەیە دا سەفەری خۆت دەکەی؟**

بەڕای من..سەفەری شاعیری جاویدانی نەك هەر دوا وێستگەی نییە،رەنگە هیچ ئاسۆیەکیشی نەبێ.بۆیە شاعیر هەمیشە لەگەڕانە بەدوای ئەو شتانەی کەخەڵکی ئاسایی درکی پێناکەن.پیرۆزی شاعیر لەوەدایە.شت لەنەبوونەوە دێنێتە بوون..شاعیر بەچاوێکی تر و بەدیدێکی تر دەڕوانێتە شتە جوان و ناجوانەکانی ژیان.بۆیە شاعیرەکان لەناو هەموو

میللەتێدا بەچاوێکی تر سەیر دەکرێن.من پێم وایە،ئەو میللەتانەی هۆشیارن و ئاست رۆشنبیری تاکەکانییان بەرزە زیاتر لەسەرکردەیەك رێز لەشاعیرەکانییان دەگرن.لەبەر ئەوەی شاعیری راستەقینە هەمیشە لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەی ئەژی و دەیەوێ لەچواچێوەی دەقێکەوە خەمی هەژارێك و خەمی ژنێك و خەمی عاشقێك بەرجەستە بکات .دەستپێکی سەفەری منیش بۆ ماڵی شیعر.لەئێواەیەکی درەنگ وەخت.بەدەم پیاسە کردنێك لەگەڵ تەنیایی و روانینی تیلەی چاوی شۆخێکی نازداری بێ بەزەیی و ئاهی مرۆڤێکی بێ دەرەتان و هەستکردن بەحەسرەتەکانی ژیان دەستی پێکرد.تا ئێستاش لەم سەفەرە بەردەوامم ،دەمەوێ لەم سەفەرەدا هیچ نەبێ ئۆخژەنێك ببەخشمە رۆحی شەکەتی خوێنەرانی شیعر و هیوایەك ببەخشمە رێبوارانی رێی ژیان.هێزێکیش بدەم بە لاشەی مرۆڤێکی پیر و کەنەفت.هیوادارم کەبتوانم.!!

**★ چۆن لە چەمکی عەشق دەروانی ،ئایا عەشق چۆن ڕەنگی داوەتەوە لە شیعری تۆدا؟**

ئەگەر بێت و باس لەچەمکی عەشق بکەیت لەنێو کۆمەلگای کوردیدا.دەبێ بگەرێینەوە بۆ داستانی مەم و زین و شیرین و فەرهاد و... هتد. کەچ عەشقێکی پاك و بێگەرد هەبووە لەرابردوودا، ئەوان بەچ رۆحیەتێکەوە ممارەسەی ئەو عەشقەیان کردووە ، ئامادەبوونە لەپێناو مەعشوقەکەیان رۆحی خۆشییان بکەنە قوربانی.بۆیە عەشق لەنێوان کچێك و کورێکدا ئەگەر لەسەر بنەمای پاکی و راستی دروست ببێ.ئەوە بەپیرۆزترین عەشق ناوزەد دەکرێ،ئێستاش لەنێو کۆمەلگای کوردیدا عەشقی راستەقینە بوونی هەیە، بەلام رەنگە زۆر کەم بێ!!زۆرجار لەبلأوکراوەکاندا شیعرێکت بەرچاو ئەکەوێ کەبۆ عەشق و خۆشەویستی نووسراوە ، بەلام وەك پێویست بنەماکانی شیعری تێدانییە.ئەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەبۆ عەشقێکی ناکامل نووسراوە..بۆیە دەڵێن: شاعیرەکان هەموو عاشقن ، بەلام عاشقەکان هەموو شاعیر نین.من شکستی تاکەکان لەعەشق بۆ ئەوە دەگێرمەوە کەعەشقەکەیان لەسەر گەیشتن بەچەندین مەرامی جۆراوجۆر لەپشت ئەوعەشقە بنیاد ناوە، بۆیە لەکۆتایدا شکست بەو عەشقە هاتووە،زۆر بەداخەوە هەندێکجاریش دابونەریتی کۆمەڵگا شکستی بەعەشقێکی پیرۆزی نێوان کچێك و کورێك هێناوە.من هەمیشە عاشقم،عاشق بەهەموو ئەوشتانەو ئەو کەسانەم کەژیانم لەلاجوانتر دەکەن.وادەکەن من بەدیدێکی ترلەژیان بڕوانم،من عاشقی جیهانێکم تژییە لەجوانی و ناسکی لێوانلێوە لەوشەی ئارامبەخشی رۆحی، بۆیە من لەوێداخۆم بەکەسێکی جیاوازتر لەوەی کەهەمە دێتە بەرچاو،ئەمەش رەنگە نهێنییەك بێ تەنها خۆم و خوێنەری شیعرەکانم هەست پێبکەین.

**★ئایا چۆن دەروانییە شەڕی فیکری نەوەی نوێ و نەوەی کۆن ؟**

دەبێ ئاورێك لەمێژووی شیعر ئەدەبیاتی کوردی بدەینەوە.لەم ئاوڕدانەوەیەدا، چەندین کەڵە شاعیرمان بەرچاو دەکەویت، ئێستاش خوێنەری خۆیان هەیەو بەچاوی رێزەوە سەیری بەرهەمەکانییان دەکرێ.ئەو بناغەیەی ئەوان دایاننا.ئێمە دەبێ تەواوکەری ئەوان بین.بەلام هەریەکەو بەسەردەمی خۆی.وەرەنگە ئیمەش بتوانین لەم سەردەمەدا ئیزافەی ئەوانیش بکەین.من هیج کاتێك لەگەڵ ئەوەدانیم نەوەی پێش ئێمە ئەوەی پێیان بوو بەخشیبێتییان.چونکە لەنێو دنیای شیعردا تەمەن پێوەرنییە بۆ داهێنان.وەلەهەمان کاتیشدا نەوەی پێش ئێمە بیانەوێ و نەیانەوێ دەبێ دان بەنەوەی دوای خۆیان دابنێن.شتێك هەیە حەزدەکەم بیڵێم: بروابکە هەرشاعیرێك ، هەرنووسەرێك، هەرهونەرمەندێك لەهەرتەمەنێکدا بێت.ئەگەر بەرهەمێکی باشی پێشکەش کرد و رۆحیەتێکی داهێنانی تێدابوو.ئەوە کەس ناتوانێ نکۆڵی لەداهێنانەکەی بکات.سەبارەت بەئەدەبی ناوچەگەریشەوە.لەبەر ئەوەی پێکهاتەی کۆمەلگای کوردی لەناوچەی جیاجیا و دیالێکتی جیاجیا پێکهاتووە من پێم ئاسایەئە گەر گروپی ئەدەبی جیاجیاش هەبێت ،هەشبووە لەرابردوودا.بەلام بادروستبوونی ئەم گروپانە لەسەر بنەمای خزمەتکردن بەبوارەکەبێت و ئامانجی سەرەکییان بەرەو پێشبردنی ئەدەبی میللەتێك بێت ، نەك شتی تر لەپشت دروستبوونی ئەم گروپانەوە هەبێت.

**★ئایا گرفتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە بۆچوونی تۆ چییە؟پێت وایە ڕەخنە گری جددی و باشمان هەبێت؟**

سەبارەت بەگرفتی رەخنەی ئەدەبی کوردی.هەرچەندە من رەخنەگرنیم،بەلام بەپێی ئەزموونی خوێندنەوەی خۆم.پێم وایە رەخنە نووسینی دەقێکە لەنێو دەقێکی تردا.ئەگەر بێت و باس لەرەخنە بکەین.رەخنە لەیەك کاتدا بەئاگایی و بێ

ئاگایی نێوان دوو نووسەرمان بۆ دەردەخا ئەرکی رەخنە ئەوەیە دەست نیشانی کەم و کوڕیەکانی دەقێك بکات ، کەخاوەنەکەی هەستی پێنەکردووە.دەبێ رەخنەگر بەخوێندنەوەیەکی بەدەر لەخەیاڵ و پشت ئەستوور بەئاستی رۆشنبیریەکی بەرزی رەخنەگرانەوە دەقیك بخاتە بەر رەحمەتی رەخنە.دەکرێ ئەمەش داهێنانێك بێ لەسەر دەقێکی تر.نەك هەر تەنیا بەدواداچوون و لێکۆلینەوەیەکی سەرپێیانە بیت.جارجارە لەگۆڤار و بلاوکراوە ئەدەبیەکاندا رەخنەی ئەدەبیمان بەرچاو دەکەویت ، بەلام هێشتا رەخنەو رەخنەگران وەك پێویست ناکەونە بەرچاو.گەر هەشبن ئەوە رەنگە لەپەنجەکانی دەست تێپەر نەبن.هیوادارم کەرەخنەگرانمان هێندەی هەنە بەچاوی رەخنە وەك خۆی لەبەرهەمەکان بڕوانن.

**★ڕایەك هەیە کە گوایە لەدوای نەوەتەکانەوە شاعیری جاویدانیمان نییە،کە شیعرەکانییان لە ئاسمانی فانتازیایەکی پڕ ئیستا تیکادا بخولێنەوە ،ئایا تۆ چۆن لەمە دەروانی؟**

من دەمەوێ جارێ لێرەدا باس لەشیعری دوای نەوەتەکان بکەم نەك لەشاعیرەکان..ئێمە کاتێك روو لەنووسینی شیعر دەکەین، پرسیار دەکەین شیعر چییە؟ ئەوە هەریەکەمان دنیایەك دەستەواژەو مانا بۆ شیعر دەبینینەوە.بەلام ئێمە دەتوانین شیعر لەو خاڵەدا بدۆزینەوە کەبۆی دەچین نەك شیعر لەنێو چوارچیوەیەکی دیاریکراو دابنێین.من هیچ چوار چێوەو هێچ سنوورێك لەبەردەم شیعردا نابینم کەنەتوانێ بپەڕێتەوە بۆ ئەو دیوی سنوورەکانی خەیاڵ! شیعر ئەمرۆ بریتییە لەودنیا جوانەی کەتاموچێژی رۆحی دەبەخشێتە خوێنەرەکانی شییعری ئەمرۆ ئاشکراکردنی ئەو شتانەیە کەزەمەنێکە لەنێوان مرۆڤ و واقیعدا بەنهێنی ماوەتەوە. بەمانایەکی تر شیعر خۆی لەو هێزە لەبن نەهاتووەدا دەبینێتەوە.کەمرۆڤ هیچ کاتێك درکی پێنەکردووە! بۆیە زمانی شیعری ئەمرۆ زۆر جیاوازە لەگەڵ زمانی شیعری سەردەمەکانی تر،چونکە شیعری ئەمرۆ زیاتر کار لەسەر زمان و خەیاڵ و بەواقیعبوونی ژیان دەکات.بەرای من شیعر لەم سەردەمەدا لەوپەری فەنتازیاو ئیستاتیکادا گوزەر دەکات.پێم سەیرە هەندێك کەس دەڵێن: شیعری نەوەی تازە تام و بۆی داهێنانییان تێدا نییە.

**★ئایا شاعیرە گەنجەکان چی بکەن باشە ، بۆئەوەی زیاتر لەوەی هەن بوونی خۆیان بسەلمێنن ،ئایا هۆکارەکان و**







**پاڵنەرەکانی سەرکەوتن چین؟**

شیعر نووسین لەسەرەتا بەهرەیە.بەلام بەهرە بەس نییە بۆ ئەوەی ببی بەشاعیرێکی باش ،بەڵکو دەبێ هەوڵ بدەی خۆت پێبگەیەنی.ئەم خۆپێگەیاندنەش شەونخوونی و هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆری دەوێت.چونکە دەبێ بەردەوام بەئاگابی لەو گۆرانکارییە خێرایانەی بەسەر ئەدەبی گەلان و ئەدەبی میللەتەکەت دادێ ،خوێندنەوەیەکی چروپڕی بەردەوام و تەندروست.ئەوکاتەی خۆت پڕکرد لەچەکی خوێندنەوە.دەتوانی بێیتە نێو مەیدانی شیعر نووسین،بەلام بەداخەوە بەشێك لەو گەنجانەی ئەمرۆ دەستییان داوەتە نووسینی شیعر خوێندنەوەیان زۆر کەمە، بگرە هەندێکییان هەرناش خوێننەوە، بۆیە کرچ و کاڵی و لێکچوونێکی زۆر لەبەرهەمەکانییان بەدی دەکرێ ،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ئەوان تەنها بەهرەکەیان هەیە ،بەهرەش بێ خوێندنەوە هیچ سوودی نییە، فێربوونی زمانێکی تر جگە لەزمانی دایك، ئەمەش فاکتەرێکی باشە بۆ زیاتر پەرەدان بەدنیای شاعیرییەتیت.

دیاری بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گزنگ

**ژوانی مانگ**

**مانگی ئاسمان**

**لەجوانیدا لەتۆ دەچێ**

**بۆیە منیش لەمانگێکدا**

**پانزە شەوان تا بەیانی**

**هەربێدارم و ناخەوم!**

**چونکە گوڵم بەیادی تۆ**

**من لەژووانی مانگە شەوم .**

# کار و چالاکییەکانی

# لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

**ئا: بەڕێوەبەری نووسین**

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا پێنج کتێبی ئەدەبی هەمەجۆری تری چاپ وبلاو کردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:

* لە ژێر زنجیرەی (١٥٦) کتێبی (دڵی داگیرساوی دانکۆ) کۆمەڵە چیرۆك لەوەرگێڕانی (ئەحمەد عارف) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٥٧) کتێبی (شۆراوی گۆڕەکان) کورتە چیرۆك لەن نووسینی (هیدایەن محەمەد) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٥٨) کتێبی (کۆچباری گزنگ) کۆمەڵێ شیعری شاعیر (ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٥٩) کتێبی ( بالوولی داناو قەرەقووش) کۆمەڵێ بەسەرهات وپەندی بالوولی داناو قەرەقووشە لە




















نووسینی نووسەری کۆچکردوو (عەبدوڵلا عەبدولڕەحمان زەنگنە)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٦٠) کتێبی (هونەرستان) کۆمەڵە خوێندنەوەیەکی هونەرییە لەنووسینی (ئازاد گەرمیانی) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...